دامەزرانی كۆماری كوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێكی دێموكراتیكی فیدراڵدا

# كوردستان

ژمارە: ٥٠٢

www. kurdistanukurd.com

دوو شەممە ٣٠ی بەفرانبار ١٣٨٧ ـ ١٩ی ژانویەی ٢٠٠٩ـ ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموكراتی كوردستان


سیاسی



ئاوڕدانەوەیەك لە بەشێك لە پیلانەكانی ڕێژیمی ئیسلامی لە كرماشان

سیاسی



١٩ ی بەفرانبار ساڵرۆژی وەسەریەككەوتنەی. ...

كوردستانی



دوا گۆڕانكارییـــــە گۆڕەپـــانی سیاســـی توركیە و.....

كۆمەڵایەتی



ڕاگەیاندنی گشتی ( ماس مێدیا )ی كوردی و كێشەی یەكسانی

# كۆماری كوردستان ڕێنیشاندەری خەباتی شوناسخوازانەمانە

## كۆماری كوردستان مەشخەڵێكی هەمیشە بەگڕ بۆ شوناسخوازی

عەولا بەهرامی

لە ٢ی ڕێبەندانی ٦٣ ساڵ لەمەوبەردا كورد لە بەشێكی هەرچەند بچووك لە نیشتمانە دابەش و داگیركراوەكەیدا توانی بە سوود وەرگرتن لە هاوكێشە ناوچەییەكان و بە پشت بەستن بە ویستی شوناسخوازانەی خۆی، دەسەڵاتێكی نەتەوەیی لە چوارچێوەیەكی مودێڕن و كۆماریدا دامەزرێنێ. دەسەڵاتێكی نەتەوەیی كە لە زۆر بارەوە لەگەڵ دەسەڵاتە كوردییە پچڕپچڕەكانی مێژووی كورددا جیاوازییەكی زۆر زەق و بەرچاوی هەیە.

كۆماری كوردستان (سەرەڕای هەموو دەسكەوتە سیاسی و فەرهەنگییەكان و لاوازییەكانی) بەو پێیە كە هەڵگری پەیام و خودانی جەوهەرێكی نەتەوەیی و شوناسیخوازانە، بە واتا مودێرنەكەی بوو، لەگەڵ ئەوەدا كە هەر زوو كۆتایی بە تەمەنی هات و ٦٣ ساڵ بەسەر دامەزرانی دا تێپەڕیوە، ئێستاكەش وەك چرایەكی ڕێنوێن و ڕێپێشاندەرو وەك ڕچەیەك بۆ خەباتی شوناسخوازانە (بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان) لە بیرو زەینی تاكی كورددا جێی گرتوە. بە چەشنێك كە ئەمڕۆكە خوێندنەوەی مێژووی ئەم دەسەڵاتە هاوچەرخە كوردییە و یادكردنەوەی ڕۆژی دامەزرانی تا دێ گرنگیی زیاتر پەیدا دەكاو تاكی كورد لەگەڵ خولیای دەسەڵاتی نەتەوەیی و شوناسی ونبوو و نكۆڵیلێكراوی لێك گرێ دەداتەوە.

دیارە ئەو تایبەتمەندییەی كۆماری كوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم بنەما فكرییە پتەو و نەتەوەییانەی دامەزرێنەرانی كۆمارو لە سەرووشیانەوە پێشەوا قازی محەممەد هەیانبوو و كردیانە بناخەیەك بۆ دەسەڵاتێكی هاوچەرخ و مۆدێرنی نەتەوەیی. ئەم بنەما فكرییانەش بە تایبەتی لە چەند كاری گرنگی وەك هەڵكردنی ئاڵا، دانانی سروودی نەتەوەیی، بە فەرمی كردنی زمانی كوردی، دروست كردنی سوپای نیشتمانی، بووژاندنەوەی فەرهەنگ و وێژەی كوردی، هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی ئەو بەشانە لە خاكی كوردستان كە لە ژێر دەسەڵاتی كۆماردا نەبوون و... ڕەنگی دابۆوە. بۆیە دەكرێ بڵێین یەكەم: دامەزرانی كۆمار هەوڵێكی جیدی بوو بۆ دەرباز كردنی شوناس، جوگرافیا، فەرهەنگی كوردی لەو مەترسییە گەورەو جۆراجۆرانەی بە سەدان ساڵ بوو لە گەڵیان بەرەو روو بوون. دووەم: دامەزرانی كۆماری كوردستان لە روانگەی تیئورە نوێیەكانی ناسیونالیزمیشەوە هەنگاوێكی گەورە بوو لە پرۆسەی بە نەتەوە بوونی كورد دا.

سەرجەم ئەم تایبەتمەندیانەی لە بارەی كۆماری كوردستانەوە باسیان لێوە كرا بوونەتە هۆی ئەوە ئەم دەسەڵاتە نەتەوەییە كورت ماوەیە جێگەو پێگەیەكی تایبەتی لە مێژووی هاوچەرخی كوردستان دا هەبێ تا ئەو رادەیە كە سەركۆماری كوردستان پێشەوا قازی وەك ڕێبەری سەربەخۆی چاوی لێ بكرێ و ڕێبازی نەتەوەیی و شوناسخوازانەی كۆماریش وەك ڕێبازی خەبات بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی نەتەوەیی كورد چاوی لێ بكرێ.



لە بەرەبەری ٢ی ڕێبەندان یادی ٦٣ ساڵەی دامەزراندنی كۆماری كوردستان داین. ٦٣ ساڵ لەمەوبەر ڕێبەران و بژاردەكانی كۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی كوردستان كە پێشتر لە ریزەكانی كۆمەڵەی ژ . ك و دواتر لە ریزەكانی یەكەم حیزبی مودێرنی كوردی (حیزبی دێموكراتی كوردستان)دا تێكۆشانیان هەبوو بە كەڵك وەرگرتن لەو هەلە مێژووییەی لە جەنگەی شەڕی دووەمی جیهانی لە ناوچەدا رەخسا بوو، بە دامەزراندنی دەسەڵاتێكی نەتەوەیی خەونێكی گەورەی نەتەوەكەیان هێنایە دی. كۆماری كوردستان وەك دەسەڵاتێكی تەواو نەتەوەیی كە تەعبیری لە ویستی شوناسخوازانە و ئیرادەی نەتەوەیی رۆڵەكانی نەتەوەی كورد دەكرد.

لە یادی دامەزرانی كۆماری كوردستان دا وێڕای پیرۆزبایی لە هەموو رۆڵەكانی نەتەوەی كورد و بە تایبەت تێكۆشەران و خەباتكارانی نێو بزووتنەوەی كورد لە هەموو بەشەكانی كوردستان، ئاواتەخوازین هەرچی زووتر داری خەبات و قوربانیدانی رۆڵەكانی نەتەوەكەمان بێتە بەر و نەتەوەكەمان لە ژێر ئالا و دەسەڵاتێكی نەتەوەیی دا بحەسێتەوە.

**كارگێڕان و دەستەی نووسەرانی "كوردستان"**

## سنە : لە ڕێوڕەسمێكی تایبەت دا یادی یەكەمین ساڵوەگەڕی شەهیدكرانی ئیبراهیم لوتفوڵڵاهی كرایەوە



لە یەكەمین ساڵوەگەڕی شەهید كرانی ئیبراهیم لوتفوڵڵاهی دا ڕێوڕەسمێكی بەشكۆ لە سەر گڵكۆی ناوبراو لە شاری سنە بەڕێوەچوو.

هەواڵنێرمان لە شاری سنەوە پێی راگەیاندین كە كاتژمێر ٣:٣٠ی سەر لە ئێوارەی ڕێكەوتی ٢٦ ی بەفرانبار بە بۆنەی یەكەمین ساڵوەگەڕی شەهید كرانی خوێندكاری كورد، ئیبراهیم لوتفوڵڵاهی، لە گۆڕستانی بەهەشتی محەممەدی، ڕێوڕەسمێكی بەشكۆ بە بەشداریی سەدان كەس لە خوێندكاران، چالاكانی مافی مرۆڤ و مەدەنی كورد بەڕێوەچوو.

لە ڕێوڕەسمەكەدا چالاكی خوێندكاریی كورد جەواد عەلیزادە كە لە تارانەوە هاتبوو، وتارێكی پێشكەش بە ئامادەبووان كرد. عەلیزادە لە پێوەندی لەگەڵ رەوشی مافی مرۆڤ لە كوردستان قسەی كرد و بە توندی رەخنەی لە پێشلكرانی بەربڵاوی مافەكانی مرۆڤی كورد لە لایەن كۆماری ئیسلامییەوە گرت.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەكەدا خاتوو سروور لوتفوڵڵاهی، خوشكی شەهید ئیبرایم لوتفوڵڵاهی شێعرێكی هەست بزوێنی لە پێوەندی لەگەڵ شەهید كرانی براكەی بۆ ئامادەبووان خوێندەوە.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەكەدا هێزە ئەمنییەتی و سەركوتكەرەكانی ڕێژیم هێرشیان كردە سەر ئامادەبوان و بۆ بڵاوەپێكردن بە شێوەیەكی دڕندانە بە باتۆم و كەرەستەی دیكە هێرشیان كردە سەر ئامادەبووان.

هێزەكانی ڕێژیم لە رەوتی سەركووتی ئامادەبووان توانیان جەواد عەلیزادە قۆڵبەست بكەن و بە لێدان و سووكایەتی پێكردن بەرەو گرتووخانەی ئیتلاعاتی شاری سنە راپێچی بكەن.

## سەدان كەس لە خەڵكی كرماشان قۆڵبەست كران




لە درێژەی خۆپێشاندانێكی بەربڵاودا، سەدان كەس لە خەڵكی شاری كرماشان لەلایەن هێزە سەركوتكەرەكانەوە قۆڵبەست كران.

ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێكەوتی ٢٦ی بەفرانبار كۆمەڵێكی بەرچاو لە هاونیشتمانانی خەڵكی كرماشان ڕژانە شەقامەكان و بە بەرز كردنەوەی دروشمی "ئێمە هەین" لە مەیدانی شارەداریی پێشووەوە تا مەیدانی موسەدق درێژەیان بەم حەرەكەتە ئێعترازییەی خۆیان دا.

لە بەرانبەردا هێزە سەركوتكەرەكانی ڕێژیم وێڕای گەمارۆدانی خۆپێشاندەران هەوڵیان دا بڵاوە بە خۆپیشامدەران بكەن و لە ئاكامی دا بە سەدان كەس لە خۆپێشاندەران لە لایەن هێزەكانی ڕێژیمەوە قۆڵبەست و رەوانەی گرتووخانەكان كران.

جێی وەبیرهێنانەوەیە كە لە شەممەی حەوتووی رابردووە بە بیانووی هاتنی ئەحمەدی نژاد، هێزە سەركوتكەرەكانی ڕێژیم بە تەواوی شاری كرماشانیان خستبووە ژێر كۆنترۆڵ و چاودەێری خۆیان، تەنانەت لە شاری تارانەوە هێزی تایبەتیان بۆ هێنابوو. سەرەڕای رەچاو كردنی زۆر ڕێوشوێنی ئەمنیەتی دیسانیش خەڵكی شاری كرماشان لە كاتی هاتنی ئەحمەدی نژاد دا بۆ شاری كرماشان بە بەرز كردنەوەی دروشمی "ئێمە هەین" بە دوژمنانی گەلی كوردیان سەلماند كە زیندوون و هەر دەمێنن.

## تێکۆشەرانی دیمۆکرات لە نێوخۆی وڵات بە چالاکی تەبلیغی پێشوازی ٢ی ڕێبەندان دەکەن




**تیکۆشەرانی سەر بە ڕێکخستنی نهێنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کارو تیکۆشانی تەبلیغی یادی ٦٣هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانیان بەرز ڕاگرت.**

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی نهێنی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێی ڕاگەیاندین کە تێکۆشەرانی حیزب لە شاری بانە بە مەبەستی ڕێزگرتن لە یادی ٦٣ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، شەوی ٢٧ی بەفرانبار بە بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەو تراکتی حیزبی و هەروەها وێنەو پۆستێری تایبەت بە دامەزرانی کۆماری کوردستان کارو چالاکیی تەبلیغیان بەڕێوەبرد.

ئەو شوێن و گەڕەکانەی کە تیکۆشەرانی دێموکرات لە شاری بانە کارو چالاکیی تەبلیغیان تێدا بەڕێوە بردوە بریتین لە: دەوروبەری گاراجی چۆمان، مزگەوتی خدری، هونەرستان، گەڕەکەکانی دەوروبەری بیمارستان، ئیدارەی بێهزیستی، ئازادەگان، بانەکۆن و گوڵ شەهر.

هەر لەم پێوەندییەدا ئاگادار کراین کە ئەندامانی هەڵسووڕی حیزب لە شاری مهاباد بۆ پێشوازی لە ٢ی ڕێبەندان ئێوارەی ٢٧ی بەفرانبار ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان لە سەر تەپەی خەزایی هەڵکردو خۆشی و شادییان خستە دڵی خەڵکی نیشتمانپەروەری مهابادو ئاواییەکانی دەوروبەری.

هەروەها تیکۆشەرانی سەر بە ڕێکخستنی نهێنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەدان بڵاوکراوەو تراکتی حیزبی و وێنەی ڕێبەرانی شەهیدیان لە ئاواییەکانی کانی بوداغی سەر بە شاری نەغەدە بڵاو کردەوەو بەم جۆرە پێشوازییان لە ٦٣هەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان کرد.

## تەنیا بەسیجی و بەکرێگیراوانی ڕێژیم دەتوانن لە سنوورەکان دا کار بکەن

**بە پێی سیاسەتی تازەی ڕێژیم بۆ پەرەپێدان بە دیاردەی بەسیجی و جاشێتی، تەنیا جاش و بەسیجییەکان بۆیان هەیە لە سەر سنوورەکان کار بکەن و بارەکانیان ئاودیوی ئێران بکەن.**

بە پێی ئەو زانیارییانەی کە هەواڵنێرمان لە مەریوانەوە پێی ڕاگەیاندوین، شەوی ٢٦ی بەفرانبار هێزەکانی ئینتزامی، ئیتلاعاتی سپاو بەسیج دەچنە ئاواییەکانی دەرەوەران، نەچی، قولقوڵە، ساوجی، میراوا، مێرگە درێژ، کیکن، خاو و چەندین ئاوایی دیکەی ناوچەی مەریوان و بە خەڵکیان ڕاگەیاندوە کە تەنیا ئەو کەسانە بۆیان هەیە لە سنوورەکان کار بکەن کە کارتی بەسیجیان هەبێ و هاوکاریی ڕێژیم بکەن.

ئەو هێزانەی ڕێژیم هەروەها بە خەڵکیان ڕاگەیاندوە کە ئەگەر دەیانەوێ لە کارکردن لە سنوورەکان بەردەوام بن و ئازادانە هاتووچۆ بکەن، ئەوا دەتوانن خۆیان لە بەسیج ناونووس بکەن. جیا لەوە هەر کەسێك بە قاچاغ لە سنوورەکان بپەڕێتەوە، ئەوە خۆی لە گیانی خۆی بەرپرسیارە.

هەر لەم پێوەندییەدا هەواڵمان پێ گەیشتووە کە پاش ئەوەی کە سنوورەکان بە تەواوی لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە کۆنترۆڵ کراون و کاسبکاران ڕێگەی کارکردنیان لێ گیراوە، دوو بەکرێگیراو بە ناوەکانی "ت.ك" و "ش. خ " خەڵکی سەردۆشی شاری مەریوان لە بەرامبەر ئەوەدا کە هاوکاری ڕێژیم بکەن، ڕێژیم ئیجازەی پێداون کە تەنیا ئەو دوو کەسە بۆیان هەیە بارەکانیان لەو سنوورە، بپەڕیننەوە.

لە لایەکی دیکەوە ڕۆژی پێنج شەممە ٢٦ی سەرماوەز لە ناوچەی ئالانی سەردەشت هێزەکانی ڕێژیم هێرشیان کردۆتە سەر بازارچەی "دەشتی خانێ" و تەقەیان لە ماشێنی کاسبکاران کردووەو کەسێکیان بەناوی "شێرکۆ" خەڵکی گوندی "نەڵاس" بە توندی بریندار کردووەو زەرەرو زیانێکی زۆر بەر کاسبکاران کەوتوە. چەندین ماشێنی کاسبکاران سووتێنراون و لە کار کەوتن. هەروەها لە بانەوە هەواڵمان پێگەیشتوە کە لە نێوان "کێلە"و"نەنۆری" ناوچەی بابۆسی بانە دەستەیەك کاروانچی دەکەونە کەمینی هێزەکانی ڕێژیمەوەو لە ئاکام دا ٤ سەر وڵاغی کاسبکاران بە تەقەی ئەو هێزانە دەکوژرێن.

## سمینارێکی زانستی لە ساڵوەگەڕی کارەساتی هەڵەبجەدا لە زانکۆی ئیسفەهان بەڕێوە دەچێ

**بە دەستپێشخەری خوێندکارانی کوردی زانکۆی ئیسفەهان وا بڕیارە ڕۆژی ١٤ی ڕەشەمەی ئەمساڵ بە بۆنەی ساڵوەگەڕی کارەساتی هەڵەبجە، سمینارێکی زانستی لە هۆڵی "سەدر"ی ئەم زانکۆیە بەڕێوەبچێ.**



لەم پێوەندییەدا لێژنەی ڕێکخەری خوێندکارانی کوردی زانکۆی ئیسفەهان لە بانگەوازێك دا کە نوسخەیەکی وەدەست "کوردستان" کەوتووە، داوایان لە تێکڕای خاوەنڕایان، مامۆستایانی زانکۆ، لێکۆڵەران، دڵسۆزان و چالاکوانانی ئەم بوارە کردووە کە بە ناردنی وتارو توێژینەوەکانی خۆیان یارمەتی بە هەرچی دەوڵەمەندتر بەڕێوەچوونی سمینارەکە بکەن.

لێژنەی ڕێکخەری خوێندکارانی کوردی زانکۆی ئیسفەهان لە بانگەوازێك دا ڕێکەوتی ٣٠ی ڕێبەندانیان وەك کۆتایی مۆڵەتی ناردنی بابەتەکان بۆئەم سمینارە دیاری کردوەو داوای لە نووسەرانی بابەتەکان کردووە کە بابەتەکانیان لە سەر چەند تەوەرگەلێکی وەك رامیاری، نەزەری، مافناسانە، فەرهەنگی و ئەدەبی، کارەساتی دڵتەزێنی هەڵەبجە هەڵسەنگێنن و تاوتوێ بکەن.

## به هۆی فشاری ئیتلاعاتەوە چالاکێکی مەدەنی کورد وڵاتی جێ هێشت



داوود ئازادفەڕ ڕۆژنامەوان و چالاکی مەدەنی دانیشتووی

شاری مهاباد بە هۆی فشاری هێزە ئەمنییەتیی و ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیم بە ناچاری وڵاتی جێ هێشت.

داوود ئازادفەڕ کە بە تۆمەتی شێواندنی ڕای گشتی و بڵاوکردنەوەی زانیاری درۆ لە سەر بەرپرسانی ڕێژیم ڕۆژی ١ی بەفرانباری ئەمساڵ لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی شاری مهابادەوە دەسبەسەر کرا، پاش ئازادکردنی بە بارمتە لە ڕۆژی ٢٥ی بەفرانبار، هەروەها لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە هەڕەشەی لێ کرا. ناوبراو لە پێوەندییەکدا بە "کوردستان"ی ڕاگەیاند کە بەرپرسانی ئیدارەی ئیتلاعات و هەروەها شارەوانی مهاباد کە بۆ خۆی کەسێکی ئەمنیەتییە هەڕەشەیان لێ کردووە کە ئەگەر بێتوو نووسینەکانی خۆی کە لە وێبلاگە تایبەتییەکەیدا لە سەر گەندەڵی شارەدارو ئەندامانی شوڕای شار بڵاوی کردوونەتەوە، بە درۆ نەخاتەوە، ئەوا تۆمەتی گەورەتری بۆ هەڵدەبەستن و سزای قورسی بەسەردا دەسەپێنن.

ئازادفەڕ هەروەها ڕایگەیاند کە لەو ماوەیەدا ٦ جار لە لایەن دادگای شۆڕشەوە دادگایی کراوە، بەڵام هێشتا حوکم نەدراوە.

شایانی باسە ئەو چالاکە کوردە ڕۆژی ٢٨ی بەفرانبار وڵاتی جێ هێشت و ئێستا لە باشووری کوردستان نیشتەجێیە.

## تووتنچی بۆ بەندی تووشبووان بە مادە سڕکەرەکان گوازرایەوە



**دوای دوو مانگ لە دەسبەسەر کردنی چالاکی سیاسیی کورد، بەهمەن تووتنچی لە بەندی ١ی زیندانی ناوەندیی شاری سنەوە گواسترایەوە بۆ بەندی تووشبووان بە مادە سڕکەرەکان.**

سەرچاوەیەکی نزیك لە بنەماڵەی ئەم چالاکوانە کوردە ڕایگەیاند تووتوونچی پاش ئەوە کە زیندانی ئیتلاعاتی مهاباد دەیگەڕیننەوە بۆ زیندانی ناوەندی شاری سنە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە بەندی یەکی زیندانی سنەشەوە گواستراوەتەوە بۆ بەندی چواری ئەم زیندانە.

سەرچاوەکە لە درێژەی وەتەکانیدا ئاماژەی بەوە کردوە کە بەندی چواری بەندیخانەی ناوەندی سنە، بەندی تووشبووان بە مادە سڕکەرەکان و قاچاخچی و ئەو بەندییانەیە کە گیرۆدەی نەخۆشی ئایدزن و وتی: بەهمەن تووتنچی تووشی نەخۆشی بووە و تەندروستی لە مەترسیدایە.

هەروەها سەبارەت بە ڕاپەڕاندنی کاروباری دۆسیەی تووتنچی سەرچاوەکە ئاشکرای کردوە دۆسیەی ناوبراو تەواو بووە و لە لایەن ئیتلاعاتەوە ڕەوانەی دادگای ئینقلابی شاری سنە کراوە. بەڵام دادوەری دۆسیەکەی تا ئێستا بۆ چەندجار بڕیاری دادگایی کردنی ناوبراوی دواخستووە و دۆسیەکەیان بە بێ هیچ هۆیەك ڕاگرتووە و نەیانهێشتووە پارێزەریشی بۆ بگرن.

بە پێی ئەم هەواڵە بنەماڵە و کەسوکاری ناوبراو لە ماوەی ڕابردوودا تا ئێستا بۆ چەند جار هەوڵیان داوە کە چاویان بە کوڕەکەیان بکەوێ بەڵام لە لایەن ئیتلاعاتی پارێزگای سنەو دادوەری دۆسیەکەیەوە ئیزنیان پێ نەدراوە.

تووتنچی کە زیاتر لە دوو مانگە دەسبەسەر کراوە، پێشتر ئەندامی دەستەی نووسەرانی هەفتەنامەی داخراوی کەرەفتوو بووە.

بریتانیا:

# بەڕێوەچوونی سمینارێك بە بۆنەی ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان





رۆژی ١٧ی ژانویەی ٢٠٠٩ لە لەندەن پێتەختی بەریتانیا بە ئامادەیی ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتووی ئەم وڵاتە، سمینارێك بۆ هاشمی کەریمی تێکۆشەری دێرین و دکتۆر سەعید شەمس شارەزاو تێکۆشەری سیاسی، سەبارەت بە کۆماری کوردستان پێك هات.

لە سەرەتای ئەم سمینارەد،ا کە بۆ باسکردن لە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی کۆماری کوردستان، لە لایەن کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بریتانیا پێك هاتبوو، وێڕای خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب"و ساتێك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە یادی شەهیدانی کوردو کوردستان، پەیامی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە لایەن محەممەد میراوەیی، بەرپرسی کۆمیتەی بریتانیاوە خوێندرایەوە.

لە بەشێکی دیکەدا رزگار قادرزادە وێڕای پیرۆزبایی ٢ی رێبەندان بەرنامەی کاری سمیناری خستە روو. پاشان کاك هاشم کەریمی، تێکۆشەری ناسراوی رۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ بەشدارانی سمینار دوا.

هاشم کەریمی سەرەڕای باس لە پیرۆزیی ٢ی رێبەندان، بیرەوەرییەکانی خۆی بەشێك بوون لە مێژووی کورد دوای کۆماری کوردستان و چەند بیرەوەرییەکی دەورانی منداڵیی خۆی لە سەردەمی کۆماری کوردستانداو، بە تایبەت چۆنیەتیی رووداوی شەهیدبوونی یەکێك لە فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگەی کۆمار، شەهید محەممەد نانەوازادەی بۆ بەشداربووان گێڕایەوە.

بە دوای ئەودا دکتۆر سەعید شەمس باسێکی زانستی و مێژوویی لە سەر کۆماری کوردستان پێشکەش کرد. ناوبراو لە باسەکەیدا لە رووی زانستییەوە مێژووی کۆماری هەڵ سەنگاند و سەرەتا گەڕایەوە بۆ مێژووی ئورووپاو لە دوو بواری مێژووی کۆن و مێژووکاریی زانستییەوە باسەکەی پێشکەش کرد.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، دکتۆر شەمس ئاوڕی لە مێژووی کۆماری کوردستان دایەوە و هێندێك لایەنی ئەو رووداوە مێژووییەی خستە بەر باس و لە رووی زانستییەوە هەڵی سەنگاندن و زیاتر سەرنجی دایە نەتەوەیی بوونی کۆماری کوردستان و بە ئاوڕدانەوە لە ئەدەبیاتی سەردەمی کۆماری کوردستان.

لە بەشێکی دیکەی باسەکەدا دکتۆر شەمس باسی لە یەکیەتیی نەتەوەیی کوردان کردو، ئاماژەی بەوە کرد کە چۆن ئەو یەکیەتییە دروست بکرێ، کە ئامانجی سەرەکیی کۆماری کوردستانیش بووە. لەو بوارەدا رەخنەی لەو لایەن و کەسایەتییانە گرت کە لە بەر هۆکاری سیاسی، نەتەوەیی بوونی کۆمار دەخەنە لاوە یا کەمڕەنگی دەکەنەوە.

بە دوای وتەکانی دوکتور شەمسدا چەند کەس لە بەشدارانی سمینار پرسیارو سەرنجی خۆیان خستە روو، کە لە لایەن هاشم کەریمی و سەعید شەمسەوە وڵامیان درایەوە.

بە دوای ئەو باسانەدا پەیامی پیرۆزبایی یەکیەتیی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ٢ی رێبەندان لە لایەن رێبوار قادرزادەوە پێشکەش کرا.

پاشان پارچە شێعرێکی بەسۆز لە لایەن سۆران یوسفی پێشکەش کرا. لە بەشێکی دیکەی ئەو سمینارەدا بۆ رێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی دەیان ساڵەی هاشم کەریمی، یەکێك لە تێکۆشەرانی دێرینی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و ئەندامی پێشووی رێبەریی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، خەڵاتێکی سەمبۆلیك لە لایەن مەولوود سوارە، نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بریتانیا پێشکەش بە ناوبراو کرا.

دوا بەشی سمیناری یادەوەریی ٢ی رێبەندان هەڵپەڕکێی کیژان و کوڕانی دڵ پڕ لە هەست بوو، کە تا کاتژمێر ٨ی شەو درێژەی کێشا.

## ژنە چالاکێکی سیاسی کورد بە ئیعدام مەحکووم کرا

ژنە چالاکێکی سیاسیی کورد بە تاوانی شەڕ لەگەڵ خودا بە ئیعدام مەحکووم کرا.

بە پێی هەواڵێك کە ناوەندی خوێندکارانی پارێزەری مافی مرۆڤی کوردستان بڵاوی کردۆتەوە، ژنە چالاکێکی سیاسیی کورد بە ناوی "زێنەب جەلالیان" خەڵکی شاری ماکۆ لە لایەن دادگای شۆڕشی شاری کرماشانەوە بە ئیعدام مەحکووم کرا. ئەم حوکمە لە دادگایەکی چەند دەقیقەییدا و بە تاوانی شەڕ لەگەڵ خوداو ئەندامێتی لە حیزبێکی کوردستانیدا دەرکراوە.



بە پێی ئەم هەواڵە ناوبراو مافی کەڵك وەرگرتن لە پارێزەری پێ نەدراوەو لە ماوەی دەسبەسەرکرانیشی، بەرپرسانی رێژیم هیچ زانیارییەکیان سەبارەت بە چارەنووسی زێنەب بە بنەماڵەکەی رانەگەیاندووە.

زێنەب جەلالیان ٢٧ ساڵی تەمەنەو نزیك ٨ مانگ لەمەوبەر لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی رێژیمەوە لە کرماشان دەسبەسەر کراوە.

## بە دانانی ٣٠ میلیۆن تمەن بارمتە دوو هاونیشتمانی مەهابادی لە زیندان ئازاد کران

دوای مانگێك دەستبەسەر کران، دوو بەندکراوی زیندانی ناوەندی شاری مەهاباد ئازاد کران.

دوو چالاکی سیاسیی خەڵکی شاری مەهاباد بە ناوەکانی سەید محەممەد حەسەن زادەو فایق فەیاز دوای مانگێك دەستبەسەر کرانیان بە دانانی ٣٠ میلیۆن تمەن بارمتە ئازاد کران.

ئاژانسی هەواڵدەریی "موکریان" وێڕای بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵە رایگەیاند کە سەید محەمەد حەسەن زادەو فایق فەیاز کە نزیك ٢٠ رۆژ لە زیندانی ورمێ و زیاتر لە حەوتوویەك لە بەندیخانەی شاری مەهاباد دەستبەسەر کرابوون، بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێك لە حیزبە سیاسییەکانی کورد قۆڵبەست کرابوون.

## سێ چالاکی کورد سزای زیندانیان بە سەردا سە پا

لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا سێ چالاکی سیاسی و مەدەنیی کورد لە لایەن دادگای شۆڕشەوە سزای زیندانیان بۆ بڕایەوە.

نادر مەفاخری چالاکی مەدەنی، کە خەڵکی ئاوایی "سیس"ی ناوچەی لەیلاخی شاری دێولانە، رۆژی ٢٥ی بەفرانبار لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە دەسبەسەرو رەوانەی بەندیخانەی ناوەندی شاری قوروە کرا. ناوبراو هەر لەو چەند رۆژەدا لە لایەن دادگای شۆڕشەوە بە تۆمەتی دژایەتی لەگەڵ رێژیم و هاوکاری کردنی یەکێك لە حیزبە کوردییەکان بە ٥ ساڵ زیندانی تەعلیقی و هەروەها ساڵ و نیوێك زیندانی تەعزیری حوکم درا.

هەروەها هەر لەو ماوەیەدا وریا ئەسکەندەری چالاکی مەدەنی دانیشتووی کامیاران بە تاوانی پەڕینەوەی نایاسایی لە سنوور لە لایەن دادگای شۆڕشی شاری سنەوە بە ١٨ مانگ زیندانی تەعزیری مەحکوم کرا.

لە لایەکی دیکەوە دادگای شۆڕشی شاری سنە حوکمی ٢٠ ساڵ زیندان و دوور خرانەوەی بۆ بەندەر عەباس بە سەر چالاکێکی سیاسی بە ناوی جوبرەئیل خوسرەویدا سەپاند. جوبرەئیل خوسرەوی وەك هەر چالاکێکی سیاسی و مەدەنیی دیکەی کورد لە لایەن دادگاوە تۆمەتی ئەندامێتی لە حیزبە کوردییەکانی بەرهەڵستکاری رێژیمی دراوەتە پاڵ و بە پێی مادەی ١٦٨ی یاساکانی سزای ئیسلامی بە محاربە ناسراوە.



## گیانی چالاکێکی بەندکراوی کورد لە مەترسیدایە

بە هۆی پێڕانەگەیشتنی کاربەدەستانی زیندانی مهاباد چالاکێکی بەندکراوی کورد گیانی لە مەترسیدایە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بارودۆخی تەندروستی زیندانیانی بەندیخانەی شاری مهاباد لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی نالەباری چالاکی بەندکراو دڵشاد خزر دەشتی تەمەن ٢٤ ساڵە پێی راگەیاندین کە ناوبراو بە هۆی ئەشکەنجەی هێزە ئەمنیەتییەکانی رێژیم تووشی ئازاری پشت بووە و مۆرەکانی پشتی چڵکی کردوە.

هەمان سەرچاوە رایگەیاند دڵشاد خزر دەشتی کە بۆ دووهەمین جارە لە ژێر ئەشکەنجەی جەلادەکانی رێژیم لە زیندانی مهاباد تووشی نەخۆشی دەبێت لە لایەن پزیشکانی بەندیخانەوە پێی راگەیاندراوە کە پێویستی بە پێڕاگەیشتنی پزیشکی لە دەرەوەی بەندیخانەیە بەڵام تا ئێستا کاربەدەستانی زیندان ئیزنی پێڕاگەیشتنی پزیشکییان بە ناوبراو نەداوە.

شایانی باسە دڵشاد خزر دەشتی کە ١١ مانگ لەمەو پێش لە لایەن هێزە ئەمنیەنییەکانی رێژیمەوە قۆڵبەست کراوە، تۆمەتی ئەندامێتی یەکێك لە پارتە کوردیەکانی بەرهەڵستکاری رێژیمی دراوەتە پاڵ.

درێژەی:

## سنە : لە رێورەسمێکی تایبەت یادی یەکەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی ئیبراهیم لوتفوڵڵاهی کرایەوە

خەڵکی ئازادیخواز وێڕای بەرپەرچدانەوەی هێرشی هێزە ئەمنییەتییەکان بە خوێندنەوەی سروودی "ئەی رەقیب" کۆتاییان بە رێوەڕەسمەکە هێنا.

شایانی باسە تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە سەبارەت بە دەسبەسەرکرانی کەسانی دیکە هیچ زانیارییەك لە بەر دەستدا نیە.

جێی وەبیرهێناوەیە ئیبراهیم لوتفوڵڵاهی خوێندکاری "ماف"ی زانکۆی پەیام نووری سنە بوو کە ساڵی رابردوو لە رۆژی ١٦ی بەفرانبار بە تاوانی ئازادیخواز بوون لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی رێژیمەوە دەسبەسەر کراو لە ئاکامدا رۆژی ٢٤ی بەفرانبار بە هۆی ئەشکەنجەی زیندانوانانەوە گیانی لەدەست دا. بەرپرسانی رێژیم نە تەنیا تەرمەکەیان بە بنەماڵەکەی نەدایەوە، بەڵکوو هیچ وەڵامێکی داخوازی پارێزەری بنەماڵەی لوتفوڵڵاهییان نەدایەوە کە داوای کردبوو گۆڕەکەی بدرێتەوەو پزیشکی یاسایی هۆکاری گیان لەدەست دانی ئیبراهیم لوتفوڵڵاهی بکۆڵێتەوە.

# ئاوڕدانەوەیەك لە بەشێك لە پیلانەکانی ڕێژیمی ئیسلامی لە کرماشان

ئێقبالْ سەفەری

(بەشی یەکەم)

ئەم بابەتە ئاماژیە بە رووداوێکی گرینگی مێژوویی لە پارێزگای کرماشان، کە رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان نە پێشتر نە ئێستاش نەچوونەتە ناخیەوە. مێژوویەك کە خەریکی دووپات بوونەوەیە، بەڵام ئەم جارەیان لە بەرگێکی دیکەو لە ژێر ناوێکی دیکەداو بە پشتیوانیی راستەوخۆی نێوخۆیی و دەرەکی و رێکخراوێکی سیاسیی کوردستانی. لەم وتارەدا ئاوڕێك لە رووداوەکانی پاش شۆڕشی ٥٧و داهاتووی رۆژهەڵاتی کوردستان دەدەینەوە.

بەشی یەکەم: "شورای یاوەری تهیدستان" (شیت)، چۆن دروست بووە، لە چ کەسانێك پێك هاتووەو ئەرکەکانی چی بووە؟

ئەلف: "شیت": "شیت" کورتکراوەی رێکخراوی "شورای یاوەری تهیدستان"ە، کە یەکێك لە دامەزراوەکانی سەر بە بنکەی "مهدی موعود" بوو. ئەم تاقمە لە کۆتایی ساڵی ١٣٥٦ و بە رێبەریی سەید موحەممەد سەعید جەعفەری لە شاری کرماشان دامەزرا. جەعفەری لە ساڵی ١٣٣١ لە شاری قەسری شیرین لە دایك بووە. باوکی مووچەخۆری گومرك لە شارۆچکەی خەسرەوی بوو. هەر وەك بە ناوەکەیەوە دیارە ئەو موسوڵمانی شیعەیەو هەموو گرووپەکەشی شیعە بوون. جەعفەری دیپلۆمی بیرکاری (ریاضیات) بوو و کتێبخانەیەکی لە شاری کرماشان هەبوو. ئەگەرچی ئەو زۆر مەکتەبی و موسوڵمانێکی دەمارگرژ بوو، بەڵام بە هۆی کتێبخانەکەیەوە هاوڕێ و هاوگەپی چەپەکان، بە تایبەت چریکە فیداییەکان و تودەییەکان بوو. ئەو لە هەمان کاتدا دوژمنی سوێندخواردوی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵە بوو. گرووپی "شیت" بە پشتیوانیی بێ ئەملاوئەولای بازاڕییان، دەوڵەمەندەکان و مەلاکان لە تاران، تەورێزو کرماشان دروست ببوو. ئەوکات ئاخوند جەلیلی، ئیمام جومعەو بەرپرسی حەوزەی عیلمییەی کرماشان بوو. بەڵام چونکە دەنگۆی ئەوەی لە سەر بوو کە هاوکاری ساواکە، زۆر پرسی پێ نەدەکرا.

ب: "حجتیەی مهدوی" ئەم گرووپە پێوەندییەکی قووڵی لەگەڵ "شیت" لە شاری کرماشان هەبوو. ئەم حوجەتییە لە لایەن هەموو مەلاکانی ئێرانەوە پشتیوانی دەکرا. بەرپرسی گرووپی "حجتیە مهدوی" لە کرماشان دەبیرێك بوو بە ناوی "صامت" کە بە سامتە شەل ناوبانگی دەرکردبوو. گرووپەکانی شیت و حوجەتییەی مێهدەوی پێکەوە هاوبیرو باوەڕو هاوتەدبیر بوون و هەموو هەڵسوکەوتەکانیان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ یەکتر رێك دەخست.

ت: "میثم تمار": بێجگە لە "شیت"و حوجەتییەی مێهدەوی، لە شاری کرماشان تاقمێکی دیکەی هاوتەرتیبی ئەم گروپە بە ناوی "میثم تمار" لە شاری قەسری شیرین پێك هاتبوو. حەسەن جەهانگیری بەرپرسی ئەم تاقمە بوو کە لە شاری سەرپێڵی زەهاویش ئەندامیان هەبوو و دەستیشیان باش دەڕۆیشت. ئەم سێ گروپە پێکەوە ئەوەندە کۆك بوون کە بە سەختی لێك جوێ دەکرانەوە. لە راستیدا گرووپەکانی "شیت"، "حجتیە مهدوی"و "میثم تمار" بە سەرکردایەتیی سەعید جەعفەری، سامتە شەل و حەسەن جەهانگیری، هەم رێکخەرو هەم تێکدەری تەواوی میتینگەکانی شارەکانی پارێزگای کرماشان بوون. رێکخەر بوون بۆ داردەست و قوڵەچۆماخەکانی خۆیان، تێکدەر بوون بۆ هێزەکانی دیکەی گۆڕەپانی سیاسی - کۆمەڵایەتیی ئەودەم.

تێڕوانین و بیرکردنەوەی ئەم سێ تاقمە (شیت، حجتیە مهدوی و میثم تمار) لە سەر هێزە چەپ و راستەکان وەك یەك بوو. بەڵام دژایەتییان لەگەڵ دێموکرات و کۆمەڵە زۆر زیاتر لە هێزەکانی دیکە بوو. مۆرە سەرەکییەکانی گرووپەکانی "شیت"، "حجتیەی مهدوی"و "میثم تمار"لەم کەسانە پێك هاتبوون: سەعید جەعفەری، "اشك تلخ"، "سیدزادە"، حەسەن دێزڵ، نووریان، رۆستەم خانی، سادق کەرەم، عیزەتوڵڵا، سامتە شەل، کەرەمعەلی، بێروز هێمەتی، خەلیل کەرەم، حاجی زادە، مالکیان، حەسەن جەهانگیری، مستەفا، عەلی و مێهدی پاکنژاد، ئازەربون، عەلی میرکەرەمی، کازم ئەحمەدی پوور، مورتەزا پوور ئەحمەدی، خەیرەتوڵڵا ئەسکەندەری، رەزا مالکی، محەممەد کلبعەلی، مسی عەبدی، ئەمینی، یەدوڵڵا پەلاش، برایم کەچەڵ، داریوش ریزەوەندی و ...

سەرەتای دەستپێکردنی کاری ئەم تاقمە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٥٦، کە بە کوشتن و لەنێوبردنی بەهاییەکان، یەهودییەکان و ئالکۆڵ فرۆشییەکان دەستی پێ کرد. ئاگردانی سینەماکان و ئەو جێگایانەی کە ئەوان بە بنکەی فەساد ناویان دەبرد، هێرشکردنە سەر ئافرەتانی بێسەرپۆش، تێکدانی کۆڕو کۆبوونەوەی هێزە چەپ و دێموکراتەکان ئەرکی پێش شۆڕشی ئەم تاقمە بوو. ئەم گرووپانە بە گشتی سەر بە رێڕەوانی مێهدیی مەوعوود بوون. لە یەکەم رۆژەکانی شۆڕشدا، تاقمی "شیت" بوون بە یەکەم باسکی دامەزرێنەری بنەمای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە پارێزگای کرماشان. هاندەرو پشتیوانی سەرەکیی ئەمانە حوجەتییەی تاران بوو کە بە پشتیوانیی پارەی ئاوهاوردووی بازاڕییە دەوڵەمەندەکانی تاران و تەورێز، پۆشتەو پەرداخ دەکران. زۆری پێ نەچوو کە ئەم گرووپە بوون بە خاوەنی چەندین باڵی لەشکری، سیاسی و فەرهەنگی. باڵی لەشکری "شیت" گەورەترین نەخشی لە خەڵتان بە خوێن کردنی خەڵکی شاری پاوەدا هەبوو. هەر لە گەرمەی شەڕی پاوەدا بوو کە گروپی "شیت" هەلیان بە دەرفەت زانی و هۆرموزی گورجی بەیانی، مامۆستای بەناوبانگی شاری کرماشانیان لەگەڵ دە کەسی دیکە لەو شارە دەستگیر کرد. بە هاتنی ئاخوندی حوجەتییەیی سادقی خەڵخالی بۆ کوردستان، لە رۆژی ٢٨ گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨دا گورجی بەیانی و دە کەسی دیکە بوون بە یەکەم قوربانییانی سیاسەتی شیعیسم و شیتیسم. تاوانێك کە ئەوکات درایە پاڵ گورجی بەیانی و هاواڵەکانی، یارمەتی گەیاندن و هاوکاری لەگەڵ "دژە شۆڕش" لە کوردستان و بە تایبەتی شاری پاوە بوو. پاش سەرکوتکردنی خەڵکی پاوەو لە رێگای گەڕانەوەدا بەرەو کرماشان، ماشینێکیان کە پڕ بوو لە شیتییەکان لە هەورازێك دەکەوێتە خوارەوە لە ئاکامدا هەموویان کوژران. دەنگۆی ئەوەش هەبوو کە ئەو ماشینە بە ئەنقەست لە لایەن سەعید جەعفەرییەوە هەڵ دێراوە. هۆکارەکەشی دەبێ ناکۆکی نێوان دوو جۆر بیرکردنەوە لە سەر کوشتاری خەڵکی پاوە بووبێ. بە گەڕانەوەی جەعفەری بۆ کرماشان، گەلاڵەی دانانی شەوی دۆعاخوێندن دەست پێ دەکاو هەر ئەودەم یەکەم دەستەکانی گەڕۆکی بە ناو "امر بە معروف و نهی از منکر" دادەمەزرێ. بەم جۆرەو بە شێوەیەکی رێکخراو ژمارەیەکی زۆر لە گەنجەکانیان بە دانی وادەی بەهەشتی بەرین، لە دەوری خۆیان کۆ کردەوە. لەو سەردەمەدا ئەشرەفی ئیسفەهانییش بە حوکمی خومەینی ببووە ئیمام جومعەی کرماشان و ئاخوند جەلیلییش نێردرایە شاری نەجەف. جێگای باسە کە جەلیلی پێشتر بەوە تۆمەتبار بوو کە هاوکاریی ساواکی کردوە، هەر بۆیە رەوانەی شاری نەجەف کرا. شەڕی کوردستان هەڵ گیرسابوو و "شیت"



پەیتا پەیتا لاوە شیعەکانی کۆ دەکردەوەو سەرەڕای ئەوەی رێکی دەخستن، بۆ شەڕ پۆشتەو پەرداخی دەکردن. لە نێو شاریش بە دەیان کەس لە شۆڕشگێڕانی کورد لە کرماشان لە لایەن ئەم تاقمەوە گیران و لەنێو بران. گیانبەخت کردوو کەماڵ دەباغی ئەندامی چالاك و بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری کرماشان، یەکێك لەو شۆڕشگێڕانە بوو کە لە ساڵی ١٣٥٩ لە لایەن ئەم تاقمەوە گیراو هەر ئەو ساڵەش لە سێدارە درا.

بێجگە لەوەش مەلاکانی تاران چەندین کەس لە هەرە دەمارگرژترین کەسەکانی خۆیان (مێزەر بەسەرو بێمێزەر) ناردە کوردستان، بە تایبەت کرماشان. هەرە گرینگترینیان بریتی بوون لە: ئەبوو شەریف پلاندانەری شەڕ، چەمڕان فەرماندەی شەڕ، مەجید حەداد عادڵ، برای غولامعەلی حەداد عادڵ سەرۆکی ئێستای مەجلیسی ئێران، حاجی تاماسبی، حاجی بابایی، موحیبی قومی، نمازیو زۆر کەسی دیکە. شەڕ بە چەندین شێوە بەردەوام بوو. خەڵخالی لەو سەفەرەی کە لە کرماشانەوە بەرەو قەسری شیرین کردی، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوچەی لە سێدارە دان. بە هاتنی حاجی تاماسبی وەک فەرماندەی ناوچەکانی کرێندی خۆرئاوا، سەرپێڵی زەهاو، گێلانی خۆرئاوا، قەسری شیرین، سەلاسی باوەجانی، داڵەهۆو گۆران، کوشتارێکی عەلی ئاسای وەڕێ خست. بەشێك لەو گوندانەی کە هێرشیان کرایە سەرو دانیشتوانەکەی قەلاچۆ کران بریتین لە : کفراورو سەگان لە ناوچەی سەرپێڵی زەهاوو گێلانی خۆرئاوا، تەپانیو پشتماڵە لە پشتەنگی زەهاو، قۆچیباشی لە بێوەنێژ، قەلاباریو دنگی لە باندالاهۆ، خوایار مەلك لە دالاهۆو زەردە لە بادزەردەو زۆر شوێنی دیکە. ئاخوند موحیبی قوومی ئیمام جومعەی سەرپێڵی زەهاوو نمازیش ببوو بە بەرپرسی دادگاکانی شۆڕش. مەجید حەداد عادڵ، برای غولامعلی حەداد عادڵ، کرابووە راوێژکاری ئەمنییەتیی پارێزگای کرماشان. ناوچەکە بە گشتی ببوو بە قەسابخانەیەکی بێ دەروەچ بۆ رمبازێنەکانی حوجەتییەکان و مێهدی مەوعودییەکان. لە پێوەندی لەگەڵ شەڕی داسەپاو لە کوردستاندا، هەر لە سەرەتای شەڕەوە بۆ فەرماندەکانی شەڕ دەرکەوتبوو کە بۆ خۆیان شەڕی کوردستانیان پێ ناکرێ. "شیت" بە سەرکردایەتیی جەعفەری و بە یاوەری چەمڕان کاتێك زانییان کە ئەحمەدی موفتی-زادە دژی خودموختاری و هێزە کوردییەکانە لە دانیشتنێکی نێوان فەرماندەکانی ئەودەمی شەڕدا، بابەتی پێوەندی گرتن بە موفتی-زادەیان تاوتوێ کرد. هەر ئەودەم پێوەندی بە موفتیزادەوە دەکەن و دەرئەنجامی دەبێتە دروستبوونی پێشمەرگەی موسوڵمان!. پەیڕەوانی موفتیزادە بە هاوکاریی دەرەبەگ و خانەکانی ناوچەی دیواندەرەو سەقز گۆڕەپانی چالاکییەکانیان بەربڵاو کردەوە خەلیل مەلکی بوو بە هەڵسوڕێنەری ئەو لەو ناوچانە. لەو سەروبەندەدا حەوتی رۆژئاوای ولات کە بەشی زۆریان هاندراوەکانی رێگای بەهەشت بوون دادەمەزرێو بە حوکمی محەممەد بروجەردی لە تارانەوە، سەعید جەعفەری بەرپرسی هەموو "شیت"ەکان دەبێتە یەکەم فەرماندەی ئەو سوپایە لە رۆژهەڵاتی کوردستان. نابێ لە بیرمان بچێ کە تاقمی "شیت" لە گەمارۆدانی پادگانی سنەدا دەوری بەرچاویان گێڕاوە. هێرشی ئەم گرووپە بۆ سەر کوردستان بە پێچەوانەی شەڕی پاوە، بە جلوبەرگی تایبەتی نیزامی و ناوچاوانی داپچڕاو بە پارچەی رەش و سەوز، کە رێبوارانی مێهدی و حوسێنیان لە سەر نووسرابوو، بە بەربڵاوی دەستی پێ کرد. بێجگە لەوەش بە پێشنیاری "شیت"ەکان، یەکەم تاقمی خوشکانی زێنەب (خواهران زینب) پێکهاتوو لە کچانی شیعە لە کرماشان دادەمەزرێ، کە بەشێکیان دەبنە سەربازانی ونناوی مێهدی و ئەرکی سیخوڕی بۆ "شیت"و سوپا وەئەستۆ دەگرن و لە تیمارکردنی برینداراەکانی شەڕی کوردستانیشدا بەشدار دەبن. لە سەرەتای ئەم قۆناخەدا پێشمەرگەی موسوڵمانی موفتیزادە بە پشتیوانیی رێژیم و هاوکاریی تاقمە فەرهەنگی و سیاسییەکانی "شیت"، شەڕی براکوژییان لە کوردستان گەیاندە لوتکە. بێجگە لەوانەش گرووپێك لە باڵی "شیت" بە هاوکاریی موفتیزادە نێردرایە شاری مەهاباد. کاری ئەم گرووپە ناسینەوەی بەرهەڵستکاران بە تایبەت دێموکرات، پێکهێنانی دووبەرەکی، ئامادەکردنی کاتی لەبار بۆ سەرکوتی بەپلان، دروستکردنی رایەڵکەی سیخوڕی و دروستکردنی چەکدار بە هاوکاریی سەرۆك عەشیرەتەکان و ئاغاکان،..."شیت" کە پارەی بە لێژاوەیان لە لایەن حوجەتییە و بازاڕییە دەوڵەمەندەکان و ئیمام جومعەکانەوە پێدەگەی، لە بواری سیاسی، نیزامی و فەرهەنگییەوە زۆر گەشەی کرد. سەرکەوتنی گەورەی "شیت" لە شەڕی کوردستاندا کاتێك دەستەبەر بوو کە پێشمەرگە موسوڵمانەکانی موفتی-زادە ببوونە چاوساغ و قەڵخانی گیانی جەعفەری و لەشکرەکەی، واتە سوپای حەوتەمی رۆژئاوای ولات. بەر لەوەی شەڕی ئێران - عێراق دەست پێ بکا، "شیت" ئیتر وەك گرووپ نەمابوو و هەموو دەسەڵاتەکانی بە تایبەت لە پارێزگای کرماشان بۆ خۆی دەستەبەر کردبوو. بێجگە لەوەش "شیت" پەلوپۆی بۆ پارێزگاکانی ورمێ، ئیلام و سنە هاویشتبوو. ساڵی ١٣٦٠ کاتێك کە دەرگای زانستگەکان داخران، گۆڕەپانی رمبازێنی بەشی سیاسی - فەرهەنگیی "شیت" بەرتەسك بووەوە و هەر ئەم هۆکارەش بوو بە هۆی ئەوە کە "شیت" بە هەموو پێکهاتەکانیەوە خۆی بخزێنێتە نێو کۆمیتەکان، دادگاکانی شۆڕش و سپای پاسداران و...

ل ٥

# ١٩ ی بەفرانبار ساڵڕۆژی وەسەریەککەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات

**هاموون**

١٣ ساڵ لەمەوبەر لە ١٩ی بەفرانباری ١٣٧٥دا رووداوێك لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا رووی دا کە لە مێژووی بزووتنەوەی کورددا کەم وێنەو لە نەوعی خۆیدا بێوێنە بوو. ئەوانەی شارەزای مێژووی کوردن بەو راستییە تاڵو حاشا هەڵنەگرە دەزانن کە مێژووی کورد لە کۆنەوە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ بە داخەوە پڕە لە رقەبەرایەتیی ناسالم، لێك ترازان و کێشەی نێوخۆیی هێزو دەسەڵاتە کوردییەکان و تەنانەت شەڕی خۆبەخۆ کە بەهەق پێی گوتراوە "شەڕی براکوژی".

بەڵام لە ١٩ی بەفرانباری ١٣٧٥ی هەتاوی (٩ی ژانویەی ١٩٩٦ی زایینی)دا رووداوێکی پێچەوانەی ئەم مێژووە تاڵە رووی دا. لەو رۆژەدا " بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کەوتەوە سەریەك". لەو رۆژەدا تێکۆشەرانی سەر بەو بنەماڵەیە کە لە ساڵی ١٣٦٧ەوە لە دوو حیزبی جیا، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - رێبەرایەتیی شۆرشگێردا خەباتیان دەکرد، بوونەوە یەك و کۆتاییان بە نزیکەی ٨ ساڵ دووبەرەکی هێنا.

ئەم رووداوە بە رادەیەك گرنگ و لە جێی خۆیدا بوو کە سەرەڕای کۆسپەکانی سەر رێگەی توانی بەبێ نێوبژیوانیی کەس یان لایەنێکی سێیەم سەرکەوێ. وەسەریەك کەوتنەوەی دێموکراتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ پێشوازیی گەرمی هەموو دۆستان و دڵسۆزانی کورد لە نێوخۆ و دەرەوە بەرەوڕوو بوو، دۆستانی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کوردی خۆشحاڵ و دوژمنانی لە خۆشکردنی ئاوری تەفرەقە و دوو بەرەکی ناهومێد کرد. بە دەیان پەیامی پیرۆزبایی لە لایەن هێزو لایەنە کورد و غەیرە کوردەکانەوە و هەروەها دۆستانی کورد و ئێرانی و بێگانە بە حیزبی دێموکراتی کوردستان گەیشت و دەسخۆشانەیان لێ کرد.

هیچ رووداوێکی مێژوویی تاقە هۆیەکی نیە، یەکگرتنەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانیش دا هۆیەکی بە تەنیای نیە. رەنگە هۆی ئەخلاقیی لە پشت بێ کە یەکگرتن باشە و تەفرەقە خراپە، یان خەڵك پێی خۆشە. رەنگە هۆی مەنتیقی لە پشت بێ کە هێزێکی یەکگرتوو بەتواناترە لە هێزێکی پەرش و بڵاو. فشاری لە رادە بەدەری تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی کە رۆژ نەبوو گیانی تێکۆشەرێکی کورد بە تایبەتی لە هەردوو لا نەستێنێ هۆیەکی دیکە بوو بۆ پێویستیی لێك نزیکبوونەوە و سەرەنجام یەکگرتنەوە . ئەم هۆیانە هەموویان لەم رووداوەدا دەخیل بوون بەڵام دوو هۆی سەرەکییش کاری زۆری کردبووە سەر دڵسۆزانی بڕیاردەر لە سەر ئەم رووداوە پڕ لە شانازییە، یەکێکیان، دەرس و ئەزموون وەرگرتن لە مێژووی پڕ لە کێشە و ناکۆکیی کورد و شارەزایی ئەوان لەو مێژووە تاڵ و جێی داخە بوو و دووەمیان شەڕ و ناکۆکیی دوو هێزی سەرەکیی کورد لە باشووری کوردستان کە ئەوکات لە گۆڕێ دابوو و زەرەر و زیانەکانی ئەو شەڕە بۆ کورد و نەفرەت و بێزاریی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەو شەڕە بوو. یەکگرتنەوەی ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ١٩ی بەفرانباری ١٣٧٥دا بەرهەمی ئەو دەرس و ئەزموونانە بوو.



هەروەك لە سەرەتادا ئیشارەی پێ کرا، وەسەریەك کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات بێ کۆسپ و تەگەرە وەدی نەهات، ئەگەر ئەو کات ئەو کۆسپ و تەگەرانە نەیان توانی پێش بە ئیرادەی یەکیەتیخوازی و خوازیارانی یەکگرتنەوە بگرن، بەداخەوە دوو ساڵ لەمەوبەر ئەم کەند و کۆسپانە نەك هەر توانییان شکست بەو یەکگرتنە بدەن، بەڵکوو لەتبوونی ئەم حیزبەیان لێ کەوتەوە .

سەرەڕای ئەزموونێکی ئەوا پڕ لە شانازیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکگرتنەوە و پاڵ وێکدانەدا، رووداوی تاڵی لەتبوون بە سەر ئەم حیزبەدا سەپاوە و ئەوانەی خوازیاری یەکگرتنەوە و مێعماری وەسەریەك خستنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون، ئێستا لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا خەبات دەکەن.

رەوتی لەتبوون نەك هەر لە حیزبی دێموکراتدا بەڵکوو لەم چەند ساڵەی دواییدا لە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا رووی داوە کە بۆتە هۆی ئەوەی لە جیاتی چەند حیزب، چەندین حیزب لە مەیداندا بن.

ئەم لەتبوون و لێك ترازانانە هەرچەند تاڵ و ناخۆش و زیانبار بوون و بەشێکی زۆر لە توانا و ئینێرژیی ئەم هێزانەی لە کێشەی نێوخۆیی ئەواندا بە فیڕۆ داوە، بەڵام زەروورەت و پێویستیی یەکگرتن و یەکیەتی نێوانیان هەر لە جێی خۆیەتی و لە نێو نەچووە. ئێستا کە ژمارەی ئەو هێز و لایەنانە زۆرترن، یەکیەتی و هاوکاریی نێوانیان پێویستترە. یەکیەتی و هاوکاریی هێز و لایەنەکان بە شێوەی جۆراوجۆر ئیمکانی هەیە. دوو هێز یان زیاتر بتوانن یەك بگرن، یان دوو هێزی لێك جیابۆوە پاش بەخۆداچوونەوە و چارەسەریی گیروگرفتەکانی پێشوویان یەك بگرنەوە. یان هێز و لایەنەکان هەموویان لە دەوری پلاتفۆڕمێکی هاوبەش کۆ ببنەوە و یەکگرتوویی و هەماهەنگییەك لە نێو خۆیاندا پێك بێنن لە ژێر هەر ناوێك دا بێ.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا کە لەتبوونەکان روویان داوە، یەکێك لە هونەرەکانی سیاسەت ئەوەیە کە " مەترسییەکان بگۆڕی و بیانکەی بە دەرفەت"، واتە رووداوە تاڵەکانی لەتبوون بکرێن بە دەرفەتێك بۆ هاوکاری و هاوپێوەندیی هەموو هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان. ئەگەر جاران دوو هێزی سەرەکی کە لە نێو خۆیاندا یەکگرتوو بوون بەڵام لە بەرامبەر یەکتردا ناکۆك، ئەم جار هەوڵ بدرێ ناکۆکیی نێوان هێزەکان لە نێو بچێ و تەنانەت جۆرێك یەکگرتوویی و هاوکاری لە نێوانیاندا حاکم بێ. زۆر نەتەوە و وڵات بە کەمتر لە حەشیمەتی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە خاوەنی ژمارەیەکی زیاتر لە حیزب و رێکخراون، کەچی شەڕ و ناکۆکییان نیە، کارەسات ئەوەیە ئەگەر تاقە دوو حیزبیش لە مەیداندا بێ بەڵام یەکتر تەحەممول نەکەن.

لە کۆتاییدا بە بۆنەی ساڵڕۆژی وەسەر یەك کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێ بڵێین سەرەڕای کێشە و ناکۆکیی نێوخۆیی هێزە کوردییەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا زەروورەتی یەکیەتی و یەکگرتوویی هێزە کوردییەکان بە هەر شێوەیەکی مومکین و گونجاو، لە جێی خۆیەتی. ئەگەر لە رابردوودا بزووتنەوەی کورد خاوەنی شانازییەکی ئەوتۆیە، لە داهاتوودا بۆ نەبێ؟

---

درێژەی:

## ئاوڕدانەوەیەك لە بەشێك لە پیلانەکانی رێژیمی ئیسلامی لە کرماشان

بەندیخانەی کرماشان درابوو بە نووریان و حەسەن دێزڵ و رۆستەمی ببوونە ئەشکەنجەگەرانی ئەم بەندیخانەیە. هەر بۆیەش هەرچی رۆڵەی دێموکرات و کۆمەڵە سەری لە زیندانی دێزڵ ئاوای کرماشان دەردێنا، گەڕانەوەی بۆ نەبوو. چونکە هەر وەك لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا دوژمنی سەرەکیی ئەوان ئەم دوو حیزبە بوون. کۆمیتەکان و سوپا بە دەست ئەشك تەڵخ، حەسەن جەهانگیری، سامت، کەرەمعەلی، سەیدزادە، سادقکەرەم، عزەتوڵڵا، مالکی و حاجیزادەکانەوە بوو. بەڵام مەلاکانی تاران تەنانەت بەو پێکهاتەو رێکخستنەش رازی نەبوون زۆربەی پۆستە گرینگەکانیان بۆ هەناردەکانی تاران گێڕاوە کە بەشێکیان پێك هاتبوون لە: ئەشرەفی ئیسفەهانی، مەجیدی حەدادی عادڵ، ئەبوو شەریف، چەمڕان، موحیبی قۆمی، نمازی حاجی تاماسبی، حاجی بابایی و دەیان حاجی و مەلای دیکە. لەم قۆناخەدا جۆرێك لە بەربەرەکانێ لە نێوان خۆماڵییەکان و نێردراوەکاندا دەستی پێ کردبوو. بە دەست پێکردنی شەڕی ئێران و عێراق و داگیرکرانی شاری قەسری شیرین لە لایەن سوپای عێراقەوە، گرووپی "میثم تمار" بە سەرکردایەتیی حەسەن جیهانگیری چوونە کرماشان و لەگەڵ "شیت" و حوجەتییە بە رێبەریی جەعفەری و سامت، بەرەیەکی نارەسمییان پێك هێنا، کە مەبەستی سەرەکییان شەڕ دژی هێزە نەیارەکان، بە تایبەت دێموکرات و کۆمەڵە بوو. لێرەش شەڕ خێرێکی دیکەی بۆ مەلاکانی تاران بەدواوە بوو. ئەوان زۆر ژیرانە بەشی هەرە زۆری "شیت"ەکانیان خەریك بە شەڕی کوردستان و عێراقەوە کرد و بۆ خۆیان بوون بە خاوەن ماڵ. مەجیدی حەداد عادڵ برای غولامعەلی حەداد عادڵ، کە راوێژکاری پارێزگا بوو، لە هێنانی مۆرە هاوردەکان لە تارانەوە و پشتیوانی کردنیان رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە. سەیدزادە کرابووە بەرپرسی گشتیی پەروەردەو فێرکردنی کرماشان، کە پاشان بوو بە نوێنەری مەجلیس و لە راستیدا لە دەسەڵاتی ناوچە دوور خرایەوە و دواتر کوژرا. سامتە شەل، کرا بە پارێزگاری زەنجان و دواتر کرا بە بەرپرسی دوخانیاتی تاران کە دوایی دزییەکی چەند میلیۆنی لێ گیرا. بەڵام هەر چۆنێك بوو لە کرماشان دووریان خستەوە. لەم قۆناخەدا "شیت" پەلوپۆی هاویشتە پارێزگای ئیلام و لەوێش رەشەکوژی و کوشت و بڕ چووە قۆناخێکی نوێوە. هەر ئەودەم لە ساڵی ١٣٦٠دا کەسێك بە ناوی داریووشی ریزەوەندی کە یەکێك لە مۆرە هەرە بەرچاوەکانی موجاهیدینی خەڵك بوو و لە لایەن ئەم گرووپانەوە دەسبەسەر کرا. ناوبراو تۆبەی کرد و دواتر لە بەندیخانە ئازاد کرا و بوو بە فەرماندەری گرووپی شکار و راوەدونان لە پارێزگاکانی کرماشان، سنە و ئیلام. بە سەرنجدان بەوەی کە بەشێکی بەرچاو لە بەرهەڵسکارانی بە چەپ و راست و دێموکرات و کۆمەڵەوە دەناسێ، رۆڵێکی بەرچاوی لە قەڵەملارکردنی ئەواندا داگێڕا. بە دوای ئەو رۆڵەی رێزەوەندیدا لە بنکەی ئەنجومەنی لاوانی موسوڵمانی موجاهدینی خەڵك لە شاری ئیلام کرا بە ناوەندی فەرهەنگیی سوپای پاسداران، کە نەخشێکی داپڵۆسێنەری لە بە مەکتەبی کردنی لاوانی شاردا هەبوو. حوجەتییەکان بە سەرپەرستیی ئەم سێ کەسە، رەوشەن، عەلی ئازاد و تەعمیرکار. بەم جۆرە "شیت"، حوجەتییەی مێهدەوی و "میثم تمار"، بە پشتیوانیی مەلاکانی تاران، بازاڕییان و ئیمام جومعەکان، رۆڵی سەرەکییان لە سەرکوتی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستاندا گێڕا. بەو جۆرەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا بە هاتنی مۆرە ناردراوەکان لە تارانەوە بە دەستپێکردنی شەڕی وڵاتی ئێران و عێراق، پاکانە حیسابی ئەم تاقمانە لەگەڵ یەکتر دەستی پێ کرد، کە لە راستیدا لە تارانەوە رێبەری دەکرا. جوانم لە بیر نیە چ رۆژێك، بەڵام جەعفەری کە بە حوکمێکی موحەممەدی بروجێردی ببووە فەرماندەی سوپای هەوتم لە کوردستان، بە حوکمێکی مێهدی هاشمی، ئەو پۆستەی لێ ئەستێندراوە. کە دواتر هەر ئەو پاکانە حیسابانە بوو بە هۆی ئەوەی کە سوپا گەڵاڵەی تاوانێکی بۆ مێهدی هاشمی، یار و نیزیکی دارشت و ئەوەش بوو کە لە ساڵی ١٣٦٥ لە زیندان لە سێدارە درا. لەم پاکانە حیسابانەدا و لە ساڵی ١٣٦٢دا کە هێشتا وەزارەتی ئیتلاعات بە فەرمی دانەمەزرابوو، سەعید جەعفەری، مەجید حەداد عادل، سەیدزادە، نمازی، ریزەوەندی و زۆری دیکەیان، کە گرینگترین مۆرەی ئەم تاقمانە بوون، کوژران. سەیریش لەوەدا بوو کە هەر هەموویان بە رواڵەت لە پێکدادانی ماشیندا لە نێو چوون. لە حاڵێکدا رای خەڵك لە سەر ئەوانە بە جۆرێکی دیکە بوو. بە دروست بوونی وەزارەتی ئیتلاعات لە ساڵی١٣٦٢دا، ژمارەیەك لە شیتەکان، حوجەتیەییەکان و " میثم تمارییەکان" کە پشتیوانیی بێ ئەملاوئەولای بەشێك لە سوپای پاسدارانیان بوو، بوونە ئەندام و مووچەخۆری ئەو وەزاتەو کوشتوبڕیان بە شێوەیەکی نوێ دەست پێ کردەوە. تاقمەکان " شیت " میثم تمار " و حوجەتییەی مێهدەوی کە هەموویان لە ژێر چەتری ئیدیۆلۆژیی ئایینی ئیسلامی شیعی و مێهدیی مەوعوددا چالاکییان دەنواند، توانییان بە کەڵك وەرگرتن لە هەستی ئایینیی خەڵك، بە زەبری چەقۆ، شمشێر، قەمە و پاشانیش چەك، ببنە ئەکتەرگەلی سەرەکیی بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی و نیزامییەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا. ئیدیۆلۆژی و تیۆری ئەوان کە تیکەڵێك بوو لە "شیعیسم"و "شیتیسم" لە راستیدا پیلانێك بوو کە لە تارانەوە و لە لایەن مەلاکانەوە داڕژابوو. ئەرکی ئەم تاقمانە بە گشتی بریتی بوو لە: دامرکاندن و سەرکوت کردنی بزووتنەوەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، تەفروتونا کردنی هێزە بەرهەڵستکارەکانی کوردستان، دابەزاندنی یاساکانی ئیسلامی شیعی و تیۆریزە و پراکتیزە کردنی. دیارە ئیدیۆلۆژیی ئەمانەش هەروەك سیستمی کۆماری ئیسلامی، شیعیسمی فاشیستی تیکەڵ بە شیتیسمی پاوانخوازی بوو، کە دژی هەرچەشنە بیروباوەڕێکی ئازادیخوازانە بوو.

# ئەمن هەر مامۆستا دەبم و تۆش هەتا مردن بەندییەوان

فەرزاد کەمانگەر

و بۆ کوردی: ڕەسووڵ سوڵتانی

زیۆس خودای خوداکان فەرمانی دا کۆت لە ئەستۆی پرۆمتە بکەن، بەو جۆرە بوو کە چیرۆکی من و تۆ ئا لێرەوە دەستی پێ کرد.

تۆ بوویتە میراتگری بەندییەوانانی زیۆس بۆ ئەوەی هەموو ڕۆژێ ببیتە زێرەڤانی ڕۆڵەیەك لە نەوەکانی هەتاو و ڕووناکایی و، بەندیخانە بۆ من و تۆ دوو مانای جیاوازی وەرگرت دوو کەس لە دوو دیوی دیوار بە دەرکێکی ئاسنینەوە و ڕۆچنەیەکی چووك لە بەینیاندا، تۆ لە دەرەوەی دیوە تاکەکەسییەکەم و من لە ژووریّ.

ئێستا وا باشترە یەکتر بە باشی بناسین.

ئەمن مامۆستام... نا... نا...

ئەمن قوتابیی سەمەدی بێهرەنگیم. ئەوەی ئۆلدوز و قالاو و ماسییەڕەشە بچکۆڵەی نووسی بۆ ئەوەی فێری بزووتن و نەسرەوتنمان بکا.

دەیناسی؟ دڵنیام کە نای ناسی.

من قوتابیی خانعەلیم، هەر ئەو مامۆستایەی فێری کردین چۆن خۆرەتاو لە سەر تەختەڕەشی پۆلەکەمان بکێشینەوە کە شەمشەمە کوێرەکان ڕاو بنێ.

دەزانی کێ بوو؟

ئەمن هاوڕێی بەهمەنی عیززەتیم ئەو پیاوەی هەمیشە بۆنی بارانی لێ دەهات و مرۆڤێك کە هەمیشە خەڵکی کرماشان و گوندەکانی لەگەڵ یەکەم بارانەی پاییز وەبیریان دێتەوە. تۆ هەر دەزانی ئەو کێ بوو؟ دەزانم نازانی.

من مامۆستام، بزە و پرسیارم لە قوتابییەکانمەوە بە میرات پێ گەیوە.

ئێستا کە ناسیتم تۆ باسی خۆت بکە، هاوکارەکانت کێ بوون تووڕەیی و بێزرایت لە کێ بە میرات پێ گەیی، کەلەپچە و کۆت و بەندت لە کێوە بۆ ماوەتەوە؟ لە چاڵەڕەشەکانی زوحاکەوە؟

باسی خۆت بکە، ئەتۆ کێی؟ کە من تەنیا لە کۆت و بەند و کەلەپچە و قەمچی، لە دیواری پتەوی ٢٠٩ لە چاوە ئەلیکترۆنییەکانی بەندیخانەو لە دەرگا قایمەکانی مەترسێنە، ئیتر هیچ ترسێکم وەبەر نانێن. تووڕە مەبە، مەگوڕێنە، مستە کۆڵەت لە دڵم مەدە کە لەبەرچی سەر هەڵ دێنم، چیرۆکی مستی تۆ و کەللەی ژنە گیراوەکەم هەر لەبیرە.

تێم هەڵ مەدە کە بۆچی گۆرانی دەڵێم باوباپیرانم عیشقی خۆیان، ژان و برکیان، خەبات و بوونیان لە گۆرانی و سروودەکانیاندا بە یادگار بۆ بەجێ هێشتووم. ئەمن دەبێ بچڕم و تۆ ببیستی و تۆ دەبێ گوێ لە گۆرانیم ڕاگری، دەزانم ئازارت دەدا.

مەمدە بەر دارو پێلەقە، کە بۆ لە کاتی ڕۆیشتنمدا دەنگی پێم دێ. چونکە دایکم فێری کردووم بە هەنگاوم زەوی بدوێنم. ئادو پەیمانێك لە نێوان من و زەویدا بەستراوە، پەیمانێك کە زەوی لێوڕێژ بکەم لە جوانی و بزە. کەواتە لێم گەڕێ پیاسە بکەم، لێگەڕێ با گوێی لە دەنگی ترپەی پێم بێ. لێگەڕێ با زەوی بزانێ هێشتا زیندووم و هیوادار.

قەڵەم و کاغەزم لێ مەستێنە من گەرەکمە لایەلایە بۆ منداڵانی نیشتمانەکەم بڵێمەوە لێوڕێژ لە هیوا و پڕ لە چیرۆکی سەمەد و ژیانی ئەو، لە خانعەلی و حەزەکانی، لە عیززەتی و قوتابییەکانی، گەرەکمە بنووسم دەمەوێ خەڵکەکەم بدوێنم لە دیوە تاکەکەسییەکەمەوە هەر لێرەوە دەزانی دەڵێم چی؟

دەزانم وا فێر کراوی بێزار بی لە



تیشك و نوور و جوانییەکان، لە بیر و بیرکردنەوە.

بەڵام مەترسە وەرە نێو ژوورەکەمەوە میوانی سفرە چووك و دڕاوەکەم بە. بزانە من چۆن هەموو شەوێ قۆتابییەکانم بانگهێشت دەکەم. چیرۆکیان بۆ دەخوێنمەوە

بەڵام خۆ تۆ ئیزنت نیە کە بیانبینی، ئیزنت نیە بیان بیستی تۆ دەبێ عاشق بی، دەبێ مرۆڤ بی، دەبێ لەم بەرەی دەرگاوە بی بۆ ئەوەی بزانی دەڵێم چی.

لێم بڕوانە تاکوو بزانی جیاوازیمان لە چی دایە. من گشت ڕۆژێ لە سەر دیواری دیوەکەم دەستی ئازیزەکەم و چاوە جوانەکانی دەکێشمەوەو قامکەکانی دەگرمە دەست و تینی ژیان لە دەستی و چاوەڕوانی و تاسەباری لە چاوانیدا دەخوێنمەوە، بەڵام تۆ هەموو ڕۆژێ بە باتۆمەکەی دەستتەوە قامکە نەخشێنراوەکانی سەر دیوارەکە دەشکێنی و چاوە چاوەڕوانەکانی دەردێنی و دیوارەکە ڕەش هەڵ گێڕی.

دنیای تۆ هەمیشە تاریکی و بەندیخانە دەبێ و هەستکردن بە ڕووناکایی ئازارت دەدەن. ئەمن چەندین مانگە چاوەڕێی دیتنی ئاسمانێکی پڕ ئەستێرەم پڕ لە ئەستێرەی یاخی کە لە ئەنگوستەچاوی شەودا لەمبەری ئاسمانەوە بەرەو ئەوبەری هەڵ دەفڕن و سینگی ڕەشی تاریکایی بە تیشك هەڵدەدڕن. بەڵام تۆ چەندین ساڵە لە تاریکاییدا دەژی، شەوی تۆ بێ ئەستێرەن دەزانی ئاسمانی بێ ئەستێرە یانی چی؟ ئاسمانی هەمیشە شەو یانی چی؟

ئەم جارەیان کە گەڕامەوە ٢٠٩ وەرە نێو دیوەکەمەوە کۆمەڵێك ئارەزووم بۆت هەیە نەك لە گوێن نزاکانی تۆ کە سەرانسەر ئاگرن و ترس لە دۆزەخ، ئارەزووی من پڕ لە هیواو لە بزە و خۆشەویستین. وەرە نێو ژوورەکەمەوە هەتا ڕازی دوایین بزەی عیززەتیت لە پای سێدارەوە بۆ بگێڕمەوە. دەزانم دیسان دەمبەنەوە ٢٠٩ لە حاڵێکدا تۆ بە ناخی پڕ لە قینتەوە بە سەرمدا دەگوڕێنی و ئەمن دیسان زگم بە تۆ و ئەو جیهانە بچکۆڵەیەی کە تۆیان لێ دابڕیوە دەسووتێ. ئەمن دەگەڕێمەوە لە حاڵێکدا کە مامۆستایەکم و هێشتا بزەی منداڵانی نیشتمانم لە سەر لێوە.

---

## درێژەی:

## وتووێژ لەگەڵ مامەند ڕۆژە

ئەگەر پێمان وابێ کە PKK بیانووی داوەتە دەستی حکوومەت و دەوڵەت کە بۆ چارەسەریی پرسی کورد هەنگاو هەڵ نەگرێ ئەوە هەڵەیە، بە پێچەوانەوە هەتا کورد دەستی بۆ چەك نەبردبوو دیسکۆرسی سیاسی لە تورکیا حاشا کردن بوو لە بوونی کورد و پرسی کورد. تەنیا ئەو کاتەی لە میدیای تورك و ناوەندە سیاسییەکانی تورکیە باس لە پرسی کورد کراوە کە کورد دەستی بۆ چەك بردووەو ترسی خوڵقاندووەو قەیرانی خوڵقاندووە. جگە لەوە هیچ کەس باسی کوردی نەدەکرد. لەم ڕووەوە ئەمە ڕاست نیە کە بڵێین ئەوە بیانووی داوەتە دەستی تورکیا کە هەنگاو بۆ چارەسەری هەڵ نەگرێت و لە نێوەندە سیاسییەکان هەنگاو بۆ پرسی کورد هەڵ نەگیرێت، بەڵام ڕاستییەکیش هەیە بە ڕاستی لە نێوخۆی DTP هەندێك کێشە و گرفت هەن، ئەسڵەن دوو جۆر لە باڵ و ئاراستەی سیاسیی جیاواز لە نێو DTP دا هەیە. ئاراستەیەك هەیە کە نەتەوەییەو تۆزێکیش مەسافییەتی هەیە لەگەڵ PKK ، کە ئەحمەد تورك و کۆمەڵێك کەسی تر تەنانەت حەسیب کاپڵان و ئەوانە کەسانی سەرەکیی ئەم باڵەن. بەڵام ئاراستەیەکی دیکەش هەیە کە لە کادرەکانی "PKK"وە زۆر نزیکن و چەپن لەوانەش دەکرێ ئاماژە بە ئامینە ئاینا و کۆمەڵێك لە کادرە سەرەکییەکانی DTP بکەین. ئەم دوو باڵە جار جار مەسافەیەك لە یەك دەگرن و جار جاریش پێکەوەن، بەڵام ئێستا یەکیەتی و تەباییەك هەیەو دەتەپە بە شێوەی یەکپارچە دەڕواتە پێشەوە. ئەو کاتەش کە ئەحمەد تورك ئەو لێدوانەی ڕاگەیاند کاتێك بوو کە ئەو لە سەرۆکایەتی کەوتبوو و ئامینە ئاینا و کەسێکی دیکە کە ئێستا دەستگیر کراوە، بوون بە سەرۆك. بەڵام دواتر هەڵبژاردن کرایەوە دووبارە ئەحمەد تورك بۆتەوە بە سەرۆکی DTP . ئێستا بە گشتی ئەوە کە ئایا چالاکیی چەکداری زەرەر دەگەیەنێت یان ناگەیەنێت، بوونی چالاکیی چەکداری لەمەوبەدوا و لە دوای ١٩٩٣ بە دواوە زیانی گەیاندووە، بەڵام ئەمە تەنیا لایەنی کورد نیە کە میتۆدی سەربازی گەیاندۆتە بنبەست، دەوڵەتی تورکیش خۆی میتۆدی سەربازی گەیاندۆتە بنبەست ئەوە نیە فەرماندەکانی پێشووی سوپا کە ئێستا خانەنشین بوون، ئەوانیش بەو قەناعەتە گەیشتوون کە میتۆدی سەربازی گەیشتۆتە بنبەست. تەنیا مەسەلەکە پێوەندی بە PKKوە نیە.

**- وەکو دوایین پرسیار ئەویش سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ٢٨ی مارسی شارەوانییەکان لە تورکیە ئەو هەنگاوانەی کە ئاکەپە دەیەوێ بینێت بێگومان کاریگەری لە سەر ڕای گشتیی کوردەکانیش دادەنێت بۆ ئەوەی دڵخۆش بن بەو پارتە کە دەتوانێ پرۆژەی چارەسەری بباتە پێشێ. لە وەها حاڵەتێك ئەگەر AKP بتوانێ لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان بە سەر DTP دا سەرکەوتن وەدەست بێنێ ئایا ئەوە کاریگەری دادەنێ لە سەر AKP کە بە خیاڵێکی ڕاحەتەوە هەنگاو بنێ بۆ چارەسەری یان بە پێچەوانە، دوای بخات بەو پێیەی کە دڵنیا بێت سەرکەوتنی بە دەست هێناوە پێویستی بە دەنگی کوردان نەماوە؟**

نەخێر AKP هەمیشە پێویستی بە دەنگی کوردان هەیە. تەنیا ئاکەپە نیە، CHP و مەهەپەش پێویستییان بە دەنگەکانی کوردستان هەیە. دەنگەکانی کوردستان سێ یەکی دەنگەکانی تورکیا پێك دەهێنێ و حەتتا زۆربەی بەشداریی سیاسی لە کوردستانە.

یەکێ لە فاکتەرەکانی سەرکەوتنی AKP دەنگەکانی کوردستان بوو. لەو کاتەوە کە بە تەقینەوەی دەنگەکان ناوزەد کرا، AKP پێویستی بە کوردستان هەیە. بە گوێرەی ئارشیفەکانی دوایی کە لەگەڵ سپا یەکی گرت، بە تایبەت ڕەجەب تەیب ئەردۆغان کە پشتی لە بەڵێنییەکانی کرد و پرسی کورد و پرسی پەکەکەی لێك جیا کردەوە و هەنگاوی هەڵ نەگرت تۆزێك سەمپاتی و جەماوەری بوونی ئاکەپە لە کوردستان دابەزی. ئەمە لە لایەك و لە لایەکی دیکەشەوە PKK چالاکیی سیاسی و سەربازیی دەستی پێ کردەوە ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی DTP ش بە هێز بوو، واتە DTPش خۆی کۆ کردەوەو لەو خۆکردنەوەیە سەمپاتی و ڕێژەی جەماوەری DTPش زیادی کردووە. بەڵام ئەم زیاد کردنە لەبەر ئەوەیە کە ئاکەپە خۆی مەڵاس داوە کە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی کوردستان بباتەوە چونکە AKP دەیەوێ خۆی بە نوێنەری ڕاستەقینەی کوردەکان بناسێنێ. ئێستا سەیر کە ٧٥ پەرلەمانتاری AKP کوردن لە حاڵێکدا DTP ٢٠ پارلمانتاری هەیە. ئێستا ئاکەپە دەیەوێ زۆربەی شارەوانییەکانی کوردستان بباتەوە تا بە تەواوی خۆی وەك نوێنەری شەرعی کوردەکان بنوێنێ و یەکەم زەربەیەکی سیاسی لە PKK بدات، دووەم ئەگەر پرۆژەیەکی شەڕ هەبێ وەك نوینەری سیاسی بڕیاری ئەوە بدات کە شەرعییەتی هەبێت، AKP ئەو شەرعییەتەی هەبێت. بەڵام AKP دەتوانێ سەر بکەوێ یان ئایا دەتەپە شکست دەهێنێ؟ نەخێر. DTP شکست ناهێنێ منیش پێم وایە کە DTP هێندێ لە شارەوانییەکان دەباتەوەو جەماوەری زۆر هەیە خۆتان دەزانن ئەو پێشوازییانەی بە خۆپیشاندان لە ئەردۆغان کران، نیشانەی چی بوون؟ نیشانەی ئەوەیە کە AKP لاواز بووە. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەگەر بەر لە هەڵبژاردنەکانی ٢٨ی مارس AKP پاکەتی چارەسەری پرسی کورد بخاتە ڕوو وەك چۆن ئێستا تەلەویزۆنی کوردی کراوەتەوەو لە زانکۆکاندا قەرارە بەشی کوردی بکرێتەوە. بەر لە ٢٨ی مانگ پێم وایە عەبدوڵڵا گول سەردانی کوردستان بکات دوای عەبدوڵڵا گول، ئەردۆغان سەردانی کوردستان دەکات. ئۆردوغان لە دیاربەکر پاکەتەکەی خۆی بۆ خەڵك دەخاتە ڕوو. لەو پاکەتە چەند هەنگاوی کردەیی هەڵ بگیرێت بۆ چارەسەری پرسی کورد و چەند بەند و مادەی وای تێدا بێت کە پرسەکە بە شێوەی ڕیشەیی چارەسەر بکات، ئەوەندە ئاکەپە لە هەڵبژاردنەکاندا سەردەکەوێ.

**زۆر سپاس بۆ بەشداریتان لەم وتووێژەدا**

### مامەند رۆژە:

# تەنیا ئەو کاتەی میدیای تورك و ناوەندە سیاسییەکانی تورکیە باسیان لە پرسی کورد کردوە کە کورد دەستی بۆ چەك بردوە

دیمانە: حوسێن ئەحمەدپوور



**لە ماوەی رابردوودا لە تورکیە سەبارەت بە پرسی کورد چەند هەنگاوی مێژووی هەڵێنرایەوە کە لە مێژووی ٨٠ ساڵەی حاشا کردن لە بوونی کورد شتێکی بێ وێنەو تەنانەت تابۆیەکی گەورە بوو. کۆمەڵێك بیروبۆچوونی جیاوازو دژبە یەك سەبارەت بەو هەنگاوانەی دەوڵەتی AKP هاتنە ئاراوە. بۆشی کردنەوەی زیاتری گۆڕانکارییەکان و ئاکامەکانی ئەم هەنگاوانەی AKP بە پێویستمان زانی وتووێژێك لەگەڵ بەڕێز مامەند رۆژە، شارەزای کاروباری سیاسی تورکیە پێك بێنین.**

**- ئەو هەنگاوانەی دەوڵەتی تورك کە لەم دواییانەدا لە رووی کولتوورییەوە هەڵیگرتوون وەکوو کردنەوەی تەلەویزیۆنی کوردی و کردنەوەی بەشی کوردی لە زانکۆکان، هێندێك کەس و لایەنی دڵخۆش کردووە کە ئاکەپە بەرە بەرەو هەنگاو بە هەنگاو دەیەوێ پرسی کورد چارەسەر بکات. ئایا بە راستی AKP پرۆژەیەکی بۆ ئەم پرسە پێیە کە ئەو هەنگاوانە بەشێك بن لە جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژەیە، ئەوە لە کاتێك دایە کە هێندێك کەس و لایەن پێیان وایە کە ئاکەپە هەر لە بنەڕەتدا پرۆژەیەکی بۆ چارەسەری پێ نیە ئەو نەرمی نواندنەش کە جارو بار دەینوێنێ تەنیا پروپاگەندەی پێش هەڵبژاردنە؟**

**پارتی داد و گەشە پێدان لەوەتی حوکمی بەدەستەوە گرتووە بە هەموو هەڵوێستەکانی و بە هەموو رەفتارە سیاسییەکانی سەلماندوویەتی پارتێکی ستاندارد نیە بە گوێرەی پرەنسیبەکانی نەتەوەپەرەستی کە پێی دەوترێ کەمالیزم سەلماندوویەتی کە پارتێکە روانینی جیاوازی بۆ پرسە ناوخۆییەکان و پرسە دەرەکییەکان لە تورکیە هەیە.**

- ئەمە بۆچوون نیە هێندێك کەس پێیان وابێ رەنگە ئەمە بەشێك بێت یان پرۆژەیەك بێ کە ئەگەری ئەوە هەبێ AKP پرۆژەیەکی پێ بێت بۆ چارەسەریی پرسی کورد، نەخێر ئەوەی راستی بێت پارتی داد و گەشەپێدان پرۆژەیەکی پێیە چەند ساڵێکە ئامادەی کردووە کە پێی دەڵێن پاکەتی چارەسەر کردنی پرسی کورد. ئەم پاکەتە پێشتر ئامادە کراوە، تازە نیە هەروەها بۆ خۆشت دەزانی پارتی داد و گەشەپێدان لەوەتی حوکمی بەدەستەوە گرتووە بە هەموو هەڵوێستەکانی و بە هەموو رەفتارە سیاسییەکانی سەلماندوویەتی پارتێکی ستاندارد نیە بە گوێرەی پرەنسیبەکانی نەتەوەپەرەستی کە پێی دەوترێ کەمالیزم سەلماندوویەتی کە پارتێکە روانینی جیاوازی بۆ پرسە ناوخۆییەکان و پرسە دەرەکییەکان لە تورکیە هەیە. ئەمە چۆن دەتوانین لێکی بدەینەوە یەکەم بۆ پرسە ناوخۆییەکان لە تورکیە چ سەبارەت بە پرسی کورد چ سەبارەت بە پرسی دێمۆکراتیزەکردنی قەوارەی سیاسی لە تورکیە کۆمەڵێك هەنگاوی هەڵ گرتووە ئەمەش هەمووی تەنیا بۆ ئەوە نیە کە ببێتە ئەندامی یەکیەتیی ئەورووپا، بەڵکوو کۆمەڵێك رێفۆرمیست لە نێو پارتی داد و گەشەپێداندا کۆبوونەتەوەو ئەیانەوێ ئەو گۆڕانکارییانە ئەنجام بدەن. لە پرسە ناوخۆییەکاندا خۆت دەبینی چ لە رووی ئابوورییەوە ئەو گۆڕانکارییانەی لە قۆناخی یەکەمی دەسەڵاتدارێتیدا ئاکەپە کردوونی و چ لە رووی سیاسییەوە ئەو چاکسازییانەی ئەنجام دران. لە رووی سیاسییەوە کۆمەڵێك گۆڕانکاری و چاکسازی ئەنجام دران. سەبارەت بە پرسی کورد ئاکەپە لە ٢٠٠٥ بە شێوەی کردەکی هەنگاوی هەڵ گرت. ئەردوغان بۆ خۆی سەردانی دیاربەکری کرد و وتی پرسی کورد هەیە و ئەم پرسە بەر لە هەموو کەس پرسی منە. ئەمە بە وەرچەرخانێك لە قەڵەم درا کۆمەڵێك کەس بە گومانەوە سەیری ئەمەیان ئەکردو پێیان وابوو ئەمە جۆرێکە لە قسەکانی تۆرگوت ئۆزال و هەروەها چەند سەرکردەیەکی تری تورکیا وەك مەسعود یەڵماز کە پێشتر باسیان لە پرسی کورد کردبوو. ئۆزال وتبووی پرسی کورد هەیەو دەبێ چارەسەر بکرێت. مەسعود یەڵمازیش کاتی خۆی رایگەیاند کە رێگای بە ئەندام بوونی تورکیە لە یەکیەتیی ئورووپا بە دیاربەکردا تێ دەپەرێ. بەڵام کاتێك بە شێوەی کردەکی ئاکەپە پاکەتی چارەسەری پرسی کوردی خستە روو دەرکەوت کە ئەمە تەنیا هەڵوێستێکی سیاسی رووت نیە، بەڵکوو بەشێکە لە رەفتارە سیاسییەکانی پارتی داد و گەشەپێدان. ئەم پاکەتە چی لە خۆ دەگرێت، ئەم پاکەتە کۆمەڵێك چاکسازیی ئابووری، کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی لە خۆ دەگرێت، لە ئابووری دا دەتوانین ئاماژە بە پرۆژەی تازەی گاپ بکەین، پرۆژەی نوێی باشووری رۆژهەڵاتی ئانادۆڵ کە بە گاپ ناسراوە و ئەمەش ژمارەیەکی زۆر لە بەنداوو سەد لە خۆ دەگرێ کە بۆ بووژاندنەوەی هەرێمەکە بە کار ئەهێنرێت. ئەم پرۆژەیە کە بریتییە لە کۆمەڵێك سەد و بەنداوی تازە، پرۆژەیەکی زۆر و زەبەندی ئابوورییە کە بۆ گەشەپێدانی ئابووری و کەرتی کشت و کاڵ و تەنانەت کەرتی گەشت و گوزاری و خزمەتگوزارییەکانی دیکە کەڵکی لێ وەردەگیرێ و١٢ ملیارد دۆلاری بۆ تەرخان کراوە. ئەم پاکەتە کەی ئەخرێتە روو بڕیاریان داوە بەر لە هەڵبژاردنەکانی ٢٨ی مارسی ئەم ساڵ واتە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان ئەم پرۆژەیە بخرێتە روو.

**دەسکەوتەکان تەنیا ئەوە نییە بڵێین ئاکەپە خێری کردووە بە کورد، نەخێر بەڵکو دەسکەوتەکان بەشێکی دەسکەوتی بزووتنەوەی کوردە لە باکووری کوردستان، بەڵام ئاکەپە هاتۆتە پێشەوە بۆ ئەوەی ئەم دەسکەوتانە پێشکەش بە کورد بکات. کردنەوەی کاناڵی ٢٤ ساعەتە بە کوردی لە تورکیا وەك شۆڕشێك لە قەڵەم دەدرێت**

**- باشە کاك مامەند ئەو جۆرەی کە خۆت باسی دەکەی بەر لە هەڵبژاردنەکانی ٢٨ی مارس، ئایا ئەوە هەر ئەو تێبینییەی لە سەر نیە کە ئەوەش تەنیا هەر پروپاگەندەیەکی هەڵبژاردنەو شتێکی دیکە نیە، یانێ ئەوە ئەمە ناسەلمێنێ؟**

ئاخە دەسکەوت هەیە، دەسکەوتەکان تەنیا ئەوەش نەبێ بڵێین ئاکەپە خێری کردووە بە کورد، نەخێر بەڵکو دەسکەوتەکە بەشێکی دەسکەوتی بزووتنەوەی کوردە لە باکووری کوردستان، بەڵام ئاکەپە هاتۆتە پێشەوە بۆ ئەوەی ئەم دەسکەوتانە پێشکەش بە کورد بکات چونکە ئێستا سەیر بکە کردنەوەی کاناڵی ٢٤ ساعەتە بە کوردی کە پەخش بکات لە تورکیا وەك شۆڕشێك لە قەڵەم دەدرێت بە تایبەت ئەویش لە تەلەویزیۆنێکی رەسمی لە تورکیایەك کە ماوەی زیاتر لە ٨٠ ساڵ حاشای لە بوونی کورد کردووە. لە بەندی یەکەمی دەستوری تورکیەدا هاتووە کە لە تورکیا یەك نەتەوە، یەك ئاڵا، یەك دەوڵەت هەیە. ئەمە بە شێوەی رەسمی حاشا لە بوونی کورد دەکات کەواتە کاناڵێکی ٢٤ ساعەتە بکرێتەوە ئاماژەیە بەوە کە ئەمە پڕوپاگەندە نیە بۆ هەڵبژاردن، هەرچەند پارتی داد ئەمە بە کار دەهێنێت بۆ هەڵبژاردن بەڵام خۆی کارێکی جێگیرە، کارێکی لاوەکی نیە.

**- لایەنی کورد واتە پەکەکە و هێندێ لە پارلەمانتاری دەتەپە لەو چەند رۆژەدا رایانگەیاندووە کە ئەم هەنگاوانە پیلانێکی دەوڵەت بۆ لاواز کردنی پەکەکە و دواتریش دەتەپەیە، ئەو رایەش هەیە کە لە بنەڕەتدا ئەگەر ئاکەپە پرۆژەی چارەسەری پێ بێ، ئەوە PKK لە هیچ شوێنێکی ئەم پرۆژەیەدا جێ ناگرێ. AKP دەیەوێ پرسی کورد و پەکەکە جیا بکاتەوە بەو پێیەو بە پێی وتەکانی جەنابت ئایا بە راستی هیچ پرۆژەیەکی چارەسەری بە بێ بوونی PKK ئیمکانی سەرکەوتنی هەیە ؟**

- بە هیچ کلۆجێك پرسی کورد لە باکووری کوردستان بە بێ بوونی PKK چارەسەر ناکرێت. چونکە ئەساسەکە لە سەر قەیران دروست بووە، قەیرانەکە کێ دروستی کردوە؟ ئەو قەیرانە PKK دروستی کردوەو لایەنی سەرەکی و موخاتەبی ئەم پرسە PKK یە، بۆیە لەم رووەوە ئەگەر ئەم هاوکێشەیە وابێت کە قەیرانێك هەیە لایەنێکی دەوڵەتی تورکیایەو لایەنێکیش و لایەنی بەرجەستەشی پارتی کرێکارانی کوردستانە. هیچ چارەسەرییەك سەر ناگرێت ئەگەر پارتی کرێکارانی کوردستانی تێدا نەبێت. بەڵام راستە ئەو نیگەرانییەش هەیەو ئەو نیگەرانییەی کە پەکەکە و DTP دەریان بڕیوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فۆرمۆلەی کە ئەردۆغان کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٨ رایگەیاند، ئەردوغان رایگەیاند پرسی کورد جیایە پرسی تیرۆر جیایە. مەبەستیان لە پرسی تیرۆر پرسی PKKیە. ئەردوغان بە ئاشکرا بە پارلمانتارانی کورد و بە پارلەمانتارانی کوردی نێو ئاکەپەشی وت، یان ئەوەیە کە هەڵوێست لە دژی تیرۆر وەربگرن یان دەبێ ئێرە جێ بهێڵن. مەبەستی ئەوە بوو پرسی کورد و پرسی PKK جیا بکاتەوە هەروەها شتی تریشی وت کە نیگەرانی دروست دەکات بۆ نموونە ئەردوغان لە پارلمان رایگەیاند ئێمە هیچمان نەوتووە، ئێمە وتوومانە یەك دەوڵەت و یەك نەتەوە هەیە ئەوەی پێی خۆشە بمێنێتەوە ئەوەی پێی خۆش نیە بڕوا. ئەوانەو کۆمەڵێك شت نیگەرانی دروست دەکات بەڵام سەرباری ئەمەو سەرباری ئەم فۆرمولە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ رێککەوتن لە نێوان ئۆردۆغان و ئیلکەر باشبوغ فەرماندەی گشتی سپا کە ئەو فۆرمولەیان پێش خست کە کۆمەڵێك چاکسازیی ئابووری، کولتووری و تەنانەت سیاسییش ئەنجام بدەن بەڵام لە رووبەڕووبوونەوەی PKK توندتر بن. ئەو فۆرمولەی باشبوغ پێشی خست خۆت دەزانی شەپۆلێکی فراوانی ئۆپراسیون پاییزی رابردوو هەموو باکووری کوردستانی گرتەوەو سنوورەکانیشی گرتەوە، بەڵام دەرکەوت ئەم میتۆدو ئەو شەپۆلە تازەو دروست کردنی چەندین مەڵبەندی مەشقی کۆماندۆش نەیتوانی ئەم پرسە چارەسەر بکات. دەرکەوت کە میتۆدی سەربازییش بە بنبەست گەیشتووە. سەرباری ئەوەش کە حاشا دەکەن و دەیانەوێ پرسی کورد و پرسی پەکەکە لێك جیا بکەنەوە لەو باوەڕە دام بەهاری ئایندە کار بۆ ئەوە دەکرێت لە چەندین نێوەندی جۆراوجۆرەوە PKK ش بکێشرێتە نێو ئەو پرۆژەیەوەو حەتا باس لە ئەوە دەکرێت کار بۆ چەك دانانی PKK بکرێ.

**- باشە کاك مامەند لە وەها دۆخێکدا کە دەوڵەت کۆمەڵێك هەنگاوی هەڵێناوەتەوەو کۆمەڵێك کاری کردووە بەو پێیەش کە لە تورکیە دەرەتانی هەرچەند بەرتەسکیش بێ بۆ چالاکیی سیاسی هەیە بۆ کوردەکان کە لەو رێگایەوە بزووتنەوەکەی خۆیان پێش بخەن، ئایا چالاکیی چەکدارانی PKK تا چەند دەتوانێ شتێکی دروست بێ بە سەرنجدان بەو راستییەی ئەگەر ئاکەپە بیشی هەوێ PKK بەشدار بکا لەو پرۆژەیە لەبەر هێندێك هۆکار وەك ترس لە بیرو ڕای گشتی تورکان ئەوە بۆ AKP کارێکی سەختە. ئێستا لە وەها حاڵێکدا PKK دەبێ چ هەڵوێستێکی هەبێ و چ سیاسەتێك بگرێتە بەر؟**

**بەرلە ٢٨ی مارس ئۆردوغان لە دیاربەکر پاکەتەکەی خۆی بۆ خەڵك دەخاتە روو. لەو پاکەتە چەند هەنگاوی کردەیی هەڵ بگیرێت بۆ چارەسەری پرسی کورد و چەند بەند و مادەی وای تێدا بێت کە پرسەکە بە شێوەی ریشەیی چارەسەر بکات، ئەوەندە ئاکەپە لە هەڵبژاردنەکاندا سەردەکەوێ.**

- ئەگەر PKK خۆی لە خۆیەوە بێت و چەك دابنێت و تەسلیم بێت ئەوە شتێکی غەڵەتە. چونکە ستراکچێر و قەوارەی ئەو رێکخراوە قەوارەیەکی چەکدارییە و دەستی بۆ چەك بردووە تاکوو پرسی کورد بخاتە روو و بۆ ئەوەی پرسی کورد چارەسەر بکرێت. ئەمە خۆی لە خۆیەوە دروست نابێت مادام سوپای تورکیە بەردەوام ئۆپەراسیۆن دەکات، مادام تورکیا ئێستاش یەکێ لە گوتارەکانی گوتاری شەڕە، PKK ناتوانێت چەك دابنێت. بەڵام ئایا دەکرێت چالاکیی سەربازی نەکرێت؟ بەڵێ دەکرێت چالاکیی سەربازی نەکرێت، دەکرێ بە شێوەیەکی یەکلایەنە ئاگربەست رابگەیەنێت، بەڵام ئایا PKK ئەمەی نەکردووە؟ لە سەداسەد PKK ئەمەی کردووە، گەلێك جار ئەمەی کردووە. بەڵام سپای تورك هەرگیز ئەم هەنگاوانەی PKK ی بە رەسمی نەناسیوە و شەرعییەتی پێ نەداوە و بەردەوام درێژەی بە ئۆپەراسیۆنەکەی داوە. لەم رووەوە پرۆسەکەی باکووری کوردستان هەم پرۆسە سەربازییەکەی و هەم پرۆسە ئابوورییەکەی هاوتەریب لەگەڵ یەك دەچنە پێشەوە. بۆیە من پێم وایە بوونی جموجۆڵی چەکداری وەك هێزی فشارو هێزی گارانتی بۆ چارەسەر کردنی پرسی کورد لە باکووری کوردستان رۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەیە.

**- ئەحمەد تورك سەرۆکی پارتی کۆمەڵگای دیمۆکراتیك لە بەهاری رابردوودا رایگەیاند کە خەباتی چەکداریی PKK لەم قۆناغەدا لە بەرژەوەندیی بزووتنەوەی کورددا نیە ئەو وتەیەی تورك وێدەچێ لەوەوە هاتبێ کە پ ك ك بیانووی داوەتە دەست دەسەڵاتدارانی تورك کە لە ئاستی نێودەوڵەتی بە پێناسە کردنی کێشەی کورد وەك کێشەی تیرۆر چارەسەری پرسی کورد دوا بخەن و هەروەها هەر بەو نێوەوە گوشاری زیاتر بخەنە سەر DTP و هەر چەشنە حەرەکەتێك کە بە شێوەی یاسایی بەرێوە دەچێ. ئێستا لە روانگەی ئێوەوە ئەم روانگەیەی ئەحمەد تورك چەندە واقعبینی سیاسی لە پشتەوەیە ئایا ئێوەش پێتان وایە کە چەك دانانی PKK دەتوانێ لە بەرژەوەندیی خەباتی یاسایی DTP دا بێ لە نێو خۆی وڵات بەو پێیەی کە DTP لە ئەورووپا زیاتر لە PKK مەقبوولییەتی هەیەو قسەی لێ وەردەگیرێ؟**

درێژەی لە لاپەڕە ٦

# پیرۆزیی دەسەڵات لە کۆمەڵگادا

لوقمان زەهرایی

لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا کە بەشێکی زۆر لە خەڵك بە مافەکانیان و لە ژێر سێبەری دەسەڵاتێکی تۆتالیترو ئازادیکوژدا دەژین، یاساکان بە پێی بەرژەوندی و خواستی دەسەڵاتداران دادەڕێژرێن و بە زۆر بە سەر خەڵك دادەسەپێن. دەسەڵاتە تۆتالیترەکان دەکرێ لە ڕێگای کودیتای سەربازییەوە گرتبێ کە ژنێراڵەکان دەبنە حاکمی بێ ئەم لاوئەولای وڵات و ئامادە نین کە دەسەڵات بە شێوازێکی دێموکراتێك رادەستی کەسانی دیکە بکەن و تەحەممولی هیچ جۆرە بیروباوەڕێکی جیاواز لە خۆیان ناکەن و بوونی ئۆپۆزیسیۆنی دژی دەسەڵات لە و وڵاتانەدا بوونی نیە و هەموو شتێك بە زیندان و کوشتن وڵام دەدرێتەوە جۆرە دەسەڵاتێکی دیکەی تۆتالیتر لەو جۆرە وڵاتانە بەدی دەکرێ کە دەسەڵات لە بابەوە بۆ کوڕ ڕادست دەکری، جاران لە نێو سیستمی پادشاکان و سوڵتانەکان باو بوو، ئێستا لە نێو هێندێك سیستمی بەناو کۆماریشدا بۆتە باو کە دەسەڵات لە باوکی مردووەوە رادەستی کوڕەکەی دەکرێ، وەکوو نموونە دەکرێ ئاماژە بە سووریە و وڵاتی ئازەربایجان بکەین. دەسەڵاتی تۆتالیتێری دینی جۆرێکی سێیەمی ئەو نیزامانەیە کە بە کەڵك وەرگرتن لە ئایین، پیرۆزی بە خۆی دەبەخشێ و ملکەچ کردنی هاووڵاتیان لە هەمبەر یاساکاندا بە ئەرکێکی دینی پێناسە دەکا و هەرکەس دژ بەو سیاسەت و یاسایانە بوەستێتەوە، ئەوە بە پێی حوکم و قانونی وان دژ بە خوداو پەیامبەران و کتێبە پیرۆزەکان راوەستاوە و لەو حاڵەتەشدا ئەو کەسە کافرە ودەبێ وەکوو کافریش سزای توند بدرێ. لە راستیدا لەو کۆمەڵگایانەدا تاکی کۆمەڵگە بە دایم ترسی لە خوداو پەیامبەران لە دڵدا دەچێنرێ و هەر لە منداڵییەوە وا پەروەردە دەکرێ کە بەوەی هەیەتی شوکرانە بژێر بێ و ناشوکری نەکا، نەوەکوو خودا ئەوەی هەیەتی لێی بستێنی. ترس و لێپرسینەوە لە قیامەت و دۆزەخ بەردەوام لە ژیانی ئینسانەکاندا رەنگدانەوەی هەیە و مرۆڤەکان ترسنۆك وبێ کەڵك و چاو لە دەست بار دەهێنن و وا نیشان دەدەن کە ئەوە رێبەر و سەرکردەکانن کە خاس و خراپی هەموو کەس دەزانن و هەر ئەوانیش دەبێ بڕیار لە سەر چارەنووسی تاکەکانی کۆمەڵگا بدەن. لە وجۆرە کۆمەڵگایانەدا کە خوێندەواری و رۆشنبیری زۆر گەشەی نەکردوە و زۆرتر بە شێوازی سوونەتی و خێڵەکی و دەرەبەگایەتی بەڕێوە دەچن و لەگەڵ مودێرنیتە وەکوو بیرو ئەندێشە لە پراتیکدا بێگانەن و دێموکراسی و پاراستن و دابین کردنی مافە سیاسی و مەدەنییەکانی مرۆڤ لە خەون و خەیاڵ دەچێ، تاکی کۆمەڵگە لەگەڵ زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری و سیاسی بەرەوڕوو دەبێتەوەو دەسەڵاتداران بە دەیان ئاستەنگ و بەربەستی بە ئانقەست دروست دەکەن کە تەنانەت بیرمەندانی کۆمەڵگاش نازانن هەوڵ بۆ جێبەجێ کردنی کامەیان بدەن.

لەو وڵاتانەدا، سەرەڕای ئەوەی کە کەسانێك پەیدا دەبن لە بۆ وەدیهێنانی ئازادی و دابین کردنی مافە ئینسانییەکان هەر کام بە پێی بیروڕا و بۆچوون و لێکدانەوەی خۆی لە سەر کۆمەڵگەو مافەکانی تاك و کۆمەڵ حیزبی سیاسی دروست دەکەن، بۆ وەدیهاتنی ئەو ئامانجانەش کۆمەڵێك دروشمی جوان دەخەنە سەر کاغەز کە زۆر جار خۆشیان زۆریان بڕوا پێی نیە و بۆ پاراستن و بەرژەوندیی کەسەکیی خۆیان، مافی تاکی کۆمەڵگە بە دۆلارێك سات و سەودا دەکەن و منەت بە سەر خەڵکیشدا دەکەن کە وا خەریکن لە پێناو رزگاری و ئازادی و مافەکانی ئەواندا زەحمەت دەکێشن و رەنج دەدەن.

کۆمەڵگەی کوردییش وەکوو بەشێك لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکانی ئەو جیهانە بێ بەری نیە لەو داب و نەریتانە وڵاتەی کە کوردستانیان داگیرو دابەش کردوە و کورد هەر وا لە پێناو ئازادی و رزگاری لە ژێر ستەمی داگیرکەر خەبات دەکا، بە حوکمی ئەوەی بیرو ئەندیشەی مودێرنیتە هێشتا زۆری ماوە بێتە کولتووری کۆمەڵگە و تا گەیشتن و دەرك کردن بە رێزلێنان لە مافەکانی مرۆڤ رێگایەکی یەکجار سەخت و هەڵدێرمان لە بەرە، دەسەڵاتدارانی حاکم بە سەر ئەو وڵاتانەش بۆ پاراستنی دەسەڵاتی شومیان پیرۆزیی تەواویان بە خۆیان داوەو بە کەڵکوەرگرتن لە هەست و سۆزی ئایینی خەڵکی داماو و بێبەش، ئایینیان وەکوو کەرەسەیەك زۆربە باشی بەکار هێناوە و رۆژانە سیاسەتی پێوە دەکەن.

بە بوونی کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو و تێ نەگەیشتن لە نوێخوازی و خۆ نوێ کردنەوە و بڵاو کردنەوەی کولتووری خێڵەکی و دەرەبەگایەتی، تاکەکانی داهاتوو و پەروەردەکراو بە کولتوورو سوونەتە دێرینەکان لە زۆر حاڵەتدا کە دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە هەمان کاردانەوەیان هەیە کە رێبەرانی پێش خۆیان بوویانە. بەو واتایە گۆڕین و لاچوونی تاکەکان لە دەسەڵات، بیرو بۆچوون و تێڕوانینەکان هەر وەکوو خۆیان دەمێننەوە تەنیا مرۆڤەکانن کە جێگۆڕکێ دەکەن، دەنا خەبەرێك لە ئاڵ و گۆڕ و خۆ نوێ کردنەوە نیە و هەرکەس لە بیری خۆی دایە کە زۆر بە کەڵك وەرگرتن لەو دەسەڵاتە کە بە رێگایەکی ناسالم و دوور لە ئەسڵە دێموکراتیکەکان وەدەستی کەوتووە دەسەڵاتی خۆی داسەپێنێ و خەڵك بکا بە ژێردەستی خۆی. ئەو شێوازە کولتوورە کە بۆتە کولتوورێکی گشتگیری کۆمەڵگە لە ناو حیزبە سیاسییەکانی کوردییشدا هەر پەیڕەوە کراوە ودەکرێ و کەسانێك هەڵ دەکەون کە هەر بوون بە سەرۆك و یان ئەندامی رێبەریی حیزبەکەیان، ئیتر وادەزانن خودای سەر عەرزن و ئیدی هەموو ئەو وشە جوانانەی لە بەرنامەی حیزبەکەیاندا بۆ ئازادی و دێموکراسی و مافی تاکی کۆمەڵگەو یەکسانیی ژن و پیاو، مافی منداڵ و چی و چی ریزیان کردوون لە یاد دەکەن و لە راستیدا دەبن بە دیکتاتۆرێکی بچووك لە نێو حیزبەکەی خۆیاندا و هەوڵ بۆ یەك دەست کردن و یەك ڕەنگ کردنی حیزبەکەیان و لە پلەی یەکەمدا رێبەریی حیزبەکەیان دەدەن و هەر کەسیش لە نێو حیزبەکەی خۆیان و یان لە دەرەوەی حیزبەکەیان رەخنەی لێ گرتن، ئەوە ئیدی لەگەڵ دوژمن کەوتووە و خەیانەتکار و خۆفرۆش و لادەرو چی وچیەو دەیان ناو ناتۆرەی دیکە کە بۆ دژبەران هەڵ دەبەسترێن لە راستیدا ئەو کولتووره ناسالم و ساڵانێکی دوورو درێژە بۆتە بەشێك لە کولتووری سیاسیی حیزبەکان و وەکوو خۆرە کەوتۆتە گیانیان و تاکوو ئێستاش ئەو عەقلییەتە دواکەوتووانە بە شێوازێکی بەرین و بە بەرنامە داڕێژراو کاری پێ دەکرێ. لەو کولتوورە دواکەوتووانەیەدا بە تەواوی بڕستی لە بەشی هەرە زۆری حیزبە سیاسییەکان بڕیوە و کەسانی دژ بە سیاسەتە چەوت و هەڵەکان دەکەونە بەر قەهرو غەزەبی جەنابی سەرۆك و ئەندامی رێبەری سووك کردنی ئەو کەس و لایەنانە هۆو بەها ئەخلاقییەکان دەخەنە ژێر پێی و هەر ئەو هاوخوێن و هاوسەنگەرو هاوسفرەیەی دوێنی یەکشەوە لە بەر چاویان دەبێتە دێوو درنج و خوێنی تاڵ دەبێ و بە شەوێك لە شۆڕشگێری رێگای ئازادیی گەل و نیشتمانەوە دەکرێ بە خائین و خۆفرۆش و لادەر لە رێبازی سەر کردەی زیندوو یان مردوو. دەسەڵاتدارەکان هەر بەو سووکایەتییانە ناوەستن و هەموو هەوڵیان دەخەنە گەڕو بە هەموو شێوازێك بۆ بەدناو کردن و ریسواکردنی نەیارانیان تێدەکۆشن و بۆ وەدیهێنانی مەبەستەکانیان ئەندام و لایەنگری حیزبەکەیان دەکەن بە دەستە چیلەی ئەو ئاگرەی کە هەر خۆیان بە هۆی سەرەڕۆییان و نادێموکرات بوونیان دروستیان کردوە.

حیزبەکان لە ئاکار و کردەوەکانیاندا چ لە پێش دابەش بوون و چ لە پاش لێکدابڕان پەیڕەوەی لە کولتووری عەشیرەیی دەکەن و لە راستیدا زۆر جار مرۆڤ هەست بەوە ناکا کە ئەوانە حیزبی سیاسی و کەسی سیاسین، زۆرتر هەڵسوکەوتەکانیان لە دەرەبەگ و سەرۆك عەشیرەت دەچێ. لە نێو حیزبەکاندا خۆبەزلزانی و هاوڕێ و هاوسەنگەر بە کەم سەیر کردن و خۆ بە نوێنەر و رێبەری خەڵك زانین بۆتە فەرهەنگێکی جێکەوتوو کە دەکرێ بڵێین وەکوو نەخۆشی جەستەی حیزبەکانی تەنیوە. حیزبەکان وا خەڵك رادێنن کە ئەوە تەنیا حیزبە کە دەتوانێ گەل لە سایەی تێکۆشانی خەباتی سەرۆك و رێبەرانی ئەو حیزبانەیە کە بە ئازادی دەگا و ئەگەر حیزبەکان لێکدابڕانیان تێکەوێ، ئەوە گەل پشتی دەشکێ. سیاسەتی خۆ بە هەموو شتێك زانین و دیاری کردنی چارەنووسی گەلێك لە روانگەی حیزبێکەوە خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی یەکجار گەورەیە کە بەرۆکی تاکی کوردی گرتووە و دروست کردنی کاریزما لە سەرۆکەکان و بە پیرۆزی ناساندنیان و بە دوورزانینی ئەوان لە هەر جۆرە هەڵە و خەتایەك بۆتە هۆی ئەوەی کە خەبات و بەرخۆدانی دەیان ساڵەی کورد لە زۆر ئاستاندا، لانیکەم ئەو بەشەی کە پەیوەندی زۆر گەشە نەکا و حیزبی کوردی زۆرتر ببێتە جێگای ململانێ ناڕەوای چەندین کەس لەسەر دەسەڵات و تێوەگلاندنی خەڵکێکی زۆر چ وەکوو ئەندام لایەنگر و چ وەك خەڵکانی ناحیزبی لەو شەڕە بێ مانایەدا.

لە لێکدابڕان و لێکجیابوونەوەی ئەندامانی حیزبەکانی کوردی ئەو مەسەلەیە زۆر بە زەقی خۆی نواندوە و تەنانەت کەسانێکی زۆر هەبوون و هەن کە فرمێسکیان رشتوە و زۆریش لە ئەندامانی ئەو حیزبانە رایان وایە کە مادام حیزبەکەیان ئینشعاب و لێکدابرانی تێ کەوت، ئەوە ئیتر گەلی کورد فاتیحای خوێندراوە و بە مافەکانی ناگا و پشتی دەشکێ.

ئەوە راستە کە بۆ گەلێکی وەکوو کورد بۆ گەیشتن بە رزگاری و سەربەخۆیی یەکیەتی و یەکڕیزیی یەکجار گرینگە، بەڵام ئەوە بەو مانایەش نیە کە رزگاریی گەلەکەمان تەنیا لە دەلاقەی حیزبەکانەوە ببینین و پێمان وابێ کە ئەوە تەنیا حیزبەکانن کە دەتوانن موژدەی ئازادی بدەن بە گەل و لە خەبات و بەخۆدانماندا چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی کوردی وەبەر چاو نەگرین و حیزبەکان هەر خۆیان ببنە مەیدانداری ئەو خەباتە. بۆ رزگاری لە ژێر ستەمی داگیرکەر دەبێ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی هەست بەوە بکەن کە ئەو خەباتە لە پێناو دابین کردنی ماف و بەرژەوەندییەکانی هەمووان دایە و ئازادی و سەربەستی تەنیا بۆ حیزب و ئەندامەکانی نیە. ئەوەی کە جێگای هیچ شك و گومانێك نیە ئەوەیە کە، بۆ هەر کەسێك ناگونجێ بێتە ریزی یەکێك لە حیزبەکانەوە و ببێ بە ئەندامی یەکیان. ئەوە روانگەیەکی زۆر هەڵەیە کە، ئەوەی لەگەڵ حیزبەکان و شۆڕش نەبێ کورد نیە و یان هەست و سۆزی نیشتمان پەروەریی لاوازە. هۆیەکی زۆر سادە کە نابێ وابیر بکەینەوە ئەوەیە کە حیزبەکان هەموو گەل نین و گەلیش هەموو حیزبەکان نیە. لە راستیدا ئەوەی کە حیزبەکان لە پلەی یەکەمدا دەبێ بیکەن، وەلانانی کولتووری خێڵەکی و دەرەبەگایەتی و شەڕە جنێو و سووکایەتی بە یەکتر کردنە و دەبێ خۆیان بە تەواوی لەو کولتوورە دزێوە و لەو داب و نەریتە کۆنەپەرەستانەیە کە هەموویانی تووشی لێکدابران و پارچە پارچە بوون کردوە پاك بکەنەوە.

پێویستە حیزبەکان لە روانگەیەکی ئەمڕۆییەوە بڕواننە دەسەڵات و دونیا و مرۆڤ و مافەکانیان و پێویستە رێزلێنان لە کەرامەت و شەخسییەتی ئینسانەکان بە پێی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ هەڵسەنگێنن و رێزی لێ بگرن، دەنا باس کردن لە دێموکراسی و مافی مرۆڤ و پلۆرالیسم و کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانە و یەکسانیی ژن و پیاو و دابین کردنی ئازادییە مەدەنی و سیاسییەکان شتێکی زۆر بێ مانا دەبێ و لە راستیدا زۆرتر هەڵخەڵەتاندنی خەڵك دەبێ و بەس، نەك بڕوا بوون بە دابین کردن و رێزلێنانی ئەو مافانە.

پەیڤ

# دیاریی ئەردۆغان بۆ کورد درۆیەکی گەورەیە!

ئارام ئیبراهیم خاس

دەنگۆی دامەزرانی تلویزیۆنێکی کوردی بە شێوەیەکی فەرمی لە لایەن تورکیەوە، ماوەیەکی زۆر بوو لە ئارادا بوو تا ئەوەی کەTRT6 لە دایك بوو و ئەردۆغان وەك کەسی یەکەمی پارتی دەسەڵاتداری تورکیە رستەیەکی بە کوردی هێنایە سەر زمان: "بەخێر بێی TRT"

بەڵێ ئەوە قسەی کەسێکە کە تا سەر ئێسقان تێکەڵاوە بە خوێنی رەسەنی تورك! کەسێك کە بۆ چرکەساتێك ناتوانێ جگە لە زمانی تورکی بە زمانێکی تر قسە بکاو بیر بکاتەوە، کەسێك کە ماوەیەك لەمەوبەر رایگەیاند کە تورکیە یەك نەتەوەو یەك ئاڵای هەیە، ئەویش نەتەوەی تورك و ئاڵای تورکیەیە. گەلۆ ئەدی TVکوردی و بەخێر هاتن کردنی بە زمانێك کە لای ئەوان بوونی نیە، جگە لە هەڵخەڵەتاندن و شانتاژ چ مەبەستێکی دیکەی لە پشتە؟ کێشەی کورد لە رێگای دانی هێندێك ئیمتیازی ساکاری و کلتورییەوە چارەسەر ناکرێ، رەنگە بتوانێ رێگاخۆشکەرێك بێ بۆ چوونی تورکیەو ئەندامەتیی ئەو وڵاتە لە نێو یەکیەتیی ئوروویا، بەڵام بەم شێوەیە تورکیە بە پانسمان کردنی زامەکانی دۆزی کورد، ئەو کێشەیە بە چارەسەر نەکراوەیی دەگوێزرێتەوە بۆ نێو یەکیەتیی ئورووپاو لە ماوەیەکی زەمەنیی کورتدا برینەکان دووبارەو چەند بارە دەکولێنەوە. دامەزرانی TV یەك کە سەرلەبەیانی بە مارشی تورکیەو بە سروودی: "چ تورکێکی بەختەوەرم"، دەست بە وەشانی خۆی دەکا، لە حاڵێکدا بیری شۆڤینیی تورکی لە پشتەوە بە کوردی دەدوێ، (تەنانەت ئەگەری ئەوە هەیە لە درێژ ماوەدا هەوڵی شێواندنی زمانی کوردی بدا) چ خێرێکی بۆ کورد پێیە، کاناڵێك کە تەنیا بۆ وەدەستهێنانی رەوایی لە ئاستی دنیای دەرەوەدا دامەزراوە نەك ناتوانێ وەك راگەیاندن هیچ پەیامێکی بۆ چارەسەری لە لا بێ، بەڵکوو تەنیا دەتوانێ بە کوردی پڕوپاگەندە بۆ "هەر تورکێك عەسکەر لە دایك دەبێ." بکا. TRT ئەو پەڕەکەی دەتوانێ ئامرازێکی سەردەمییانە بۆ چەواشەکردنی راستییەکان و چەواشەکردنی خەباتی گەل لە باکووری کوردستان بە زمانی کوردی بێ، دامەزرانی TRT بەر لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە مانگی مارسدا، دیسان مرۆڤ دەخاتە ئەو هزرەوە کە ئەو کاناڵە تلویزیۆنییە، مکانیزمێکی پڕ بە پێست و گونجاوی AKPیە، تا بتوانێ جارێکی دیکە لە سەر کورسیی شارەوانییەکان لە کوردستان پاڵ بداتەوە. کێشەی کورد لە باکوور ئەوە نیە کە تلویزیۆنی کوردی هەبێ یان نا؟ ئەویش تلویزیۆنێك کە بیرێکی تەواو شۆڤینیستیی تورکی لە پشتەو ئەو هزرە بە زمانێکی پاراوی کوردی دەخاتە روو. چونکە کاناڵگەلی وەك ROJ و MMC لە سەرەتای هاتنیان بۆ نێو دنیای ماس میدیا توانیویانە ئەو کاریگەرییە مەزنەیان هەبێ کە مرۆڤی کورد سەبارەت بە شوناسی نەتەوەیی خۆی وشیار بکەنەوە، ئەو کارەشیان تایبەت بە باکووری کوردستان نەبووەو توانیویانە لە پێوانەی بچووکتردا لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بە تایبەت رۆژهەڵات و باشووری بچووك ئەو خزمەتە نەتەوەییە بە جێ بگەیەنن. لە هێندێك بواردا تلویزیۆنێکی وەك ROJ لە ئاستی تلویزیۆنێکی بەهێزدا مەسایل و کێشەکان دەخاتە روو و رەهەندێکی جیهانییان پێ دەبەخشێ.

دوای بێ ئاکام مانەوەی هەوڵەکانی دەوڵەتی تورکیە بۆ ناچارکردنی دانمارك و یەکیەتیی ئورووپا بۆ داخستنی ROJ، لە دژکردەوەیەکدا بۆ بەربەرەکانێ لە بواری راگەیاندندا رێگایەکی دیکەی دۆزیوەتەوە ئەویش دامەزراندنی TRT6ە کە وەك دژە گوتارێك لە هەمبەر میدیای بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە باکووری کوردستان چاوی لێ دەکرێ و لە گەشبینانەترین حاڵەتدا دەبێتە ئامرازێك بۆ شەڕی پڕوپاگەندەیی و سوپاپێکی ئیتمینان بۆAKPی دەسەڵاتدار بۆ خۆدەربازکردن لەو هەموو قەیران و کێشەیە کە بەرهەمی پرسی چارەسەر نەکراوەی کوردە.

دامەزراندنی تلویزیۆنی کوردی، کردنەوەی کۆرسی زمانی کوردی لە قوتابخانە و زانکۆکان، رێگەدان بە بەڕێوەبردنی کۆڕو میتینگی چەند سەد هەزار کەسی، هیچیان سەلمێنەری ئەوە نین کە تورکیە دەیەوێ دۆزی کورد چارەسەر بکا، بەڵکوو ئەوانە گشتیان بەرهەمی خوێنی هەزاران لاوی کوردو تێکۆشانی رەوای گەلێکە کە شێوازە جۆراوجۆرەکانی خەباتی لە شاخەوە بگرە بۆ شار ناسیوەو فاشیستە تورکەکانی تا ئەو ئاستە بە چۆك داهێناوە، کە ددان بەو ئیمتیازە کولتوورییانەدا بنێن. ئەو جۆرە هەوڵانەی دەوڵەتی تورکیە هیچ مەبەستێکی خێری لە پشت نیە، جگە لەوە کە دەیانەوێ پرسی کورد لە چوارچێوەی ویستی سیاسیی نەتەوەیەك لا بداو بکەوێتە خانەی هێندێك داخوازی لاوەکی و لە چوارچێوەی هێندێك مافی کولتووری و شارۆمەندیدا قەتیس بکرێ! لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیدا چەندین تلویزیۆنی کوردی لە ئاستی پارێزگاکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بوونیان هەیە، تەنانەت لە تلویزیۆنێکی ئاسمانیی وەك "سەحەر"دا چەند کاتژمێر بۆ وەشانی زمانی کوردی تەرخان کراوە، لە عێراقی سەردەمی فاشیزم و دیکتاتۆریی بەعسدا چەند تلویزیۆنی کوردی وەشانیان هەبوو، بەڵام ئاخۆ ئەو تلویزیۆنە کوردییانەی دەستکردی داگیرکەر لە رابردووە تا ئێستا چەندە توانیویانە خزمەت بە بردنە سەری ئاستی رۆشنبیری و کولتووریی نەتەوەی کورد بکەن. تاقی کردنەوەی ئەو سوپاپ ئیتمینانەش بۆ ئەوانەی هیچ باوەڕێکیان بە چارەسەریی یەکجاریی پرسی کورد نیەو لە کردەوەشدا بەرنامەو پرۆژەیەکیان بۆ چارەسەری لە لا نیە، جگە لە رەنج بە خەساری هیچ سوودێکی دیکەی نابێ، هەر وەك لە پێشوودا تووشی هاتوون، با خەڵکی باکوور بزانن چارەسەریی دۆزی کورد لە باکوور لە ئانکارا و لای AKPە نیەو تلویزیۆنەکەی ئەردۆغان ناتوانێ هیچ کات ببێتە دەنگی گەلێکی زۆرلێکراو، بەڵکوو بە پێچەوانە چارەسەر لە ددان پێداهێنان بە نەتەوەی کوردو بزووتنەوە رەواکەی دایە.

# ڕەچەڵەکناسیی پرۆسسی ژینۆساید لە کوردستاندا

جەلال حاجی زادە
و. تەها ڕەحیمی
بەشی یەکەم

**کورتە:**

لەم نووسراوەیەدا نووسەر دەیەوێ وێڕای خستنەڕووی کورتەمێژوو و باسێکی تیۆریک لە سەر ژینۆساید، فاکتەرەکانی پرۆسسی ژینۆسایدی نەتەوەی کورد لە لایەن نەتەوە داگیرکەرەکانەوە دەسنیشان بکا، کە هەر کام لەم داگیرکەرانە دەستیان بە سەر بەشێکی خاکی نیشتمانی کورداندا گرتووە و لە لایەکی دیکەشەوە، بە درێژایی مێژووی ناوچەکە، بە هیوای ژینۆسایدی فیزیکی و فەرهەنگیی ئەوان بوون. بە لێکدانەوەیەکی دیکە، مەبەستی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە نیشان بدا تاوانی نێونەتەوەیی ژینۆساید، بە کردەوە، دژی "نەتەوەی کورد لە خاکی کوردستان"دا بەڕێوە چووە.

ڕوون و ئاشکرایە کە نیشاندانی بەڵگە ڕاستینە بێهەژمارەکانی نەژادکوژیی کورد، پێویستی بە توێژینەوەیەکی مەیدانی و بەربڵاو هەیە. بەڵام وێڕای ئەو پێشەکییە، هەوڵی ئەم نووسینە ئەوەیە، تا ئەو جێیەی وتارەکە هەڵ دەگرێ، بە شێوازی بەڵگاندن و خوێندنەوەی بەڵگە و شایەتگەلە ئاراییەکان ئەو ئامانجە بپێکێ.

**واژە سەرەکییەکان:**

ژینۆساید ـ جوگرافیای کوردستان ـ پاکسازی و جێگۆڕکێ پێکردنی نەتەوەیی ـ کوشتاری بەکۆمەڵ.

**بەرایی:**

نەتەوەی کورد، بە حەشیمەتێکی زۆرتر لە .../.../٣٧ کەسییەوە، لەو دەگمەن نەتەوانەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا و لە خاکی بابو باپیرانی خۆیدا بەردەوام کەوتۆتە بەر زوڵم و ستەمی نەتەوەیی، نەژادی، ئایینی و ئابووری. لەم ڕاستایەدا، نەتەوەی کورد و جوگرافیای کوردستان بۆ سێیەمین جار لە سەدەی بیستەمدا، لە نێوان چەند دەوڵەتی تازەدامەزراوی تورکیە، سووریە و عێراقدا دابەش کراوە و بە چەندین جۆر چەك، کە لە جیهاندا ڕێگەیان پێ نەدراوە دژی هیچ کەسێك بە کار بهێنرێن، کەوتۆتە بەر هرووژمی بەربڵاو و گشتگیر. ئەو خەڵکە کە تا هەنووکە مافی دیاریکردنی چارەنووسیان بە فەرمی نەناسراوە، بەردەوام لە پێناو پاراستنی ڕەسەنایەتی و شوناسی مێژوویی - نەتەوەیی خۆیاندا هانایان بۆ خەباتێکی بێوچان بردوە. بە کورتی و بە پوختی، "دابەشکردنی کوردستان لە ساڵی ١٩٢٣دا و لکاندنی بە وڵاتانی تورکیە و عێراق و سووریەوە، هەوڵدان بۆ فەوتاندنی شوناسی کوردی لە ناوچە کوردنشینەکاندا و سیاسەتی تواندنەوەی ئێتنیکی و هەوڵ بۆ سەپاندنی فەرهەنگ و زمانی تاقمی داگیرکەر و ... شێوەی لێك جیاکردنەوەی چەندێتی و چۆنێتی کۆلۆنیالیسمی نێودەوڵەتی لە کوردستان دایە." (بێشکچی،١٣٧٩: ص ٥ ـ ٤). بەم هۆیەوە بەردەوام لە بەردەم فەوتانی گشتی و پاژەکیی جەستەیی و شوناسیدا ژیاوە. لەم ڕوویەوە ئەم وتارە دەیەوێ بە ژماردنی ڕاستی و نیشانەکانی ژینۆساید لە پارچەکانی بندەستی عێراق، سووریە، تورکیەو ئێران (لە سەردەمی پەهلەویی دا یەکەم و دوویەمدا) بە وردی ئەو خاڵە بسەلمێنێ کە" ژینۆساید لە سەر کوردەکان" رووی داوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بە تاوتوێکردن و قووڵبوونەوە لە سیاسەتی چەندین دەیەی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، وێدەچێ کردار و پیلانەکانی پرۆسسی کوشتار و چەشن و جۆرەکانی جەنایەتی وردو درشت! لەو کەوشەنە لە ناوچەی نێواندووزێدا لە ژێر ناوی "ژینۆساید" بۆ شەنوکەوکردن و دەرخستنی بنج و بنەوانەکانی ببێ. ئەگەرچی زۆر کەس قبوڵیان نیە کە کورد ژینۆساید کراوەو ئەوپەڕەکەی ئەو تاوانانە وەك جەنایەت دژی مرۆڤایەتی و ... لە قەڵەم دەدەن، پێم وایە بەم وەسفەوە پشت پەردەی نیازی سەرەکیی هەموو ئەو شتانەی لە ماوەی ئەو ساڵانەی "مێژووی دەرد" لەو "جوگرافیای خەم"دا بە سەر کوردەکاندا هاتووە و، هەروەها ئەو شتەی پێی دەوترێ جەنایەت دژی مرۆڤایەتی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان و دیاردەکانی وەکی ئەو، لە وشەدانی عورفی نێونەتەوەیی و تێرمینۆلۆژیی مافدا، بە ژینۆساید پێناسە کراوە. هەر بۆیە ئەم وتارە دەیەوێ بە تاوتوێکردن و ڕەچەڵەکناسیی ئەو بابەتە و هەوڵدان بۆ ژماردنی فاکتەرە ئاراییەکان و سیاسەتە دژەمرۆیانەکانی وڵاتانی بان دەست و داگیرکەر لەو شوێنەی جوگرافیای ژینۆسایدا!، لە ڕێگەی خوێندنەوەیەکی تا ڕادەیەك بەربڵاو لە کۆنڤانسیۆنی ژینۆساید و دانپێدانانی هێندێك توێژەر بەم ڕاستییەدا، وەڵامی ئەو پرسیارە بدۆزێتەوە کە: بۆچی و چۆن سیاسەتە نەرێنییەکانی دەوڵەتەکانی تورکیە، سووریە و ئێران (پەهلەوی) لە کوردستان و لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ نەتەوەی کورددا، بە ژینۆساید دەژمێردرێن؟

**چوارچێوەی تیۆریکی ژینۆساید:**

چونکی ژینۆساید پرسێکی نێونەتەوەییە و ئاکام و دەرئەنجامی مەترسیداری لێ دەکەوێتەوە، بە شێوەیەکی زۆر جیدی لە یاسا نێونەتەوەییەکاندا کەوتۆتە بەر باس و تاوتوێکردن. لە ڕاستیدا ژینۆساید پێشێلکردنی هەموو مافە مرۆڤایەتییەکانە، بۆیە دەتوانێ بە شێوەیەکی زۆر جیدی ئاشتی و تەناهیی نێونەتەوەیی تێك بدات (عومەر گوڵ، ٢٠٠٧: ٣).

ئەو دەستەواژەیە لە لێکدرانی دوو وشەی "geno"ی یونانی بە واتای نەژاد، نەوە و هۆز و وشەی "cide"، کە لە بنەچەی لاتینی"cadere"وە بە واتای "کوشتن" و بە گشتی بە واتای" وەچەکوژی" و "کوشتاری بە کۆمەڵ " دێ، پێك هاتوە (پەراوێز، ١٣٨٥ : ٧٥).

یاسای شەشەمی دادگەی نۆرنبێرگ دەڵێ : "ژینۆساید، پێشێلکردنی مافی بەکۆمەڵی مرۆڤەکانە، هەروەك چۆن کوشتنی مرۆڤەکان نیشاندەری حاشاکردن لە مافی ژیانە، ژینۆسایدیش واتا سووکایەتی کردن بە هەموو مرۆڤایەتی. ئەم هەنگاوە فەرهەنگ و شارستانێتیی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێشێل دەکا و بکەرەکانی دەخاتە بەرانبەر ڕەگەزی مرۆڤەوە" (عومەر گوڵ، ١٣٨٣: ٣)

لمکین لەم بارەوە لە کتێبەکەیدا دەنووسێ: "وەچەکوژی، واتا پلانێکی ڕێکخراوی چالاکیی جۆراوجۆر، کە بە مەبەستی فەوتاندنی تەواوەتی گروپە نەتەوەییەکان، لەنێوبردنی بنەمای سەرەکیی ژیانیان بە سیرە دەگرێت. بکەری وەچەکوژی نیازی هەڵتەکاندنی هێما سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، زمان، هەستی نەتەوەیی، ئایین و ژیانی ئابووریی گرووپە نەتەوەییەکان دەکا، بۆ ئەوەی بتوانێ تەناهیی تاکەکەسی، ئازادی، تەندروستی و پلە و ئابڕووی تاك تاکی ئەندامانی گروپی بەرمەبەست قەڵاچۆ بکا. (پەراوێز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥).

بە تەنیا قەڵاچۆکردنی فیزیکی بە وەچەکوژی ناودێر نەکراوە، بەڵکوو ئەگەر هەست و شوناسی نەتەوەیی لە هەموو هێما فەرهەنگییەکانی نەتەوەیەك بتەکێننەوە، دیسان بوونەتە نێچیری وەچەکوژی. لمکین لە درێژەدا زۆر بە ڕاشکاوی و قووڵی دەنووسێ: "چەندین سەدە و لە هێندێك بابەتدا هەزاران ساڵی پێ دەچێ هەتا فەرهەنگێك پێك بێ، بەڵام وەچەکوژی دەتوانێ لە چاوپتانێکدا فەرهەنگ لەنێو بەرێ ". (سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥ )

ڕافایل لمکین لە شوێنێکی دیکەدا دەنووسێ: "... ژینۆساید لە دژی گرووپێکی نەتەوەیی، کە بوونێکی سەربەخۆیان هەیە، ئەنجام دەدرێ و ئەو جەنایەتەش دژ بە کەسایەتیی تایبەتیی قوربانییەکان نیە، بەڵکوو دژ بە ئەندامانی ئەوان لە گرووپی نەتەوەییدا جێبەجێ دەکرێ. بە پشتبەستن بە نێوەڕۆکی کۆنڤانسیۆن، ژینۆساید حاشاکردن لە مافی بوونی تەواوی گروپە مرۆڤایەتییەکانە. حاشاکردن لە مافی ژیان (گرووپەکان) ویژدانی مرۆڤایەتی دەهەژێنێ (سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠١).

بڕیارنامەی ڕێکەوتی ١٨ی دیسامبری ١٩٩٢ی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پاکتاوی نەتەوەیی بە ژینۆساید ناوزەد دەکا (سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٤). هەروەها لە بەندی دوویەمی مادەی شەشەمی پێڕەوی دادگەی سەربازیی نۆرنبێرگ، لە لێکدانەوەی بەربڵاوی ژینۆسایدیدا دەڵێ: هەر جۆرە کردەیەك کە ببێتە لەمپەری بەر بەشداریی تەواوی تاکێك لە ژیانی نەتەوەیی خۆیدا، بە ژینۆساید زانراوە."(سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٧)

لە سزانامەی دادگەی سزایی ڕواندادا بۆ شیکردنەوەی توخمی مانەویی وەچەکوژی هاتووە کە: "بە وردی لە حاڵێکدا دەتوانین هەر کام لە کردە نووسراوەکانی بەشی دوویەمی بەندی ١٢ی پێڕەو وەك توخمی پێکهێنەری ژینۆساید ناو بەرین، کە ئەو کردەیە دژی یەك یان چەند کەس، بە هۆی ئەوەی ئەو کەس یان کەسانە ئەندامی گروپێکی تایبەتن و سەر بەو گرووپەن، بەڕێوە دەچێ. " (سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٧)

خاڵی شیاوی سەرنجی ئەو وتە حقووقییە ئەمەیە کە دادگەی ناوبراو لە سەر ئەو بڕوایەیە بە کوشتنی تاکێکیش ئەگەری جەنایەتی وەچەکوژی لە ئارا دایە، بە مەرجێك نیازی بکەر فەوتاندنی گرووپێکی پارێزراو بێ. لەو ئاقارەدا، بۆ وێنە، لکی سێیەمی دادگەی نێونەتەوەیی ڕواندا تاوانبارێکی بە ناوی جرالد شاکروتیمانا، بە هۆی کوشتنی کەسێك کە سەر بە کەمینەی توتسی (چارلز ئۆکۆنبیرا) بوو، بە ئەنجامدانی جەنایەتی ژینۆساید مەحکووم کرد. (سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٧) مادەی دوویەمی کۆنڤانسیۆنی ١٩٤٨ ڕادەگەیەنێ کە وەچەکوژی، ئەنجامدانی تاوانێکە کە بە مەبەستی لەنێوبردنی تەواوەتی یان کوشتنی بەشێك لە گرووپێکی نەتەوەیی، ئێتنیکی، نەژادی یان ئایینی بەڕێوە دەچێ. لە لایەکی دیکەوە ژینۆساید، وەك تاوانێکی یاسایی، بە هۆی ئەو نیاز و ویستەی لە پشتیەوەتی، لە تاوانەکانی دیکەی کوشتن جیاوازە. (عومەر گوڵ، سەرچاوەی پێشوو: ٢٣)

ئەو تاوانانەی کە لە خوار مادەی دوویەمی کۆنڤاسیۆنی ١٩٤٨، سەبارەت بە گرووپەکان، بە پشت ڕاستکەرەوەی بەرچاوی ژینۆساید دەژمێردرێن، بریتین لە:

ـ بە ئاگاداری و بە نیازەوە، تەیارکردنی هەلومەرجێکی ژیان بۆ گروپی مەبەست کە فەوتانی گشتی یان بەشێکی ئەوی لێ دەکەوێتەوە.

ـ سەپاندنی هێندێك ئاکار و کردار بە مەبەستی بەرگری لە زاوزێی ئەندامانی گرووپێك.

ـ ڕاگواستنی زۆرەملیی منداڵان لە گرووپێکەوە بۆ گرووپێکی دیکە (پەراوێز، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠)

پڕئاشکرایە، هەروەك لە دادگەکان و هەروەها لە لێکدانەوەی مافناسانی بەرجەستەی نێونەتەوەییشدا هاتوە، هەموو ئەم ڕاستییانە بۆ ئەوە دەبن لێکدانەوەی حقووقییان بۆ بکرێ، بە جۆرێك کە بەشێکی زۆری جەنایەتەکان بگرێتەوە. بۆ وێنە خەوشدار کردنی داب و دەستووری توخمە دەرهەست و بەرهەستەکانی فەرهەنگی گرووپێکی تایبەت، بە مەبەستی فەوتاندنی هەنگاو بە هەنگاو و تواندنەوە و سڕینەوەی ئەو گرووپە خۆی ژینۆسایدێکی ئاشکرایە کە زیاتر بە ژینۆسایدی فەرهەنگی ناوی دەهێنرێ. چونکی وەچەکوژیی فەرهەنگی یەکێك لە ڕاستییە زۆر باو و بە برەوەکانی ژینۆسایدە. ڕافایل لمکین لە دەقی بەراییدا ئەو هەنگاوانەی خوارەوە بە ئامراز و کەرەسە ناو هێناوە، کە دەتوانێ لە ژینۆسایدی فەرهەنگیدا کەڵکی لێ وەربگیرێ.

١ـ دوورخستنەوەی زۆرەملییانە و سیستماتیکی ئەو تاکانەی بە نوێنەری فەرهەنگیی گرووپێك دەژمێردرێن.

٢ـ قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی کەمایەتییەك، تەنانەت لە ئاخافتنی تایبەتی و تاکەکەسییشدا.

٣ـ فەوتاندنی سیستماتیکی کتێبە وەشێنراوەکانی زمانی گرووپێکی کەمینە و هەروەها لەنێوبردنی بەرهەمە ئایینییەکان یان قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی کتێبی نوێ.

٤ـ فەوتاندنی سیستماتیکی بینا مێژوویی و ئایینییەکان یان بەلاڕێدابردنی چۆنیەتیی کەڵك لێ وەرگرتنیان (سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٦).

بۆ شیکردنەوەی ئەو چەمکە لە بەرایی کۆنڤاسیۆنی پەیوەندیداردا هاتوە: بۆ لەنێوبردنی گرووپێکی مرۆڤایەتی دوو شێواز هەیە، یەکەم کوشتنی ئەندامانی گروپ و دوویەم بێ ئەوەی هیچ هەوڵێك بۆ ئەستاندنی گیانی ئەندامانی گرووپ بدرێ، پەیڕەویکردن لە نەریتە تایبەتەکانی گروپ قەدەغە دەکرێت (سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٧).

لەو ڕوانگەیەوە، ژینۆسایدی فەرهەنگی زیاتر ڕێگەخۆشکەر یان هەنگاوە سەرەتاییەکانی ئەنجامدانی ژینۆسایدی فیزیکی، بیۆلۆژیکی و ئابوورییە. لە باسەکانی پەیوەندیدار بە پەسندکردن و داڕشتنی دەقی کۆنڤانسیۆندا، نوێنەری پاکستان تەنانەت ژینۆسایدی فەرهەنگی لە ژینۆسایدی فیزیکی بە مەترسیدارتر زانیوە. بە بڕوای نوێنەری ئەو دەوڵەتە "ژینۆسایدی فەرهەنگی ئامانجە، بەڵام ژینۆسایدی فیزیکی ئامرازێکە". (سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٨).

## ژینۆساید هاندەرو هۆکاری جۆراوجۆری لە چەشنی هەڕەشەکردن لە کەمایەتییەکان، یەکدەستکردنی فەرهەنگی کۆمەڵگە یان بەدەستهێنانی سوودی ئابووری لە پشتە

بۆ یەکەم جار لە دادگەی نۆرنبێرگ لە بڕیاری ڕێکەوتی ٣٠ سێپتامبر و یەکەمی ئۆکتوبری ١٩٤٦دا، بۆ ئاماژەکردن بە لەنێوبردنی گرووپەکان، کەڵك لە ژینۆساید وەرگیرا. (عەزیزی ١٣٨٥ :٢٠) وەچەکوژی بە شێوە و فۆرمی جۆراوجۆر بەڕێوە دەچێ. سادەترین چەشنی کوشتاری بەکۆمەڵ، قەڵاچۆی فیزیکییە کە بە مەبەستێکی تایبەت ئەنجام دەدرێ. جۆرەکانی دیکەی کوشتاری بەکۆمەڵ لە ڕێگەی فەرهەنگی، نەتەوەیی، بیولۆژیکی و ئابوورییەوەن. ( عومەر گوڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧) جەنایەتی ژینۆساید دەتوانێ هاندەرو هۆکاری جۆراوجۆری لە پشت بێ. هەڕەشەکردن لە کەمایەتییەکان، یەکدەستکردنی فەرهەنگی کۆمەڵگە یان بەدەستهێنانی سوودی ئابووری دەتوانن بە هاندەرو هۆکارەکانی ئەنجامدانی ئەو تاوانە لە قەڵەم بدرێن. (عەزیزی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٢) ڕۆمەن ڕۆلان وەك شێوازێکی بەکارهێنانی ڕێگە نەرێنییەکانی سیاسەتی دژە ئێتنیکی ناوزەدی دەکا و دەنووسێ: "ئەو جەنایەتە لەنێوبردنی تەواو یان بەشێك لە حەشیمەتێك، دوورخستنەوە یان پرشوبڵاوکردنی ئەو حەشیمەتە و، سەپاندنی هەلومەرجێکی تایبەت بە سەریاندا، کە بوونی جەستەیی یان دەروونی یان زاوزێی سروشتی دەخاتە مەترسییەوە، لەخۆ دەگرێ." (سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٧)

لە بڕیارنامەی ژمارەی ٩٦ی ڕێکەوتی ١١ی دیسامبری ١٩٤٦ی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا نووسراوە:

# پێشەنگانی هزری دێمۆکراسی

ن: حوسێن بەشیریە
و. بۆ کوردی: ئامانج

(٢)

### ئەرەستو (٢٣٣ ـ ٣٨٤ پ.ز)

ئەرەستو وەك هزرمەندێکی سیاسی موتالای لە سەر دەوڵەتشار Polisە یۆنانییەکان کرد و هاوکات لەگەڵ ئەم موتالایە سەرنجی دابووە پێوەندیی دیموکراسی و جەوهەری سیاسیی مرۆڤ. بە بۆچوونی ئەو مرۆڤ بە شێوەیەکی سروشتی ئاژەڵێکی سیاسییە کە لە دەوڵەتشاردا دەژی، تەنیا گیانلەبەران و خوداییەکان دەتوانن لە دەرەوەی دەوڵەتشار بژین. مرۆڤ لە بەر بەهرەمەندی لە توانای پاوانییانەی ئاخاوتن دەتوانێ سەبارەت بە دروستی و نادروستی، سوود و زیان و حەقیقەت و هەڵەی کاروبارەکان قسە بکا. کەواتە ژیانی مرۆڤ پێویستی بە ژیان لە نێو کۆمەڵێکە کە لەودا مرۆڤ بتوانێ سەبارەت بە کاروباری گشتی ئازادانە قسە بکا. لە فەلسەفەی سیاسیی ئەرەستودا تاك هاوواتای بێگیانو نەجووڵە، بنەماڵە هاوواتای گیا، گوند هاوواتای ئاژەڵ و دەوڵەتشار هاوواتای مرۆڤە، مرۆڤ بە واتای هاووڵاتی لە دەوڵەتشاردا کەسێکە کە لە بڕیاردان لە سەر کاروباری گشتیی کۆمەڵگەدا بەشدارەو بە بەردەوامییش لە سەپاندنی دەسەڵاتدا بەشداری دەکا. ئەگەر وا نەبێ مرۆڤ ئاژەڵێکی بەستەزمان (زمان بەستراو)ە.

کارکردن بە مافە شارۆمەندییەکان لە دەوڵەتێکدا لواوە کە زۆرینەی خەڵك لەودا بەشدار بن. دەوڵەتشار یان کۆمەڵگەی سیاسیی دڵخواز کە لەودا مرۆڤ لە توانای ئاوەزو ئاخاوتنی خۆی کەڵك وەردەگرێ، دەوڵەتێکە کە لەودا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك بە قازانجی خۆیان حکومەت دەکەن و لە بەر ئەوەی زۆرینەی خەڵك هەژارن، کەواتە دیموکراسی حکومەتی هەژارانە. سەرەنجام باشترین حکومەت لە ڕوانگەی ئەرستووەوە حکومەتێك بوو کە تایبەتمەندییەکانی جۆرە باوەکانی حکومەت، واتە دیموکراسی و ئولیگاریشی پێکەوە ئاوێتە بکا. بەم چەشنە کە ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتییان(شارۆمەندان) لە حکومەتدا بەشداری بکەن، بەڵام ئەم ژمارەیە ئەوەندە زۆر نەبێ کە حکوومەت بکا بە هیی هەژاران.

### بەنکدیت دو سپینۆزا (١٦٧٧ ـ ١٦٣٢)

سپینۆزا فیلسوفی هۆلەندایی بە یەکەمین تیۆریستی دیموکراسی لە سەردەمی نوێدا دەژمێردرێ. بە بۆچوونی ئەو باشترین حکومەت، حکومەتێکە کە پشتی بە دەنگی زۆرینەی خەڵك بەستبێو لەودا هەر کەس بتوانێ ئازادانە بیر بکاتەوەو قسە بکا. سپینۆزا لە نێوان دیموکراسیو زانستو زانیاریی ئاوەزییانەدا پێوەندییەکی نزیکی بەدی دەکرد...

# راگەیاندنی گشتی ( ماس مێدیا )ی کوردی و کێشەی یەکسانی

بەشی دووەم و کۆتایی

شەهلا دەباغی

## بەرئەنجام

١ـ تیڤیـیە کوردییەکان بەشێکی ئەساسـین لـە پێکهێنـانی بـیروڕای گشتی، بـەڵام هاوتـەریبی دەسـەڵاتی حیزبـەکان و ئاوێنـەی کولتـووری نێـو کۆمـەڵگان. سـەرجەم تـیڤـیـەکان، کانـاڵ و ئۆرگـانی حیزبین. تـەنیا یـەك کانـاڵ، نـەورۆز، وەك کانـاڵی سـەر بـە حکوومەتی هەرێم ناسراوە کە ئـەویش بـە رای مـن بـە جۆرێـك هـەر لـە بۆچـوونەکانی دەسـەڵاتی کـوردی و حیزبـەکانی دەسـەڵاتدار نزیکەو ئێمە ناتوانین بڵێین کە مێدیایەك لە چەشنی پابلیك سێرویسمان هەیـە لـە چەشـنی وڵاتانی کە دێموکراسی تێدایە کە لـەودا بیروڕای گشتی رەنگ بداتەوە.

لـەو تـیڤـیـانـەدا سیاسـەتێکی یەکسانیخواز نیـە، یـان کـار ناکـاو نابیندرێ. واتە نە لە بەڕێوەبەریی ئـەو کاناڵانـەدا ژنـان دەسـتیان هەیـەو نـە کێـشەی یەکـسانی بـە شـێوەیەکی رەخنـەیی و رادیکـاڵ لـەو کاناڵانـەدا باسیان لێوە دەکرێ. بە راشکاوییەوە دەکـرێ بڵـێین، ئەگەرچـی ژنـان لـە نیـوەی کۆمـەڵیش زیـاترن، بـەڵام هـەڵاواردنی جنـسی بـە شـێوەیەکی پێکهاتەیی لە مێتۆدی کارو نێوەڕۆکی تـیڤـیەکانـدا وەك بـاقی دام و دەزگـا کوردییـەکان و سـەرجەم کۆمـەڵگادا هەیە.

٢ــ لـەو کاناڵانـەدا بـە شـێوەیەکی گشتی چـەمکی دێموکراسـی، ئـازادیی بەیان و قەڵەم، یەکسانی، یان لـە ژێـر پـێ دەخـرێ، یـان ئـەو چـەمکانە تەفسیری ناتـەواویان لـە کردەوەدا لێ دەکرێ و بە ناتەواوی بـەکار دێن و بۆ پەرەپێـدانی ئـەو چـەمکانەو پـەروەردەکردنی کۆمـەڵگا، مەیـدان و فەزایەکی بێ مەرج لەو کاناڵانەدا نیـە. تـیڤـیـە کوردییـەکان، بـە گشتی لـە سـەر کێـشەکانی شـارۆمەندی و سیاسی، بـە شـێوەیەکی بناخـەیی کـار ناکـەن یـان دەسـتیان بەسـتراوە. لـەو نێـوەدا بـە پێـی رادەی حەشـیمەتیش بـووبێ، ژنـان کـە زۆرینـەی کۆمـەڵی کـوردەوارین، دەنگدانـەوەیان لـە مێدیاکان لـە رادەی پێویستدا نیـە کـە ئـەوە خـۆی لـە خۆیـدا لـە ژێرپێنـانی دێموکراسییە.

٣ــ بـە هـۆی ئـەوە کـە ئاڵقـەی دێموکراسـی و دیـالۆگ لـە نێـو حیزبـە کوردییەکان بە زۆر هـۆ تەسـك بۆتـەوە (لـەو مـاوەی دواییـدا بـە هـۆی "ئینشعاب"و جیابوونـەوەکان لـە نێـو حیزبەکانـدا تەسـکتریش بـووە)و هـەروەها بـە هـۆی زاڵبـوونی سیـستمی ژێندێری لە بیروڕاو پێکهاتـەی رێبـەری حیزبـەکان و کۆمـەڵگادا، ژنـان و بیروڕاکانیـان زۆر زیـاتر دەکەونـە مەترسـی دەرهاوێـشتن، سانـسۆر دەکرێن و دەسڕینەوە.

٤ـ لە باسە سیاسییەکاندا بۆ وێنە وەك چارەنووسی کوردستان و بـەرەی کوردستانی، یان باسە کولتوورییەکان ا بـۆ وێنـە بـاس لـە سـەر زمـانی ستاندارد، ئـەدەب و کولتـوورو هتـد، سەرەڕای ئەوە کە رادەی توانایی ژنان کەم نیەو لەو بوارانەدا کاریان کردووەو بیروڕایـان هەیـە، دەردەهاوێـشترێن و دەسـڕینەوە. ژنـان تـەنیا کاتێـك لـە باسەکاندا بەشدارییان هەیە کە باس لە سەر کێشەی ژنان بێ. (بۆ وێنە ئـەمڕۆ و ئێـستا لـەو کۆنفراسـەی حیزبـی ئێوەدا).

جێگای سەرسووڕمانە کە زۆر جار، پیاوانێـك کـە خـاوەن نـەزەریش نـین مەیدانی قسەکردنیان هەیە، بـەڵام بۆ ژنان ئەو دۆخە نارەخسێ. کاتێك ژنێك قـسە دەکـا دەبـێ شـتێکی زۆر سەرنجڕاکێش باس بکا لە کاتێکدا ئـەو مەرجە بۆ پیاوان نیە، پیاو لە بەر پیاو بوونی قسەکانی جێگای سەرنجن. یان زۆرجـار پیـاوان هـەمان قـسەو بـیروڕای ژنانیـان لـە بـواری زمـان، کولتـووری و سیاسەت دا هەیەو بیروڕاکانیان لە ژنـان وەرگرتـوە کەچـی پیـاوان بـۆ بەشـداری کردن بانگ دەکرێن.

٥ــ ژنـان لـەو کاناڵانـەدا زیـاتر وەك گۆرانیبێژ، هەواڵنێر، یـان کـاتی خـەم و کارەسات، هەڵپەڕین و شایی دەبینرێن. ئـەوە لـە حاڵێکدایـە کـە رۆژانـە باسـی کۆبوونـەوە حیزبییـەکان، چـالاکیی مەکتەبی سیاسی و ناوەندی حیزبـەکان و سـەرۆکە پیاوەکـان، بـە بەشـداریی پیـاوان لـە بـاس گـەلی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی، بـازاڕ، وەرزش و هتـد، هـەموو کـات و سـاتێ تـیڤـیـەکانیان داگیرکـردوە. ژنـان بـە گـشتی وەك پاشکۆ، بێ قسەو بێ توانا، یان وەك کەسێك کـە تەسـلیم و قوربـانی بـووە نیشان دەدرێن.

٦ـ زۆرجار ئـەو کاناڵانـە (حیزبیانـە) کاتێـك لەگـەڵ کێـشەی نێوخۆییـدا سەرقاڵن (بۆ وێنـە لـە کـاتی لـەتبوون و جیابوونەوەدا)، دەیانەوێ کەسانێك لە دەرەوەی خۆیـان بێننـە نێـو ئاڵقـەی باسەکان. لەو کاتانەدا بۆ وێنە کێشەی ژنـان دەبێتـە بەشـێك لـە باسەکانیان و جۆرێك کێبەرکێی لـە سـەر ساز دەبـێ، بـەڵام ئـەو تێڕوانینـە زیاتر لـە خزمـەت کـاری حیزبـی دایـە تـا لـە خزمـەت بـە کێشەی یەکسانیی ژنان و پیاوان.

٧ــ زۆرجـار لـە گفتوگۆکانـدا، ژنـان بەوە سەرکۆنە دەکرێن کە هێنـدێك ژن و رێکخراوەکـانی ژنـان "رێگایـان پێـدراوە"، بـەڵام ئـەو ژنانـە خۆیـان وەفادار بـە کێـشەی خۆیـان نـین و یـان ژنـان خۆیـان بێتوانـان. ئـەوە لـە حاڵێکدایە کە مێژووی پیاوی کورد پـڕە لـە شـەڕی براکـوژی و بڕیـاری هەڵـە. (لێرەدا ١. ئەوە لـەبیر دەچـێ کـە ژنـان خۆیـان بـە ئیرادەی خۆیـان هاتوونەتـە مەیـدان و کـەس نـاتوانێ بـە زۆر بیـانهێنێ. ٢. بەداخـەوە زۆرجـار، هێندێك لە رێکخراوەکانی ژنـان تـا سـەر وەفادار بە کێشەکان نین و ژنان خۆیـان بەو شێوە کە پێویستە هەڵوێست ناگرن و پاشەکشە دەکـەن، کـە ئێـرە جێگـای ئەو باسە نیە بەڵام دەبێ لە شوێنیتر و کـاتیتر باسـیان لـە سـەر بکـرێ و باسیشیان لە سەر کراوە.)

٨ــ پرسـی یەکسانیخوازی پرسـی بەرنامەداری مێدیای کوردی نیـەو لـەو کاناڵانەدا بە گشتی پرسی یەکسانی و کێشەکانی ژنان وەك گرفتی ژنان باسـی دەکـرێ نـەك وەك پرسـی سـەرجەم کۆمەڵگاو پرسی پیاوان.

٩ــ هێنـدێك جـار لـەو کاناڵانـەدا، پیاوانێك بە بۆچـوونی زۆر دواکەوتووانـە و پیاوسالارانە دەبنـە قسەکەری مـافی ژنـان، وەك هێنـدێك لـە مامۆسـتایانی ئایینی، پیاوانی حیزبی، بەناو شاعیران و رۆشـنبیران و نووسـەرانێك کـە لـە کۆتاییدا، ژن وەك ئۆبجێکت و سێکس ئۆبجێکت دەبیـنن. لـەو بەرنامانـەدا کەسانێك کە بتوانن بناخـەیی بیرەکان تاوتوێ بکەن، بەشدار نین. دەسـەڵات و مێدیاکان بە گشتی کەسانی رەخنـەگری رادیکـاڵ، یـان بێـدەنگ دەکـەن یـان دەسڕێنەوە. (دوایین وتاری من هەر لەو بارەوە بوو، کە لە ژێر ناوی "غـەریزە پیاوانەکان و تـیڤـیـە کوردییـەکان و پڕۆسـەی رۆشـنبیری" کـە لـە رێـوان، ژمارە ١٧٧ مانگی ٩ ساڵی ٢٠٠٨دا لـە سلێمانی چاپ کرا).

١٠ـ مێدیا کوردییـەکان بـە تایبـەت تیڤی یەکان بە بڵاو کردنـەوەی فـیلم، شـانۆ، موزیـك و ئـەو گۆرانیانـە کـە نێوەڕۆکی دژی ژنیان هەیە، بـەردەوام ژن وەك بوونەوەرێکی بـە مـەکرو فێـڵ پێناسە دەکەنەوە و ژن وەك سـێکس، ئۆبجێکـت و دەرەجـە دوو، دووبـارە بەرهەم دێنەوە.

بـۆ وێنـە ئـەو گۆرانیانـە کـە بـۆ "بێـوەژن" گـوتراون و گۆرانیبێـژەکانیش بـە دەیـان جـار بەشداریی تیڤیەکان بوون:

**مێـدیاکان ئەگـەر لـە فراوانکردنـی ئاڵقـەی دێموکراسی و پەرەپێدانی ئازادیی بـیروڕا دا سـەر کەوتوو نەبووبن، ئەوە لە یـەك شـتدا سـەرکەتوو بـوون: بەرهەمهێنانـەوەی سیـستمی ژێنـدێر، هەڵاواردنی جنسی و بە ئۆبجێکت کردنی ژن. واتـە بەرهەمهێنانەوەی هێژمۆنی و دەسەڵاتی پیاوسالاری**

بێـوەژن دەسـتی دوویـە بێـوەژن مەکری زۆرەو هتد....

زۆربەی ئەو کاناڵانە بە بڵاوکردنـی سریاڵ و فیلمی بێ نێوەڕۆکی تـورکی، عـەرەبی، میسری و هتـد وێنەیـەکی خەوشـدارو کورتـەباڵا لـە بـاری فیکرییـەوە، لـە ژن نیـشان دەدەن و دیـسانەوە ژن وەك بووکەچـینی و ئۆبجێکتێـك دەبێتـە کەرەسـەی مێدیاکان.

١١ــ کێـشەی سیاسـیی کـورد، پرسی سەرەکیی مێدیاکانە (ئەگەرچی ئەمـەش زۆربـەی جـار وەك کێـشەی سـەربەخۆی کـورد باسـی لێ ناکرێ و تـەنیا لـە چوارچـێوەی حیزبەکانـدا باسی لێدەکرێ). هەمووان دەزانین کە ژنانی کـورد بـە گـشتی و کـچانی پێشمەرگە بە تایبەت بەشێکی بەرچاو بوون و هەن لە جووڵانەوەی کورد، بە تایبەت ئێستا لە باکووری کوردستان دا. تەنانەت لە "رۆژ"و "نـەورۆز تـی-ڤـی‌ش"دا کێـشەی یەکـسانی وەك کێشەی سەرۆك (ژن ژیانە، بەرخۆدان ژیانـە، بـژی سـەرۆك ئـاپۆ) بـاس دەکرێ.

١٢. نـــەبوونی بەرنامـــەی درێژخایـەن و کـورت خایـەن بـۆ باسـکردن لـە سـەر کێـشە کۆمەڵایەتییـەکان کـە زۆرتـر داوێنـی ژنـان دەگرێتـەوە. بـۆ وێنـە نـەبوونی پرۆگرامـی تایبـەت بـۆ باسکردن لە سەر دۆخی ژنانی ئەنفال، دەستدرێژی بـۆ سـەر منـداڵان، خۆکـوژی و خۆسـووتاندنی ژنـان و لەشفرۆشـی و هەژاری.(کاتێکش بۆ وێنە باسی ژنانی ئەنفال دەکرێ هـەر لـە چوارچـێوەی کێشەی ناسیونالیزم و نەتەوە دایە.)

١٣ــ هێنـدێك جـار کەرامـەتی ئینسانەکان لەو کاناڵانەدا لە ژێرپـێ دەنـدرێ. لـە وڵاتێکـی وەك سـوئێد، دەوڵـەت، شـارەوانییەکان بەرپرسـی دابینکردنی جۆرێك لـە دادپـەروەریی کۆمەڵایەتین. ئەگـەر کێشەیەك بگاتـە مێدیاکان، ئەوە دیسان هـەوڵ دەدرێ کـە کەرامـەتی ئینسانەکان نەخرێتـە ژێرپـێ. ئـەو ئەرکە واتە دابینکردنـی دادپـەروەریی ئـابووری و کۆمەڵایـەتی لـە باشـووری کوردسـتاندا، جـێگیر نـەکراوە. هێنـدیك جـار، ئەگەرچـی مەبەستی خێر لـەکار دایە، بـەڵام لـە تەڤییەکانـدا بـۆ وێنـە بـاس لـە بنەماڵەیـەکی هـەژار دەکـرێ و بـۆ سـەرنج ڕاکێـشانی دەسـەڵات و یارمەتیـدان بـە بنەماڵەکـە، تـەواو کەرامـەت و کەسـایەتیی منداڵ، ژن و پیاو لە ژێر پێدەندرێ.

١٤ــ ژنـان بـە زۆر هـۆ، ئـەو جـۆرە کـە پێویـستە خۆیـان بـۆ کـاری مێـدیای ڕێـك نەخـستوە یـان مێـدیاکان بـە هـۆی بەڕیوەبەریی پیاوان و حیزبەکان، مەیدانی کـاری رێکخراوەکـانی ژنـان و یـان ژنـانی سەربەخۆیان، تەنگ کردوە.

١٥ــ باسـێکی سـەرەکی لـە زۆربـەی مێدیاکانـدا ئەوەیـە کـە ئێمـە دەبـێ راستییەکانی کۆمەڵگا وەبەرچاو بگرین. بۆ وێنە دەوترێ کە کۆمـەڵگای ئێمـە دیندارە یان داب و نەریت دەستی باڵای هەیـە، یان دەڵـێن ژن بـە حـوکمی سروشـتی هێنـدێك تایبەتمەندیی هەیە. بـەم جـۆرە و بـەردەوام لایـەنگری لـەو نەزمـە ژێندێریـە دەکرێ کە ژنـان و پیـاوان تێیـدا رۆڵـی تایبـەتی ژنانـە/ پیاوانەیان هەیە. بەڵام هەرگیز ئەو راستی و فاکتەرە وەبەرچاو ناگیرێ کـە نزیکـەی لـە سەدا ٥٢ی کۆمەڵگەی ئێمـە ژنـانن و رۆژانـە بە سەدان شێوە مافی ئینسانیان لـە ژێرپـێ دەندرێ.

١٦ـ پیاوسالاری و هێنـدێك مـافی نارەوا بۆ پیاوان، وەك کێشە لە نێو تـیڤـیەکانـدا باسـیان لێنـاکرێ، بـەڵکوو وەك شـتێکی سروشـتی و نـۆڕم باسـی لێـوە دەکـرێ و شـەرعییەتیان پێـدەدرێ. بـۆ وێنـە بـێ سـنووری ودڕی سیـستمی پیاوسـالار کـە لەوسیـستمەدا پیـاو بـۆی هەیـە چـەند هاوسـەری بـێ و کـەنیز لـە تایلەنـدو فیلیپینەوە بێنێ. مێدیاکان زۆر بە ئاسایی لـە تەنیـشت ئـەو گرفتانـەوە تێپـەڕ دەبـن. کاناڵـە کوردییـەکان نیـوەی کێشەکان، بـە نیوەچڵی، بە ناڕوونی و کاڵی بـاس دەکـەن، بـەڵام نیوەکـەیتری کێـشەکان کـە پیـاوان ڕاستەوخۆ تێیدا بەرپرسن، دەشارنەوە.

### دوا وتە

بـە ڕاشـکاویـیەوە دەتـوانین بڵـێین کـە مێـدیاکان ئەگـەر لـە فراوانکردنـی ئاڵقـەی دێموکراسی و پەرەپێدانی ئـازادیی بـیروڕا دا سەر کەوتوو نـەبوون، ئـەوە لـە یـەك شـتدا سـەرکەتوو بـوون: بەرهەمهێنانـەوەی سیـستمی ژێنـدێر، هـەڵاواردنی جنـسی و بـە ئۆبجێکت کردنی ژن. واتە بەرهەمهێنانەوەی هێـژمۆنی و دەسـەڵاتی پیاوسـالاری. ئـەو کاناڵانە کەم کارییەکی حاشاهەڵنەگریان بە تایبـەت لەمـەڕ کێشەکانی ژنـان، منـداڵان و کەمئەندامان و بە تایبەت ژنانی کـەم ئەندام کردوە، ئەگەرچی جاروبار پرۆگرامیـان لـە و بوارانـەدا هەیـە و بـووە. لـە " ڕوانگـەی یەکـسانی" یـەوە، کێـشەکانی گەیـشتن بـە یەکسانی، کێشەی دەسـەڵات و سیاسـین و مێـدیا کوردییـەکان دەبـێ ڕۆڵـی کاریگـەری خۆیان هەبێ بۆ لـە نێـو بردنـی نایەکسانیی ئینـسانەکان و ڕەخـساندنی دۆخێـك بـۆ دەربڕینـــی بـــیروڕای ئـــازادو گەشـــەدانی دێموکراسی و لەوانە دروست کردنی بـوار بۆ دەربڕینـــی بـــیروڕای ژنـــان ســـەبارەت بـــە سەرجەم کێشەکانی کۆمـەڵگا. دێموکراسـی خـــەرجی هەیـــە، دەســـەڵاتی کـــوردی، ژن وپیاوی کورد، مێدیاکانی کوردی بە تایبـەت تیڤییـەکان بـە هـۆی ڕۆڵـی گرینگیـان لـە بارودۆخی ئێستای کوردسـتاندا و بـە گـشتی هەمووممان دەبێ حازر بین بۆ گەیشتن بـە کۆمەڵگایـەکی ئینـسانی و یەکـسان، ئـەو خەرجـە بـدەین. هـەموومان، وەك تـاك نووسـەر بـە نـاو ڕۆشـنبیران ڕاگەیەنـە گشتییەکان، قوتابخانەکان و زانکۆکـان، دام و دەزگاکـان و هـەموو حیزبـە کوردییـەکان، نابـێ چـیتر شـەرعییەت بدەینـە ژێردەسـتەبوونی ژنـان، لـەژێرپێنانی دێموکراسی و خنکاندنی ئازادی.

ئەم وتارە بۆ کۆنفرانسی "پرسـی ژن و یەکـسانی" لـە سـتۆکۆلم بـە بۆنـەی ٢٥ی نوامبری ٢٠٠٨وە پێشکەش کراوە

تێبینی: لە بەشی یەکەمی ئـەم بابەتـەدا لـە سەرتیتری بنەمای فکری بە هەڵە نووسرابوو Genus/Geder کە دروستەکەی Gender ە.

# سۆژنە

## تاوانی ژیان لە کەلەبەرەکانی خۆکوژی دا

عەلی بداغی

خۆکـوژی وەك دیاردەیـەکی کۆنبـاوی کۆمەڵایـەتی و جیهـانی کـە دەرەنجامی کێشە کۆمەڵایەتی و تێکچوونە دەروونـی یـەکانی مرۆڤەکانـە، ئەمڕۆکـە یـەکێك لـە هـەرە کێـشە گرینگـەکانی کۆمـەڵگای کوردسـتانە و نووسین لەسەر ئەو بابەتە هەستیارەو خەسارناسیی ئەو دیاردەیە هـەر لـە جێدا سەخت و دژوارە، چونکی ئامارێکی وردو دەقیق لەسەر ئەژماری ئەو کەسانەی پەنا بۆ خۆکوژی دەبەن لە بەردەست دا نیەو ئێستاش بە هـۆی نادیـارەوە ئامـاری خۆکوژیـیـەکان لـە ئێرانـدا وەك زۆر دیـاردەی دیکـەی کۆمەڵایەتی نهێنی و زۆر ئاڵۆزو تەنانەت پارادۆکسە.

لە گشتییەتی خۆی دا هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی وەك بێکاری، هەژاری، تەڵاق، لە دەستدانی کەسانی زۆر خۆشەویست، لە دەسـتدانی پـشتیوانی و سـۆزی بنەماڵـەو خێـزان و هۆکـارە دەروونییـەکانی وەك ناهومێـدی، خـەمۆکی، هەسـت بـە شکـست کـردن، ئیعتیـاد بـە مـادە ئـەلکۆلی و هۆشبەرەکان، هەست کردن بە پوچی لە ژ یاندا، نەمانی تروسکەی هیـواو قەیرانی عاتفی و سۆزداری زنجیرە هۆکارێکی پاڵنەر و بەستێنێکی لەبار بۆ پەنابردنە بەر خۆکوژین.*

جیا لەو هۆکارانە خۆکـوژی هـەڵگری کۆمەڵـە واتایـەکی دیکەشـە، وەك دۆزینـەوەی رێگەچـارەیەك بـۆ دەربـاز بـوون لـە کێـشەو قەیرانـەکان، یـان هاوارو دەربڕینێکی واتادار بۆ یارمـەتی وەرگـرتن و بـەهاناوە چـوون و یـان دەنـا راکێـشانی سـەرنج و بینینـی ئـەو کەسـانەی بـۆ تـاکی خۆکـوژ زۆر گـرینگن. بـەڵام گـرینگتر لـە هـەموو ئەوانـە ئەوەیـە کـە خۆکـوژی چ کاریگەرییەك لەسەر پاکژی رەوانینـی کۆمـەڵگادا دەنـێ و بـەرز بوونـەوەی ئەژمارو ئاماری خۆکوژی چ جۆرە خەسارێکی لێ دەکەوێتـەوەو وڵامـی ئـەو پرسیارانەشـــە کـــە نیگـــەرانیی زۆر بـــۆ کۆمەڵناســـان و توێـــژەرە کۆمەڵایەتییـــەکان و کۆمـــەڵانی خـــەڵك دروســـت کـــردوە. خۆکـــوژی وەك دیاردەیـەك کـە خـۆی دەرەنجـامی زۆر کێـشەو گرفتـی کۆمەڵایـەتی و دەروونیـیـە، بۆخۆشـی هۆکـارو بەسـتێن سـازی زۆر قـەیران و کێـشەی دیکەشە. خۆکوژی لە نێو هەر خێزان و بنەماڵەو کۆمەڵگایەك دا رووی بدا، ئاسەوارو کاریگەریی نگەتیف و نالەبار لەسەر رەوتی خێزانـی و کۆمـەڵگادا دادەنـێ و ئەمنییـەتی رەوانیـی خێـزان و کۆمـەڵگا لەگـەڵ مەترسـیی زۆر جیددی بەرەوڕوو دەکا. هەر ئـەوەش وا دەخـوازێ کـە خۆکـوژی لـە رووی دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و یاساییەوە تاوتوێ بکـەی و هۆکـار، یـان هۆکارەکـانی بەسـتێن سـازی ئـەم رووداوانـە بناسـرێن تـا رێگەچـارەی بەرەوڕوو بوونەوەشی بۆ بدۆزرێتەوە.

بـەڵام بەرپرسـانی حکوومـەتی و بەڕێوەبـەرانی رێـژیم ئێـستاش هـەر سیاسەتی شاردنەوەو نکۆڵی لێکردن لە بوونی ئـەو دیاردەیـەیان هـەر وەك دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە گرتۆتە بەر. ئاساییە کە هەنگاوی یەکـەم و سەرەکیی بەرەوڕوو بوونەوە لەگـەڵ هـەر دیاردەیـەك سـەلماندن و بینینـی وەك خۆی دیاردەکەیەو پاشان هەنگاوەکانی دیکـەی چارەسـەری یـەك لـە دوای یەك دێنە ئاراوە.

بـەپێی زانیارییـەکانی بـەر دەسـت پاڵنـەرو ئـەنگیزەکانی خۆکـوژی لـە کوردستاندا لە گـرووپ گـەلی نامووسـی، کێـشەی خێزانـی، بـێ هیـوایی لـە دەرەنجـامی هـــەژاری و بـــێ ئـــەنوایی، رووخـــان و رمـــان لـــە پرۆســـەی خۆشەویستی، ئاشکرا بوونی نهێنییەکان و ئیعتیاد بە مادە هۆشبەرەکاندا پۆلین کراون. ئەژماری ئەو ژنانەی هانا بـۆ خۆکـوژی دەبـەن دوو بەرامبـەر ئەو پیاوانەیە کە وەها هەڵوێستێکیان گرتوە، بەڵام پرۆسـەی خۆکـوژی لـە پیاوانــدا ســـەرکەوتووترەو ٧٤ لـــە ســـەدی ژنـــانی خۆکـــوژ شـــێوازی خۆسووتاندنیان بۆ ئەو کارە هەڵ بژاردوە.

پێکهاتەی سوننەتیی کۆمـەڵگای کـوردی کـە لەسـەر بنـەمای کلتـووری پیاوسالاری بیچمی گرتووەو لە وەها کەش و هەوایەك دا کە ژنـان کـەمترین ئـیرادەو بڕیاریـان لەسـەر دیـاریکردنی چارەنووسـی خۆیـان بـە دەسـتەو قوربانیـانی سـەرەکیی تونـدو تیـژی لـە بنەماڵـە دان و هـەر بـە هـۆی ئـەم پێکهاتەیەوە کەمترین دەرفەتیان بۆ خۆپێگەیاندن و تێگەیـشتن لـە پرسـی خۆیـان و دۆزینـەوەی رێگاچـارەو بـەرەنگاری پـێ دراوە، هـەموو ئەوانـە بەستێنی لـەباری بـۆ چـوونە سـەرێی ئـەژماری ئـەو کەسانەن کـە دەنگـی مافخوازیی خۆیان لە گەرووی برژاوو جەستەی خەڵووزیانەوە دەردەبڕن.

**رێگەچارەی کردەیی بۆ بەرەوڕوو بوونەوەی ئەو قەیرانە چییە؟**

یەکەم هەنگاو دانپێدانان بە هەبوونی ئەو قەیرانە و پاشان پلانرێژی بـۆ دامەزرانـدنی ناوەنـدەکانی راوێـژکاری خێزانـی، ناوەنـدەکانی وەخـۆ گـرو بەهاتاوە چوونی ئەو کەسانەی ئـەو مەترسییەیان لەسـەر دەکـرێ، بردنـە سـەرێی ئاسـتی پـەروەردەیی و کلتـووریی کۆمـەڵگا لـە رێگـای رێکخـراوو دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، دانانی ناوەندەکانی راوێژکاریی تایبـەت بە بەر لە هاوسەرگیری، بایەخدان بە رۆڵ و کاریگەریی ژنان لـە پرسـەکانی کۆمەڵگا و بردنە سەرێی شوێن و پێگەی کەسێتیی ژنان، دیاریکردنی سزای توند بۆ ئەو پیاوانـەی توندوتیـژی بەرامبـەر بـە ژنـان دەنـوێنن و هـەمووی ئەوانەی دەتوانن هۆکارگەلی بەرگێڕەوەو کۆسپی بەردەم پەرەسەندنی ئـەو دیارەیە بن.

* ئـــەو جـــۆرە خۆکوژییـــە خۆویـــستانەی گرووپـــە تونـــدرەوە تیرۆریستییەکان بە مەبەستی ئامانجە سیاسییەکان رەچاوی دەگـرن، لـە چوارچێوەی بابەتیی ئەم وتارەدا ناگونجێن.

## ڕووداوی فەرهەنگی

# کلۆود بێری، دەرهێنەری فەرەنسی کۆچی دوایی کرد



سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە، کلۆود بێری، دەرهێنەر، ئەکتەر و فیلمنامەنووسی ناوداری فەرەنسی‌و خولقێنەری بەرهەمگەلێکی گەورەی وەك "ژان دو فلۆرت" و "مانۆنی چاو"، لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا بە هۆی جەڵتەی مێشك کۆچی دوایی کرد.

کلۆود بێری نزیك بە ٥٠ ساڵ لە بواری سینەمادا کاری کرد. ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٣وە تاکوو ئێستا لە ٢٧ فیلمدا ڕۆڵی گێڕاوە، دەرهێنەری ٢٣ فیلم بووەو ٣٨ فیلمیشی ئامادە کردوە.

ئەو لە ساڵی ١٩٣٤دا لە پاریس لەدایك بوو. سەرەتا وەکوو ئەکتەرێکی شانۆ دەستی بە کار کردو لەگەڵ دەرهێنەرگەلێکی ناوداری فەرەنسا، لە چەشنی ژان پیرۆ و ژاك ڕۆیسۆ کاری کرد. بێری توانی خەڵاتی "لەدایکبوونی ئەستێرەیەك" لەم بوارەدا وەربگرێت. ئەو توانی ساڵی ١٩٦٣ یەکەمین کورتەفیلمی خۆی بە ناوی "جوجەڵە" دروست بکات، کە سەرکەوتنێکی گەورەی وەدەست هێنا. شایانی باسە کە نیکۆلا سارکوزی، سەرکۆماری فەرەنسا لە پەیامێکدا بە بۆنەی کۆچی دوایی کلۆود بێری نووسی:"کەسایەتیی ئەفسانەیی سینەمای فەرەنسا ماڵئاوایی لێ کردین. ئەو باڵۆێزی هونەری هەوتەم بوو لە جیهاندا."

# بەربژێرەکانی ساڵی یەکیەتیی فیلمسازانی هالیوود دەسنیشان کران

DIRECTORS GUILD OF AMERICA
DGA

ڕۆژی پێنج شەممە، یەکیەتیی فیلمسازانی هالیوود ناوی فیلمە بەربژێرەکانی خەڵاتەکانی شەستو یەکەمین خولی خۆی ڕاگەیاند، کە بریتین لە فیلمەکانی: ڕووداوی سەرسوڕهێنەری بنجامین باتن، فراست - نیکسۆن، میلك، میلیۆنەری زاغەنشین‌و شوالیەی تاریکی.

# بوختان

ڕەسوڵ سوڵتانی



کاکە گیان. سوێندێك نا هەزار سوێندو تەڵاقت بۆ دەخۆم شتی وا هەر بەزمانیشمدا نەهاتووە و ڕۆحیشم ئاگای لێ نیە. کاکە گیان، ئەوەی کە دەڵێن جەنابت ڕۆژ هەتا ئێواریٚ بیر لەوە دەکەیتەوە کە چۆناوچۆن کڵاو لە سەر دەروبەرییەکانت بنێی و لە چ ڕێگەیەکەوە تۆڵەی ئەو قسەیە لە فڵانە کەس بکەیتەوە کە ئەوێ ساڵە وتبووی خلەی حەمەدەمین کەچەڵی هەنتەشاوا نازانێ ناوی خۆشی بنووسێ و زۆری لەو قسە بێبنەمایانەی کە بە زمانی منەوە کراون، نەك قسەی من نین هەر ئاگاشم لێیان نیە. ئەمن حازرم کاکە حازرم بەرەوڕووم کەوە لەگەڵ ئەو کەسەی بە زمانی منەوە وتوویەتی کە گۆیا من وتوومە خلەی حەدەمینە کەچەڵمان لە خۆڕا کردە کەیخودای ئاوەدانی و لە ئاژاوە زیاتر هیچی لە بن سەریدا نیە. با بێ بزانم ئەمن کەی و لە کوێ وتوومە خلەی حەمەدەمینە کەچەڵ (واتە جەنابت) لەوەتەی بووەتە کوێخا هەر لایەنگری لەو پیاو و ژنە خراپکارانە کردوە کە خەڵکی بەشەرەف لێیان بێزارن، ئەویش چونکی خۆی...... وەڵڵاهی کاکە ئەمن نەك شتی وام بە زماندا نەهاتوە و نایە ئەوە ئێستا لە خۆتی دەبیستم و باوەڕت بێ ئەو شوێنەی تۆی لێی، جەنابت لەوێ بی و هەر کەسی دیکەی لێ بێ ئەمن پێی نابمە پاشاو لەم دوو کیلۆ پیوازە زیاترم پێنادرێ، بۆیەش خۆمی لە سەر پیاوخراپ ناکەم. گوێم لێتە. فەرموو. فەرموو...... وەڵڵا ئەوەیان لەوەی دیکە قەباحەترە. کاکە گیان، بە چی باوەڕت هەیە؟ ئاخر وا نابێ یا بەرەوڕووم کەوە یا سوێندم دە یا بەڵگەم بخە بەر دەست. ئاوا نابێ لە خۆڕایی و بە بێ هیچ بەڵگەیەك تاوانبارم مەکەن. دەبێ ئەو کەسە بێننە حوزوور و ئەگەر درۆم کرد دوو تفم لە نێو چاوانی بکەن. با بزانم ئەمن لە کوێ وتوومە قالە ڕەشی سەعاتساز بە حەیاتی نەیزانیوە سەعات دەبێ لە کامە مەچەکی دەست بکرێ و ئێستاشی لەگەڵ بێ سەعات سەرو بن رادەگرێ و شەش و دوازدەی لێك ناکاتەوە کەچی کوێخا خلەی حەمەدەمینە کەچەڵ دووکانێکی گەورەی لە بەر دەست ناوەو کردوویەتیە بەرپرسی سەدان پسپۆڕی سەعاتسازو ڕقی لە هەر هەموشیانەو یا ئەوەتا بە زمانی منەوە باسی بلە تەماتەی قارەمانیان کردوە کە گۆیا من وتوومە هەر ڕۆژەی دوانیان وەدەر دەنێ و دەڵێ من بەرپرسم. برایم تەماتەی قارەمان هەموو ڕۆژێ بۆ ئەوەی بزانێ چوار پەنجا دیناری دەکاتە چەند سێ چوار سەعات لە کاتی ئیدارییەکەی دەبێ بگەڕێ و کەسێکی وا بدۆزێتەوە کە جێگەی متمانەو باوەڕ پێکراوی خۆی بێ و ئەو مەتەڵە قورسەی لێ بپرسێ و دیسان کە گەڕایە دیوەکەی و ویستی ئەو چوار پەنجا دینارییە بە سەر دووکەسدا دابەش بکا، سەرلەنوێ سەری لێ دەشێوێ و نازانێ نیوەی ئەو دراوە دەبێتە چەند و یەکی چەندیان پێ دەبڕێ. با ئەو کەسەی ئەو قسەیەی بە زمانی منەوە کردوە بێتە بەرەوڕووم و دوو تفم لە ڕوو بکا بزانم ئەمن کەی ئەو قسەیەم کردووەو گۆیا وتووشمە بە خاڵە خلە بڵێن ماشێن حسێبێکی (ژمێرەر)ی بۆ بکڕێ و بۆ ماوەی چوار ساڵان بینێرێتە خولێکی حسێب و لێکدانەوەو کەم کردنەوە، ئینجا بیکاتە بەرپرسی بەشی دارایی ئاوەدانی. بابە وەڵڵاهی ئەمن هەر ئیشم بە سەر ئەو شتەوە نیە. ئاخر بە من چی بەرپرسی دارایی دەبێ جۆرابێن و کاروباری دارایی لێك بکاتەوە. بابە بە سەرت ئەوەی دەڵێن ئەمن وتوومە بلە تەماتە ئێستاش باوەڕی بە شەقاوی خۆی زیاترە لە (میتری و سەنتی میتر ) بوختانە و بە زمانی منەوە کراوە. ئەمن هەتا ئێستا تاقە جارێکم ئیشم بە وەستا برایم بووە. کە چوومە دیوەکەی خودا هەڵ ناگرێ لە بەرم هەستا، بەڵام لاقی لە کورسییەکەی ئاڵقاو ئاوەژوو بۆوە و سەری چووە بن مێزەکەو ئەو چایەی کە چاپەزەکە تازە بۆی دانابوو قڵپ بۆوە و تەواوی چووە باخەڵیەوە. هەر بۆیە کە هەڵم ستاندەوە لە بری ئەوەی گوێ بداتە قسەم دەهری بوو و وتی: ئەمن فەرماندەم. کەس بۆی نیە لە قسەم دەر چێ؟ لێرە قسە قسەی منە؟ هەر چەندی ویستم وەبیری بێنمەوە ئێرە دیوی کارکردنەو کات کاتی ئیدارییەو مەیدانی شەڕ نیە بە گوێیدا نەچوو. چاوەکانی لە گیلڵا هاتبوون و قامکی دۆشاومژەی لە نزیك چاوی چەپەم ڕاگرتبوو، کە منی هەڵ دەخراندو دەی گوڕاند. بە سەرت هەر ئەو جارە چوومە لای و هەتا ئێستا دوو جار ئێوە نامەشتان داومەتێ نەموێراوە بچمەوە لای و نامەکانم داوەتە چاپەزەکەی و دوێنێ پاش سێ مانگ کە سەرو سۆراغم گرتنەوە، چاپەزەکەی وتی وەڵڵاهی دەڵێ دەستوخەتەکە زۆر قۆڕەو بە کەس ناخوێندرێتەوە و هێندێ وشەو ئیستیلاحیی تێدایە کە پێویستییان بە فەرهەنگی لۆغەتەو جارێ کاتم نیە لە ماناکانیان بگەڕێم پەلە مەکە ئاخری شتێکی دەکەین.

بەڵێ. بە سەری تۆ و بە سەری بابیشم ئەوە تازە لای تۆ باسی ئەو شتە دەکەم. نا نا...کاکە لێم گەڕێ ناچم بۆ جوابی نامە. ئەگەر توانیت تەلەفۆنێکی بۆ بکە، هاوکاری خۆتەو تۆ بە خێر بەرپرسی ئەوی. چی؟ چی کاکە؟ تەلەفۆنی نیە؟

کاکە تەلەفۆنی هەیە بەڵام زۆری باوەڕ بە شتی ئەمڕۆیی نیە. بۆیە ئێستا بە ئاشکرایی تەلەفۆن هەڵ ناگرێ. دەڵێن یەکەم جار لەگەڵ دەمانچەکەی ئەویشی لە قایشی شەلوارەکەی دابوو. کە زەنگ دەخوا لە بری موبایلەکە دەمانچە تۆپدارەکەی دەردێنی و لە پەنا گوێچکەی خۆی لای وایە ok دەکا قامك بە ماشەیدا دێنێ و لە پەیتا دوو فیشەك بە حەواوە دەنێ. تومەز ئەو ڕۆژە لەگەڵ بەڕێزان ........ لە سەردانێکی ڕەسمی گەڕاوەتەوەو ئیتر وا تەریق دەبێتەوە کە بڕیار دەدا بە ئاشکرایی مۆبایل هەڵ نەگرێ. چونکی پەردەی گوێچکەشی دڕاوە و بڕێك گوێ گران بووە: کاکە ئاوا نابێ ئەو هەمووە قسەیەی بە زمانی منەوە کراون و یەکێکیان بەڵگەیان لە پشت نیە، لێرە لە دادگایەکی دووکەسیدا وەڵام نادرێتەوە. ئەمن سوێند دەخۆم هەمووان بوختانن و بە زمانمدا نەهاتوون. چونکی بڕیارم داوە کارم بەوە نەبێ و هەر باسیشی نەکەم کە ئێمە تەنیا بۆ ئەوەی خەڵك پێمان نەڵێن دژی جوولەکە و هەرمەنییانن، لە نێو خۆماندا دوو کەسی جوولەکە و سێ هەرمەنیمان سەرەڕای نەخوێندەواری و کەڕو نقوستان بوونیشیان کردنە بەڕێوەبەری بەشی کاروباری ئایینی و لێکدانەوەو کۆکردنەوەی کتێبە شەرعییەکان و لە بیر خۆمان بردەوە کە ئەوانە هەر ڕۆژەی لە سەر دین و ئایینێکن. ئەو شتانە هیچ پێوەندییان بە منەوە نیە و باسم نەکردوون و باسیان ناکەم. چ کارم بەوە داوە کە حەمە بۆری ئامۆزام لە ترسی ژنەکەی ناوێرێ هامووشۆی ماڵی براکانی بکا .ئەوەتا تەواوی خەڵکی ئاوەدانی لێی دەپاڕێنەوە بۆ ماوەی دوو ساڵان بێتە باخەوان کەچی دەڵێ: کاکە باخەوانیم پێ خۆشە. دەشزانم قازانجی زۆرە. نە لە مار دەترسم و نە لە ڕێوی و چەقەڵ و شتی وا. هەر لێم گەڕێن. ناڵێم لێی نازانم سوپاسی هەمووتان دەکەم کاکە دەڵێم بۆم نالوێ و ناشتوانم بۆتان لە بنی کوولەکەی بدەم .......... ئەی هاوار.............

دیسان بە زمانی منەوە گوتوویانە کە گۆیا من وتوومە حەمە قاوەچی لە خۆڕایی کراوەتە چاوەدێری کاروبارەکانی ئەوبەری جۆگەو ئەو ئاگای لە هیچ شتێك نیە. ئەم بوختانەش وەدرۆ دەخەمەوە وەڵڵاهی ئەو کابرایە ئەوەندە وریاو زیرەکە هیچ ڕازو نهێنییەکی لە بەر چاو ون نابێ. جیا لەوەی کە دەزانێ لەم ئاوەدانییەدا چەند ژن دووگیانن و چەندەیان نایانەوێ جاری مندالیان بێ و چەندەیان نەزۆکن و چەندیان لە زگ وەستاون و چەندەیان بە مێردەکانیان ناقایلن .... جگە لەو شتە گرینگانەی باسیان کرا هەزاران شتی دیکە دەزانێ کە کابرا بەس خۆی و خودای خۆی دەیزانێ و ئەوەش کە خلە قاوەچی بەو نهێنییانە دەزانێ جیا لەوەی کە ئەرکی پێ ئەسپێردراوی خۆیەتی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هونەری ئەم پیاوە مەزنە. ئاخر کێ لەم کابرایە پڕکارترە وەڵڵاهی لە مەجلیسان کە خەڵك دانیشتوون و بە خەیاڵی ئاسوودە سەیری هەڵپەڕکێ یا شانۆیەك دەکەن ئەو بۆ ساتێکیش چیە ناحەسێتەوە ئەو بەردەوام چاو دەگێڕێ کە نەکا... . لە کاری ڕۆژانەشی وەڵڵاهی کەس ناتوانێ حاشا لەوە بکا کە چەندە سەرقاڵە. ئیدی بۆ ئەوەتان لێ کردۆتە شورەیی کە ڕۆژێ بە لانیکەمەوە٢ هەتا ٢٥ جار سەماوەری دیوەکەی هەڵ دەچۆڕێ. دەی کابرا ماندوو دەبێ و چا دەخواتەوە. بە خوڵای برا کەیفی خۆتانە ئەم بوختانانە بە زمانی منەوە مەکەن.

پێم خۆشە لەوە دڵنیا بی کە ئەمن نەك لە هیچ کوێ و لای هیچ کەس خراپەی ئەوم نەگوتووە بەڵکوو لە زۆر جێگەش باسی لایەنە باشەکانیم کردوەو زۆر جارانیش زیرەکیی ئەوم بە نموونە هێناوەتەوەو گوتوومە ئەوەندە وریایە ئەگەر کلۆ قەندێك و کلۆیەك خوێی لە بەردەم دانێی ئەگەرچی هەرکیان وەك یەك سپین، بەڵام ئەو بە بێ ئەوەی چێشکەیان بکا دەزانێ کامیان خوێیەو کامیان قەندە. دەی وەڵڵاهی سەدان جار گوتوومە ئەو هاوڕێیەمان مێشکێکی ئەوەندە شەقڵ نەشکاوی هەیە بەو تەمەنەوە هێشتا ناوی دایکی خۆی لە بیر نەچۆتەوەو تەنانەت لە بیری ماوە لە چ گوندێکیش لە دایك بووە.

هەروەها ئەگەر باسی زیرەکییەکانی بکەیت قەت تەواو نابێ ئەو نەك هەر لە هاوڕێکانی کەمتر نیە بەڵکوو لەوەدا کە باش دەزانێ ئەوانەی بەڵێ و ماشەڵڵای بۆ دەڵێن باشترین دۆستی ئەون و لەوان زیرەکتریشە. هەر بۆیەش زۆر بە خێرایی جیا لەوانە کەسی بە دەوری خۆیەوە نەهێشتووەو دەستیشی خۆش بێ ئاخر چۆن دەبێ کابرایەکی ئاوا مەزن و گەورە کەسانێك لە دەوروبەری خۆی ڕابگرێ کە لە خۆڕا پێیان وایە لەو زاناترن. پیاوی گەورە بە وردبینییەوە دۆستەکانی خۆی هەڵ دەبژێرێ. کاکە گیان....ئەوانەی باسمان کردن ئێوەش وەك من لێیان ئاگادارن لە منیش زیاتر چونکی بۆ خۆتان دەستتان لە قاپێك دایە. هەر بۆ خۆشتان بڵاویان دەکەنەوەو بە ناحەق بە زمانی منیانەوە هەڵ دەبەستن. وەڵڵاهی بوختانن بوختان ....

## گۆڤار و هۆز

### کورتەیەك لە سەر ژان ماری گۆستاو لۆکلزیۆ

و. ئەدەب‌و هونەر

لۆکلزیۆ ڕۆژی سێزدەی ئەڤریلی ساڵی ١٩٤٠، لە دوورگەی نیسی فەرەنسا چاوی بە دنیا هەڵێنا. دایکی فەرەنسی‌و باوکی بریتانی بووو لە نیجریا سەرقاڵی کاری پزیشکی بوو. لۆکلزیۆ دەمی منداڵیی خۆی لەگەڵ دایك‌و برایەکی گەورەتریدا لە لای باپیری بردە سەر. چەند ساڵ دواتر لەگەڵ دایکیدا چوو بۆ نیجریا. هەر لەم سەفەرەدا یەکەمین هێماکانی هۆگریی ئەو بۆ کاری نووسەری دەرکەوتن. ساڵی ١٩٥٠ دووبارە گەڕایەوە دوورگەی نیس‌و خوێندنی قۆناخی سەرەتایی‌و دواناوەندی لەوێ تێپەڕ کرد. لۆکلزیۆ لەم ساڵانەدا زۆر هۆگری وێنەکێشان‌و ئەدەبیات بوو. ساڵی دواتر بۆ درێژەدانی خوێندن چووە بریتانیا. ئەو تێزی بەکالۆریۆسی خۆی لە سەر هانری میشۆ نووسی‌و تێزی دۆکتۆراکەی سەبارەت بە لوترە ئامۆن. لۆکلزیۆ لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا یەکەمین ڕۆمانی خۆی بە ناوی "موحاکمە" نووسی، کە سەرکەوتنی گەورەی وەدەست هێناو خەڵاتی "تیۆفراست رینۆدۆ"ی بردەوە. ساڵی ١٩٦٦ بۆ سەربازی چووە تایلەندو دوو ساڵ دواتر سەفەری کرد بۆ مەکزیك‌و ئەمریکا. لۆکلزیۆ لەوێدا توانی شارستانییەتەکانی دیکە بناسێ. ناسینی زمان‌و شارستانییەتی هێند ئەزموونێکی گرنگ بوو بۆی، کە لە دوای ئەوەی ژنی دووەمی هێنا (ژیمیا) دەستی کرد بە وەرگێڕانی ئەو دەقانەی پەیوەندییان بە کەلتووری گشتیی موریسەوە هەبوو بۆ سەر زمانی فەرەنسی. لۆکلزیۆ لە سەرەتای کاری نووسەریدا لە بریتانیا دەژیا، بۆیەشە دەیەویست بەم زمانە بنووسێ، بەڵام لە ئاکامدا یەکەمین بەرهەمی خۆی بە زمانی فەرەنسی نووسی. خۆی دەڵێ، زمانی فەرەنسی یارمەتی دەدا هەتا هەست بە نزیکایەتی‌و یەکانەکییەکی زیاتر لەگەڵ ئەو کەلتوورانەدا بکا کە کۆنترن. بەم حاڵەش، سەفەری زۆرو شێوەی ڕوانینەوەی بۆ کۆمەڵگە بوونە هۆی ئەوەی بە جۆرێك لە جۆرەکان لە فەرەنساش دوور کەوێتەوە. دەکرێ بوترێ شوناسێکی مەدیتەرانەیی هەیەو بێزاری لە دنیای پیشەسازی بۆتە هۆی کەمڕەنگ بوونەوەی ئەم شوناسەش. دەبێ بگوترێ نووسەرانی قۆناخی نێوان ساڵەکانی ١٩٦٥ هەتا ١٩٧٥ گرنگییەکی بەرچاویان بە دوو پرسی گشتی زمان‌و مادە دەدا. دەیانوت تەنیا ئایدیایەك هەیە کە بتوانرێ دەربڕدرێ، چونکە تێگەیشتنە هەستەکییەکان لەوانەیە بمانخڵەتێنن. وشەکان شەفافن‌و یارمەتیمان دەدەن لە کاروبارەکان تێبگەین. بەڵام لۆکلزیۆ لە سەرەتای دەیەی هەفتادا ئۆستوورەگەلێکی سوورپێستی ناسی‌و بە یارمەتیی ئەوان، وردە وردە، جێگەو پێگەی خۆی لە دنیای بووندا دۆزییەوە.

لە سەرەتادا، دەربڕینی زمانی دەسڕاگەیشتن بە واقعییەتی دنیای بەلاوە دەکرد، بەڵام دەربڕینی زمانی‌و فەلسەفەی خۆرئاوایی تەنیا پەیوەندییەکی لۆژیکی پێك دێنن. هەر بۆیە دەبنە ئاستەنگێك لە بەردەم ئەوەدا کە مرۆڤ لە دنیای ڕاستەقینەدا بتوێتەوە، کە هەموو شتێك لەو دنیایەدا تێك چڕژاوە. لۆکلزیۆ بە دەست هەڵگرتن لە زمان خۆی لەم کۆتە ڕزگار کردو پەیوەندییەکی ڕاستینەی لەگەڵ مادەدا پێك هێنا. بۆیەشە کاراکتەرە بەرجەستەکانی ڕۆمان‌و چیرۆکەکانی پتر لە بێدەنگیدا دەژین. یەکێك لە سەرەکیترین کاراکتەرەکانی ڕۆمانی بیابان زمانی مرۆڤ نازانێ. لۆکلزیۆ ناڵێ ئەم کاراکتەرە ناتوانێ قسە بکا، بەڵکو ئەم زمانە (زمانی مرۆڤ) نازانێ. ئەم کاراکتەرە کاراکتەرێکە کە پتر لە هەمووان لەگەڵ سروشت‌و مادەدا دەگونجێ‌و هێندێ جار تەنانەت خەسڵەتێکی مێتافیزیکی هەیە. گۆستاو لۆکلزیۆ، تاکوو ئێستا زیاتر لە ٣٠ کتێبی نووسیوە‌و بڵاو کردۆتەوە.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No502 19 Jan 2009

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆكراتی كوردستان، رۆژنامەی "كوردستان" و رادیۆ دەنگی كوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com : Hotbird: 8 - MHZ: 11604 -
Polarization: Vertical - S R: 27500 - FEC: ¾

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشكیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

# بیست و پێنجەمین خولی فیستیڤاڵی ساندنس دەستی پێ كرد



سەر لە ئێوارەی رۆژی پازدەی ژانویە (٢٦ی بەفرانبار) بیست و پێنجەمین خولی فیستیڤاڵی ساندنس بە وتەكانی رابێرت رێد فۆرد، ئەكتەر و فیلمسازی ناوداری هالیود و دامەزرێنەری ئەم فیستیڤاڵە لە هۆڵی وەرزشە زستانییەكانی پاركی شاری هەرێمی "یوتا" دەستی پێ كرد.

بە پێی هەواڵی هەواڵدریی ئاڵمان، رابێرت فۆرد لە وتارەكەی دا دوای بەخێرهاتن كردنی میوانەكان بە توندی هێرشی كردە سەر سەردەمی سەركۆماریی بووش. ئەم ئەستێرە ٧٢ ساڵەی هالیوود گوتی رۆژی سێ شەممە، بە كۆتای هاتنی سەردەمی حكوومەتی جورج بووش، "گوشار، دڵەراوكێ، ژان و ترس" لە گۆڕەپانی نیشتمانی دا نامێنن.

ئەم فیستیڤاڵە كە سەرەتا لە ژێر ناوی فیستیڤاڵی فیلمی یوتا ـ ئەمریكا لە ساڵی ١٩٧٨ دا دەستی پێ كرد و سەرۆكایەتیی رابێرت رێدفۆرد، كە بۆ خۆی لە یوتا دەژیا، ناوبانگێكی زۆرتری وەدەست هێنا و كەوتە بەر سەرنج لە فیستیڤاڵی ئەم ساڵدا نزیكەی ١٢٠ فیلم لە ٢١ وڵاتی جیهانەوە بەشدارن. لە نێو ئەوان دا ٨٧ فیلم بۆ یەكەم جار نیشان دەدرێن و ٤٢ فیلمساز یەكەمین فیلمی خۆیان دەخەنە روو. فیستیڤاڵی ساندنس پێكهاتووە لە چوار بەشی "بەڵگەنامەیی" و "چیرۆكی" ئەمریكایی و "بەڵگەنامەیی" و "چیرۆكی" نێونەتەوەیی. لە هەر بەشێك دا ١٦ فیلم نیشان دەدرێ كە ئەم ٦٤ فیلمە بەشەكانی كێبەركێیەكە پێك دێنن.

بەشەكانی دیكە بۆ بابەتە سیاسییە تەرخان كراوەكە لەو دا فیلم گەلێك لە وڵاتی ئیتالیا، دانمارك، فەرانسە و ئەمریكا وەبەر چاو دەكەوێ. ئەم خولەی فیستیڤاڵەكە بە نیشاندانی ئەنیمەیشێنی هەویریی "مێری و ماكس" بەرهەمی مادام ئەلیوتی ئوستراڵیایی، دەستی پێ كرد.

## كچە كوردێك كاندیدای ئەندامەتیی پارلمانی ئورووپایە



ئەوین چەتین كە تەمەنی ٢٤ ساڵەو ئەندامی پارتی سوسیال دێموكراتی سویسە خۆی بۆ ئەندامەتیی پارلمانی ئورووپا كاندیدا كردوە. ئاژانسی فورات نیوز لەم بارەیەوە بڵاوی كردۆتەوە كە ئەو كچە كوردە لە بەرنامەی دایە ئەگەر بۆ ئەندامەتیی ئەو پارلمانە هەڵبژێردرێ كار بۆ پرسی كوردو پرسی ژنی كورد دەكا. ئەگەر ئەوین چەتین بۆ ئەندامەتیی پارلمانی ئورووپا هەڵبژێردرێ دەبێتە دووەمین ژنە كوردی ئەندامی ئەو پارلمانە.

## تیمی ژیمناستیكی كچانی رۆژهەڵاتی كوردستان پلەی یەكەم وەدەست دێنێ





لە یاری ژیمناستیكی گشتیی یانەكانی شاری هەولێردا كچانی رۆژهەڵاتی كوردستان لە نێو ١٢ تیمی بەشداربوودا، پلەی یەكەمیان بۆ تیمەكەیان دەستەبەر كرد.

رۆژی دووشەممە( ٢٣ی بەفرانبار) ٧ تیمی كوڕان و ٥ تیمی كچان لە كێبەركێی گشتیی وەرزشی ژیمناستیك دا كەوتنە پێشبڕكێوەو لە ئاكام دا لە تیمی كوڕان دا تیمی بنگەی وەرزش و لاوانی هەولێرو لە تیمی كچان دا، تیمی لاوانی بەحرەكە پلەی یەكەمیان وەدەست هێنا.

شایانی باسە كە ئەندامانی تیمی بەحرەكەی كچان كە راهێنەر، بەدرەدین عومەر عەبدوڵڵا سەرپەرستیان دەكا و لە كچانی بنەماڵە پەنابەرەكانی رۆژهەڵاتی كوردستان پێك دێن.

## كتێب دزێك زیندانی كرا



بە پێی هەواڵی رۆژنامەی بریتانی گاردیەن، كتێبخانەی بریتانیا لە لەندەن داوای ٣٠٠ هەزار پۆند قەرەبووی لەو لێكۆڵەرە ئێرانییە كردوە كە بە تاوانی خرابكاری و دزینی كتێبەكانی ئەو كتێبخانەیە بە دوو ساڵ زیندان مەحكوم كراوە.

لە دادگادا دەركەوت كە حەكیم زادە لە ساڵی ١٩٩٨یش دا ٩٤ پارچە كتێب و كەلوپەلی كۆنی لە ئەنجومەنی سەڵتەنەتیی ئاسیا دزیوە، بەڵام دواتر٧٥ هەزار قەرەبووی بەو كتێبخانەیە داوە.

فەرهاد حەكیم زادە نووسەر، بەڕێوەبەری چاپەمەنی و سەرۆكی پێشووی بونیادی میراتی ئێران كە لە خانوویەكی سێ میلیۆن پۆندیی دا لە لەندەن دەژی، بە كەڵك وەرگرتن لە تیغی نەشتەرگەری لاپەرە گەلێك لە كتێبە مێژووییەكانی لێ كردۆتەوە كە بەشێك لەوان هی سەدەی شازدەیەمن.

بەشێك لەو بەرهەمانەی ئەو لێكۆڵەرە ئێرانییە دزیونی بریتین لە كتێبێكی سەدەی حەڤدەیەم لە نووسینی مێژوونووسی ئینگلیسی، سێر بێرت و، نەخشەیەكی ٥٠٠ ساڵەی هانس هولباین، نیگاركێشی دەرباری هێنریی هەشتەم كە بایی ٣٢ هەزار پۆندە



## بەر لەماڵاوایی

# لە پێشوازی ٢ی رێبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی كۆماری كوردستان دا

مستەفا مەعرووفی

رۆژی چوارشەممەی داهاتوو ٢ی رێبەندان، ساڵرۆژی رووداوێكی گرینگ و مێژوویییە كە لە باری گرینگی و نرخ و بایەخەوە لە مێژووی نەتەوەی كورددا بەرزترین جێگەی گرتووە. لەم رۆژەدا لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٩٤٦ی زایینی) یەكەم حكوومەتی كوردی بە شێوەی كۆماری لە لایەن پێشەوا قازی محەممەدی نەمرەوە لە شاری مەهاباد دامەزرا. لە رۆژگاری تاریك و تنووكی دواكەوتوویی و دیكتاتۆری ئەو سەردەمەدا كۆماری دێموكراتیكی كورد و دەسكەوتە بەنرخەكانی لە ناوچەدا دڕی بە شەوەزەنگی كۆنەپەرستی و سەرەرۆیی داو گەلێك دەسكەوتی زێڕینی بۆ كورد بە دیاری هێنا كە هەتا هەتایە نەتەوەی كورد دەبێ لێیان فێر بێ دەرسیان لێ وەرگرێ و شانازییان پێوە بكا.

كۆماری كوردستان هەر چەند بەداخەوە تەمەنی كورت بوو و لە رووی خوگرافیاییەوە بەشێك لە خاكی رۆژهەڵاتی گرتبۆوە بەڵام خەسڵەت و نێوەرۆكە پێشكەوتوو و دێموكراتیكەكانی ئیعتیبار و پرستیژی ئەم حكوومەتە ناوچەیی و كەم تەمەنەی لە بەرچاوی خەڵكی بەئینساف و بێ-لایەنی ناوچە و تەنانەت جیهان دا بردۆتە سەر. ئەمە لە بەرهەمی نووسەرانی بێگانەش دا رەنگی داوەتەوە و بە دەیان نووسەر و رۆژنامەنووسی بێگانە لە دوور و نزیك شاهیدی بۆ ئەم راستییە دەدەن و تەنانەت لە هێندێك لەو بەرهەمانەدا سەرسووڕمان لەو دەسكەوتە مەزنانە و لەو ئەمنییەت و ئازادییەی لە كۆماری كوردستان دا هەبوو، دەربڕاوە.

كۆماری كوردستان بە هەق شایانی ئەو سەرنج و گرنگی پێدانەیە. سەبارەت بەوەی ئەو حكوومەتە هەڵقوڵاوی ویست و ئیرادەی نەتەوەیەكی مافخواز و چەوساوە بوو، سەركۆمارەكەی كەسایەتییەكی هەرە خۆشەویستی كورد بوو و خەڵكی كوردستان بە دڵەوە خزمەتیان دەكرد و خۆشیان دەویست، بە تین و تەوژمێكی كەم وێنەوە گەشەی دەكرد و لەو ماوە كورتەدا ئەوەندەی دەسكەوتی گەورەی وەدەست هێنان كە زۆر نەتەوە لە ماوەیەكی دووررودرێژدا وەدەستیان نەهێناوە.

لەو دەرفەتە كەمەدا قوتابخانەی كوردی دامەزران و منداڵانی چاوگەشی كورد بە زمانی زگماكی دەیان خوێند كە تا ئەوكات لێیان قەدەغە كرابوو. چاپخانە هێنرایە كوردستان و چەندین گۆڤارو رۆژنامە بە زمانی كوردی چاپ و بڵاوبوونەوەو شۆڕشێكی فەرهەنگی لەو ناوچەیەی كوردستان دا وەڕێ كەوتبوو كە وەك نووسەرێكی بێگانە باسی دەكا "رێنساسێك" لەو ماوەیەدا رووی دا. لەو سەردەمەدا دوو رێكخراوی سینفی و مەدەنی واتە یەكیەتیی ژنان و یەكیەتیی لاوان دامەزران تا بتوانن ژنان و لاوان بێننە نێو كاروباری سیاسی و كۆمەڵایەتییەوە. سوپای میللی دامەزراو بارودۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵك لە چاو ئەوكات و لە چاو خەڵكی دەوروبەر بەرەو باشی چوو بازرگانی رمێنی پەیدا كردو زۆر دەسكەوتی دیكە، كە بەهەق لەو ماوە كورتەدا جێی سەرسوڕمانە.

جگە لەمانە ئەمنییەت و ئازادییەك كە لەو سەردەمدا هەبوو، نە لە مێژووی ئێران و ناوچەدا دیترابوو و نە تەنانەت ئێستاشی لەگەڵ بێ لە ئێراندا دیتراوە. بۆ سەلماندنی ئەم راستییە تەنیا ئەوەندە بەسە كە دوو نموونە باس بكەین: لە ماوەی تەمەنی ١١ مانگەی كۆماردا تاقە یەك كەس كوژراو تاقە یەك كەس بە هۆی تاوانی قەتڵەوە زیندانی كرا. زیندانیی سیاسی هەر نەبوو، دزی، رێگری و جەردەییش نەمابوو.

لە كۆماری كوردستاندا دەرگا بۆ ئازادیخوازانی پارچەكانی دیكەی كوردستان ئاوەڵا بوو و ئەوانەی روویان كردە رۆژهەڵاتی كوردستان نەك وەك پەنابەر، بەڵكوو وەك خانەخوێ سەیریان كراو تەنانەت لە كاروباری حكوومەتدا بەشدار كران و هەم كۆمار خزمەتی بەوان كردو هەم ئەوان خزمەتیان بە كۆمار كرد. نموونەی هەرە بەرچاویان بارزانییەكان بە سەرۆكایەتیی نەمر مەلا مستەفای بارزانی بوو. كۆماری كوردستان ببوو بە مەكۆی ئازادیخوازانی هەموو پارچەكانی دیكەی كوردستان.

كۆماری كوردستان و دەسكەوت و شانازییەكانی بە رادەیەك پڕ بایەخ و گرنگ بوون كە شوێنیان لە سەر رووداوەكانی دوای خۆیان هەبووەو ئێستاش هەیانە. ئەزموونی سەركەوتووی حكوومەتی كوردی ئیلهامدەری خەبات و شۆڕشی نەتەوەی كورد لە ماوەی ساڵانی رابردوودا هەبووەو ئێستاش خەباتگێڕانی كورد بۆ ئەو ئامانجانە خەبات دەكەن كە كۆماری كوردستان هەوڵی بۆ دەدان.

رۆژی چوارشەممەی داهاتوو ساڵرۆژی لەدایكبوونی ئەو قۆناغە پڕ لە شانازییەی كوردە كە هەموو ساڵێ رۆڵە بەوەفاو بە ئەمەگەكانی كورد لە سەرانسەری كوردستان و لە دەرەوەی وڵات بە پێی دەرفەت و ئیمكان بە پێكهێنانی باس و سمینارو جێژن و شایی بەرەو پیلی دەچن و رێزی لێ دەگرن، خاڵە بەهێزو لاوازەكانی هەڵ دەسەنگێنن، بۆ ئەوەی لە خەبات و تێكۆشانی داهاتوویان دا بەكاریان بێنن. بە خۆشییەوە لەم ساڵانەی دوایی‌دا یاد و بیرەوەریی كۆماری كوردستان بۆتە جێژنی هاوبەش و نەتەوەیی زۆربەی هەرە زۆری هێزو لایەنەكانی كورد لە سەرانسەری كوردستان. لەو رۆژەدا خەڵكی نیشتمانپەروەری ئازادیخوازی رۆژهەڵاتی كوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر بە بڵاوكردنەوەی دروشم و وێنەی پێشەوا قازی محەممەدی نەمر و رێبەرانی شەهیدی حیزبی پێشەوا قازی واتە حیزبی دێموكراتی كوردستان قاسملوو و شەرەفكەندی، بە سەردانی گڵكۆی شەهیدان، سەردانی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان بە پێی ئیمكان پێشكێش كردنی دیاری و شیرینی بە یەكتر، یادی ئەو رۆژە پیرۆزە زیندوو دەكەنەوە و بە پێشوازی ئەو رۆژە مێژووییەوە دەچن.